منداڵ لە تەمەنی سێزدەساڵیدا بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری فسیۆلۆجی و دەروونیدا دەڕوات و ڕژێنەکانی گەشەدەکەن و بارە تاوگیرییەکەشی قۆناخێکی نوێ دەبڕێت. واتە منداڵ لەم تەمەنەدا (پۆلی حەوتەم) پێویستی بە ژینگەیەکی لەبارترە، تا تواناکانی خۆی تێدا گەشە پێبدات و هەستەکانی خۆی تێدا تاقیبکاتەوە. کەواتە ئەم ژیانە نوێیەش بێ کێشە تێناپەڕێت و بۆ منداڵ پڕ دەبێت لە سەرکێشی و تاقیکردنەوەی نوێ بۆ هەستکردن بەخۆزانی. جا لەسەر مامۆستایە هەل بۆ منداڵەکان بڕەخسێنێت و ژینگەیەکی لەباریان بۆ بسازێنێت، تا توشی پەرچەکرداری نەخوازراو نەبنەوەو بتوانن تواناکانی خۆیان لە وانە یەک لەدوایەکەکانی پەروەردەی هونەردا تاقیبکەنەوە.

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
تایپکردن : شڤان سابیر عولا
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆک: شڤان سابیر عولا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەت

ڕێبەری مامۆستا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەت

## ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م. خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح

د. محەمەدئەمین عەلی عەبدوڵا

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٨ |
| پێشکار | ٩ |
| چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆگرامەدا دەکەیت؟ | ١٠ |
| گەشەی قوتابی لەم تەمەنەدا | ١٥ |
| گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (١١ بۆ ١٣) ساڵ | ١٨ |
| ڕێگە هاوچەرخەکان بۆ وانەگوتنەوەی پەروەردەی هونەر | ١٩ |
| یەکەم: شێوازی وانەبێژی | ١٩ |
| دووەم: شێوازی گفتوگۆ | ٢٣ |
| سێیەم: شێوازی گفتوگۆو مشتومڕ | ٢٦ |
| جۆرەکانی گفتوگۆ | ٢٩ |
| فێرکاری کردارەکی | ٣٤ |
| پرۆژە | ٣٨ |
| سازدانی گەشتی هونەری | ٤٢ |
| بایەخی گەشتی هونەری | ٤٣ |
| تاقیکردنەوە | ٤٧ |
| خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٥١ |
| تەوەری یەکەم: مێژووی هونەر | |
| وانەی یەکەم | |
| مێژووی هونەری ئەکەدییەکان | ٥٦ |
| وانەی دووەم | |
| مێژووی هونەری ئاشورییەکان | ٦٦ |
| وانەی سێیەم | |
| مێژووی هونەری میدییەکان | ٧٧ |
| وانەی چوارەم | |
| مێژووی هونەری ساسانییەکان | ٨٤ |
| تەوەری دووەم: دەربڕینخوازی | |

| | |
|---|---|
| دەربڕینخوازی | ٩٨ |
| وانەی یەکەم | |
| خەیاڵبازی لە دەربڕینخوازیدا | ١٠١ |
| وانەی دووەم | |
| هونەری هاوچەرخ | ١٠٨ |
| وانەی سێیەم | |
| بەهای شێوە ئەندازەییەکان لە هونەری هاوچەرخدا | ١١٤ |
| تەوەری سێیەم: ڕەنگکاری | |
| دروستکردنی شێوەو ڕووی جیاواز | ١٢٢ |
| تەوەری چوارەم: کاردەستی | |
| دروستکردنی شێوازی جیاواز | ١٣١ |
| وانەی یەکەم | |
| لکاندن- کۆلاج Collage | ١٣٢ |
| وانەی دووەم | |
| خوری، دەزوو، داوکاری | ١٤٠ |
| وانەی سێیەم | |
| دروستکردنی شێوەی جیاواز بە قوڕ | ١٤٥ |
| تەوەری پێنجەم: خۆشنووسی | |
| خەتی ڕوقعە | ١٥١ |
| تەوەری شەشەم: پڕۆژە | |
| پڕۆژەی بە کۆمەڵ | ١٦٠ |
| فەرهەنگۆک | ١٦٧ |
| سەرچاوەکان | ١٨٦ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز... لەم پرۆگرامەدا کۆمەڵێک بابەتی نوێ و تاقیکردنەوەی تازە بۆ قوتابییەکان خراوەتەڕوو، جا ئەوەی لەسەر بەڕێزتانە بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دانراون قوتابییەکانی پێ ئاراستە بکە. ئەم پرۆگرامە لە شەش تەوەر پێکهاتووە و تەوەرەکانیش لەگەڵ گەشەی تەمەنی قوتابییەکاندا پێکگیراوە. لە تەوەری یەکەمدا مێژووی هونەری چوار شارستانییەت بە چوار وانە خراوەتەڕوو، ئەرکی بەڕێزتانە ئەم مێژووە لە دیدێکی هونەرییەوە بخەنەڕوو. هەروەها لەتەوەری دووەمیشدا بابەتی دەربڕینخوازی، وەک هەڵبژاردەیەک بۆ گوزارشتکردنی قوتابییەکان دەرخراوە. لە تەوەری سێیەمیشدا دروستکردنی شێوەو ڕووی جیاواز بە ڕەنگکاری بە کۆمەڵێک ڕوونکردنەوەوە خراوەتەڕوو، پێویستە مامۆستا کەمێک لەجاران خۆی ماندووتر بکات و لێزانی و کارامەیی خۆی لەو بوارەدا پیشان بدات. لە تەوەری چوارەمیشدا هونەری کاردەستی لە سێ وانەی یەک لەدوای یەکی پڕ کار بۆ قوتابییەکان ئامادە کراوە، لەگەڵ کۆمەڵێک ڕێنمایی و شێوازی جێبەجێکردندا. بێگومان لە تەوەری پێنجەمیشدا هونەری خۆشنووسین دانراوەو وا بۆ ساڵی سێیەمیشە کار لەسەر خەتی ڕوقعە دەکرێت، هۆکارەکەشی باشگرتنی قەڵەم و ماجیکە لەلایەن قوتابییەکانەوەو ئاشنا کردنیانە بە کۆمەڵێک یاساو ڕێسای تایبەت بە خەتخۆشی. لە کۆتاییشدا تەوەری شەشەم دانراوە بۆ کاری پڕۆژەو شێوازی جێبەجێکردنەکەشی خراوەتەڕوو.

مامۆستای بەڕێز... لە پێشکاری ئەم پرۆگرامەدا کۆمەڵێک زانیاری نوێ خراوەتەڕوو، تا بەڕێزتان بتوانن، وەک مامۆستایەکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکەن و لەکاتی وانەگوتنەوەشدا بە کردارەکی لەناو پۆلدا ڕەنگی پێبدەنەوەو قوتابیانی پێ گۆش بکەن. لە هەمانکاتیشدا بەرچاوڕوونیتان پێدەدات لەبارەی هونەری گفتوگۆو شێوازی مامەڵەکردن لەوبارەیەوە، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانەدا دڵنیابە لەکۆڵ کۆمەڵێک ئاریشەی نەخوازراو دەبیتەوەو کۆنترۆڵی زانیاری و بابەتەکانیش بە یەکسانی دابەش دەبن لەنێوان خۆت و قوتابییەکانتدا، کە ئەوەش ئامانجی وانەکەیە.

**م. خەلیل عەلی**

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز... لەم تەمەنەی منداڵدا (پۆلی حەوتەم) شێوازێکی نوێ لە وانەگوتنەوەی وانەی هونەر دەگیرێتەبەر بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی منداڵەکان و گەشەکردنی ئاستی ئەقڵی و لەشەکییەوە. لەهەمانکاتیشدا قوتابییەکان ئاستی خەیاڵبازی و کارامەییان باش بووەو باشتر لەجاران دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن، لەگەڵ هەندێک لە ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن.

ئیدی بۆ ئەم پرۆسەیەی وانەگوتنەوەیەش مامۆستا پێویستی بە چەند ڕێنماییەک دەبێت، تا لەکاتی وانەگوتنەوەدا بەکاریان بهێنێت و بەرچاوڕوونی پێ بدات لەپێش جێبەجێکردن و لەکاتی جێبەجێکردندا، چونکە هەموو ئەو چالاکیانەی لەنێو ئەم پەڕتووکەدان پێویستیان بە ڕێنمایی هەیەو دواتریش مامۆستا ڕێنماییەکان بەپێی ئەو پلانەی بۆی داڕێژراوە جێبەجێیان دەکات.

کەواتە ئەرکی مامۆستا کەمێک قورسەو پێویستی بە خۆماندووکردن و خۆئامادەکردنی پێشوەختە هەیە، تا بەشێوەیەکی پرۆگرامسازی یەکەی وانەکە جێبەجێبکات و دواتر مەبەستی کار بگەیەنێتە قوتابییەکان.

شایانی باسە، قوتابییەکان لەم قۆناخەدا پێویستیان بە زمانێکی گفتوگۆی هاوچەرخ و پوخت و ئەکادیمی و ڕێک و ڕەوان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مامۆستا ڕێز لە هەستی قوتابییەکان بگرێت و بیروبۆچوونەکانیان فەرامۆش نەکات، چونکە لەم تەمەنەدا قوتابییەکان هەست بەخۆزانی دەکەن و خۆیان پێ شتە. ئیدی لێرەوە کاری مامۆستا دەست پێدەکات و پێویست دەکات نەخشەڕێگەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابییەکان دابڕێژێت، هەرچەندە لەنێو پرۆگرامەکەدا ئەو ڕێگەو شێوازە پێویستانەی وانەگوتنەوە دانراون و ڕێنمایی مامۆستا دەکەن بۆ چۆنییەتی گوتنەوەی وانەکەی، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بیرو باوەڕی مامۆستایە لە جێبەجێکردندا، جا لەبەر ئەوە پێویست دەکات مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر بەر لەهەر شتێک بڕوای بە وانەکەو چالاکییەکان هەبێت و ئارەزووی وانەگوتنەوەو جێبەجێکردنی چالاکییەکان بێت، دەنا پرۆسەکە هەرلە بنەڕەتەوە شکست دەهێنێت و وانەکە دەکەوێت، بەڵام ئەگەر مامۆستا بە خۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ وانەکەدا بکات، ئەوا بێگومان ئارەزووی منداڵەکانیش بەرز دەکاتەوەو دەیانخاتە قۆناخێکی ئیستاتیکی بەرزەوە.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆگرامەدا دەکەیت؟

بەپێی ئەو زانیاریانەی قوتابییەکە لە ساڵانی ڕابردوو لەو بوارەدا بەدەستی هێناوەو مامۆستاش زانیاری زۆرتری کۆکردۆتەوە، ئەوا بێگومان باشتر لێک تێدەگەن و دەتوانن چاکتر بەسەر کۆسپ و ئاستەنگەکاندا زاڵبن، جا لەم سۆنگەیەوە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەت کۆمەڵێک گۆڕانکاری تێدا کراوە، تا لەگەڵ ئاستی گەشەی تەمەنی ئەقڵی و لەشەکی منداڵەکاندا بێتەوە.

بۆ نموونە، ئەگەر سەرنج بدەینە پرۆگرامی باخچەی منداڵان و دواتر پۆلی یەک، تا دەگاتە پۆلی سێ، ئەوا بەڕوونی ئەو زنجیرە وانانە دەبینین، کە لەشێوەی چالاکی یەکتر تەواوکەر دانراون و ساڵ بە ساڵ ئاستی چالاکییەکان وردترو پوختە ترو چڕتر دەبنەوە، تا بگونجێن لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابییەکاندا، چونکە مەبەستی ئەم پرۆگرامانە فێرکردنی قوتابی نییە بۆ کاری هونەری، بەڵکو پێویستە کارە هونەرییەکە، وەک هۆکارێک بۆ پەروەردەکردنی جوانناسی و ئنجا پەروەردەکردنی قوتابییەکان بەکاربهێنرێت.

هەروەها دەبێت مامۆستا ئەوە بزانێت، ئەگەر قوتابی بیەوێت فێری نیگارکێشان، یان پەیکەرسازی، یان گڵێنەکاری... بێت ئەوا شوێنی ئەو پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، یان ئەکادیمییەی هونەرەجوانەکانە، ئیدی بۆ ئەوەش زۆری ماوە. جا لێرەدا ئەرکی مامۆستا



دۆزینەوەی ئەو ئارەزووەیە لەنێو قوتابییەکانداو هانیان بدات، تا ئاستی جوانناسییان بەرز بکاتەوە، چونکە گومانی تێدانییە هەر ئەو منداڵەیە دەبێتە پزیشک، ئەندازیار، فەرمانبەر، مامۆستا... جا ئەگەر ئەم تاکە ئاستی جوانناسی بەرزبێت و بەو قۆناخانەدا بڕوات، کە ئەم پرۆگرامە دەیخوازێت، ئەوا بزانە چی ڕوودەدات؟ تاکێکی تەندروست، کە ڕێز لە هەموو کارێکی جوان دەگرێت و بە بێ بەها تەماشای دەوروبەری ناکات و هەموو شتە

جوانەکان بەرز دەنرخێنێت، کە ئەوەش مەبەست و ئامانجی پەروەردەی هونەرە لە ناوەندەکانی خوێندندا.

بێگومان، پێگەیاندن و پەروەردەکردنی قوتابی بەم ڕێبازە کۆمەڵێک لێکەوتەی چاوەڕوانکراوی لە ئایندەدا دەبێت. بۆ نموونە ئەندازیار باشتر لە ئەرکەکەیدا دڵسۆزی دەنوێنێت و نەخشەسازی جوان و پوخت و خاوێن بۆ کارەکان دەکات و لە گۆشەنیگایەکی هونەرییەوە، ئنجا جوانسازییەوە لە پڕۆژەکانی دەڕوانێت. جا ئەوە بۆ پزیشکێکیش هەروایەو زیاتر لایەنە مرۆڤدۆستییەکە لەبەرچاودەگرێت و فەرمانبەرێکیش دڵسۆزی بۆکارەکەی، ئنجا بۆ وڵاتەکەی بەهەند وەردەگرێت...



جا لەبەر ئەوە ئەم پرۆگرامانەی پەروەردەی هونەر کۆمەڵێک تەوەری جیاواز لەخۆدەگرن و لەکۆتاییشدا هەموویان دەچنەوە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامەش پێویستە مامۆستا ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر:

**یەکەم:**

خوێندنەوەی پێشکاری ئەم ڕێبەرە، بەمەبەستی زانین و ئاشنابوون بە دیدو تێڕوانینی فەلسەفەی ئامادەکار. هەروەها تێگەیشتن لە ئامانجەگشتییەکانی پەروەردەی هونەر لە هەر پۆلێکدا، ئامانجە

تایبەتییەکانیش لە هەر وانەیەک و تەوەرێکدا، ئنجا لێکبەستن و پێکگرتن و بەردەوامی لەکاتی جێبەجێکردندا بگرێتەبەر. دواتر تایبەتمەندی و بابەتە دەربڕینخوازییەکانی قوتابییەکان شی بکاتەوەو لە واتاکانیان تێبگات.

لەهەمانکاتیشدا ڕەچاوی ئاسایش و پارێزبەندی قوتابییەکان بکات لەکاتی جێبەجێکردنداو ئەرکی سەرشانی، وەک مامۆستایەک، ئنجا وەک چاودێرێک لەبەرچاوبگرێت و خۆیشی پابەندی ئەم ڕێنماییانە بێت. هەروەها پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەش کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ وەرزی خوێندن دابین بکات.

## دووەم:

پێویستە مامۆستای وانەکە ئەم پڕۆگرامە لە یەکەم لاپەڕەوە، تا کۆتا لاپەڕە بخوێنێتەوە، بەمەبەستی هەرسکردنی بابەتەکان و تێگەیشتن لە شێوازی جێبەجێکردن و داخوازی ئامادەکار.



لەگەڵ ئەوەشدا بە پەراوێزو فەرهەنگی پڕۆگرامەکەدا بچێتەوە، تا بە دەستەواژەو وشە تازەکان ئاشنابێت و زانیاری نوێ بخاتە سەر خەرمانەی زانیارییەکانی. هەروەها خۆیشی هەندێک زانیاری نوێ بخاتە سەر بابەتەکان و شێوازو تەکنیکی نوێ بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردن.

## سێیەم:

کەرەستەو شمەک و هۆکارەکانی ڕوونکاری بۆسەرخستنی وانەکە بەکاربهێنێت و شوێنی گونجاو بۆ کاتی جێبەجێبەجێکردن هەڵبژێرێت. مامۆستا دەتوانێت ڕێنمایی لە مامۆستایانی تر وەربگرێت بۆ سەرخستنی کارەکانی، ئەوەش بۆ پاراستنی ئەو کەرەستە هونەرییە بەرهەمهاتوانەیە، تا لە تێکچوون و فەوتان بیان پارێزێت (دابینکردنی شوێنی هەڵگرتن و پاراستن، وەک دۆڵاب، ڕەفتە، مێز...).

## چوارەم:

هەنگاو بەهەنگاو پلانی وانەکە جێبەجێ بکەو پابەندی کاتی دیاریکراو بە بۆ هەر وانەیەک.

## پێنجەم:

لە کۆتایی هەروانەیەکدا خشتەی هەڵسەنگاندن ئامادەکراوە، تا مامۆستا بتوانێت ئاستی تێگەیشتن و پەرۆشی قوتابییەکان بۆ وانەکە بزانێت. پێویستە مامۆستا پابەندی هەڵسەنگاندنەکان بێت و بەڵگەکانیش لای خۆی دیکۆمێنت بکات و دواتر ڕاڤەو سەرنج لەسەر وانەکەی بدات و ئنجا هەڵسەنگاندن بۆ وانەکە، دواتر بۆخۆی بکات.

## شەشەم:

بایەخدان بە بیروبۆچوون و پرسیاری قوتابییەکان، ئەوەش وا دەکات ئاستی بەخۆزانییان بەرز بکاتەوەو تواناکانی خۆیان دەربخەن و گەشبین بن بەرانبەر ئاییندەی خۆیان. لەهەمانکاتیشدا بوار بۆ هەموان بەیەکسانی بڕەخسێنێت.



## حەوتەم:

لەکاتی چالاکییەکاندا مامۆستا چاودێری کاری قوتابییەکان بکات، لەگەڵ ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەک، کە کارنەکاتە سەر بیرو باوەڕیان.

## هەشتەم:

ڕەچاوی شێوازو چۆنییەتی وانەگوتنەوە بکات، هەروەکچۆن لە بابەتەکانی داهاتوودا خراونەتە ڕوو. هەروەها ڕەچاوی هەنگاوەکانی جێبەجێکردن بکات و هەموو شێوازەکانی وانەگوتنەوە جێبەجێ بکات. بۆنموونە، شێوازی گفتوگۆ لەگەڵ وانە کردارەکییەکان تێکەڵ بکات و لەکاتی سەردان و گەشتەکاندا ڕێنمایی چاودێری فەرامۆش نەکات، هەروەکچۆن لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەدا چاودێری قوتابییەکان بکات و ڕێنمایی پێویستیان پێ بدات. (لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی).



## نۆیەم:

لە بەشی دووەمدا خشتەی پلانی ساڵانەو ڕۆژانە خراوەتە ڕوو، پێویستە مامۆستا پلانی ساڵانە، ئنجا پلانی ڕۆژانە دابنێت و تەوەرەکان دابەشی ساڵەکەو وانەکانیش دابەشی ڕۆژەکان بکات، ئیدی بەوەش دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی جێبەجێی دەکات؟ بەچی جێبەجێی دەکات؟ دواتر لەو پلانەدا هەموو کەموو کورتی و لایەنە باش و نەگونجاوەکانی لەکاتی جێبەجێ کردندا بۆ دەردەکەوێت.

## گەشەی قوتابی لەم تەمەنەدا



قوتابییەکان تەمەنیان بۆتە (١٣ساڵ) و هەنگاو دەنێن بەرەو باڵقبوون، لێرەدا ئەرکی مامۆستا قورستر دەبێت، بۆیە دەبێت مامۆستا ئاگاداری ئەم زانیارییانەبێت:

١. لەم تەمەنەدا قوتابییەکان ئاستی هەستەوەریان زۆردەبێت و توانای دانبەخۆداگرتنیان کەم دەبێتەوە، زوو هەڵپەدەکەن و بەهەموو شتێک ڕازینابن و گفتوگۆلەسەر هەمووشتێک دەکەن.

٢. پێویستە مامۆستا لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندا وریابێت و زمانێکی نەرم و نیان پەیڕەوبکات لەکاتی وانەگوتنەوەدا. هەروەها پەرچەکرداری خێرا نەنوێنێت لەکاتی هەر هەڵپەکردنێکی قوتابیدا، چونکە گەشەی هەرزەکار لەم تەمەنەدا خێرایەو ڕژێنەکانی کەوتوونەتە کار.

٣. دادپەروەری یەکێکە لەو خاڵانەی پێویستە مامۆستا ڕەچاوی بکات لە وانە کردارەکییەکاندا، چونکە قوتابییەکان هەست بەهەر جووڵەیەکی نامۆی مامۆستا دەکەن و لە نزیکەوە ناهاوسەنگی و نادادپەروەری و لەهەمانکاتیشدا پەرۆشی مامۆستا دەبینن.

٤. مامۆستا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست نەدات، وەک هاوڕێیەک مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکاندا بکات و هەمیشە دەم بەخەندە بێت و ڕێزیان پیشان بدات و لە بەهای کارەکانیان ئاگاداربێت و ڕێز لە ماندووبوونیان، ئنجا کارەکانیان بگرێت.

شایانی باسە، لەم  قۆناخەی منداڵدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژیانیدا دێت، بەتایبەت  لەژیانی منداڵییەوە بەرەو ژیانی گەورەیی دەڕوات. هەروەها گەلێک گۆڕانکاری بەرفراوان لەگشت ڕوویەکەوە تێیدا ڕوودەدات، وەک: مێشک، هزر، جەستە، تاوگیرییە دەروونییەکان، باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان،  کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دەربڕینی هونەری.




هەروەها یەکێک لەو گۆڕانانە ئەوەیە، کە بەرهەمی کەم دەبێتەوەو ئارەزووی کاری هونەری نامێنێ. بەشێوەیەکی گشتی کاری هونەری لەم قۆناخەدا دوو شێوازی هەیە ئەویش شێوازی خۆیی، شێوازی دیتن. لەیەکەم شێوازدا منداڵ دەربارەی ڕاستییەکانی خۆی و دەربڕینەکانی دەکێشێ، بابەتیانە بابەتەکە لەڕاستی نزیک دەکاتەوە، بەڵام لە شێوازی دووەمدا پشت بە چاوەکانی دەبەستێت و  ئەو بابەتانە وێنە دەکێشێ، کە لە پێش چاویدا هەبن، جا لەبەر ئەوە دەکرێت زۆر بە باشی ڕێنمایی بکرێن لە هەردوو شێوازەکەدا، تا بەرەو ئارەزووی هونەریی بچن، بەتایبەت  ئەو منداڵانەی ڕێگەی هونەر دەگرنە بەرو بەردەوام دەبن لە کاری هونەریدا هەربۆیە (ئەگەر مامۆستا ئەم حەزە هونەریە گەشە پێ بدات و پەروەردەیەکی دروست پێشکەش بە منداڵەکە بکات، ئەوا منداڵەکە تێدەکۆشێت بۆ گەیشتن بە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، یان کۆلێژە هونەرییەکان).

هەرچەندە منداڵ لەم تەمەنەدا بەرهەمی هونەری کەم دەبێتەوە، بەڵام دەبێت قوتابییەکە ڕابسپێردرێت، تا کارێک بکات ئەمەش جیاوازە لە قۆناخەکانی تری تەمەنی ڕابردووی، بۆیە ناتوانرێت فشاری زۆری بۆ



بهێنرێت، تا کاری هونەری ئەنجام بدات، یان زیاتر لەکارێک بکات، ئەگەر خۆی حەزی لێ نەبێت، چونکە تەمەنی چۆتە سەرو لە قۆناخی باڵقبووندایە.

لەهەمانکاتیشدا هەندێک منداڵ دەردەکەون حەزیان لە کارکردنەو تواناو بەهرەکانیان دەردەخەن و شێواز و شێوەی تازەی کارکردنیان دەخەنە ڕوو، ئەمەش وا دەکات هەستی هونەری لە ناخیاندا چەکەرە بکات و ئاییندەیەکی هونەری چاوەڕێیان بێت.

جا لێرەدا هەڵوێستی مامۆستا زۆر گرنگە، چونکە ئەوە مامۆستایە دەتوانێت بایەخ بەو هونەرە بدات و گەشەی هونەریش لەناخی قوتابییەکاندا گەشە پێبدات و بیانخاتە سەر ئەو ڕێچکەیەی، کە خۆیان حەزی پێدەکەن و دواتریش ڕێگە ڕاست و شیاوەکەیان پیشان بدات.









## گەشەی هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا (١١ بۆ ١٣) ساڵ

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری ‹ڤیکتۆر لۆنفیلد›، کە تیایدا گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و ئەقلی، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تا گەورەتربێت، وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. هەروەها ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

### قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای ‹ڤیکتۆر لۆنفیلد›:

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ ساڵی.
٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.
٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.
٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.
٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.
٦- قۆناخی گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.
٧- قۆناخی باڵقبوون (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسە لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی شەشەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (١١ بۆ ١٣) ساڵ.



## ڕێگەی هاوچەرخ بۆ بەشێک لە وانەگوتنەوەی پەروەردەی هونەر

### یەکەم: شێوازی وانەبێژی

ئەم ڕێگەیە بە یەکێک لە ڕێگە باوەکانی وانەگووتنەوە دادەنرێت و زۆربەی مامۆستایانیش بۆ پێشکەشکردن و ڕوونکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکان بەمەبەستی فێربوون، وەک نمایشی بیرۆکە، دیاریکردنی پێناسەکان، ڕوونکردنەوەی تیۆرەکان، دەرخستنی



پەیوەندییەکان، باسکردنی ڕووداوەکان، ئەمەو چەندانی تر... ئیدی ئەوەش هاوکاری قوتابی دەکات، تا زانیارییەکانی ڕێکبخاتەوەو بە یەکێک لە ڕێگەکان بە شێوەیەکی دروست خۆی ئامادە بکات، بەتایبەت لە تەوەری مێژووی هونەردا.




ڕێگەی وانەگوتنەوەی وانەبێژی بە یەکێک لە ڕێگە گونجاوەکان دادەنرێت، کە دەتوانێت لەگەڵ پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندندا بێتەوەو زۆرترین زانیاریش بگەیەنێتە قوتابی. جا لێرەدا قوتابی چەقی ئەم ڕێگەیەیەو سەرچاوەی زانیارییەکانە، لەبەر ئەوە پێویستە قوتابی بیسەربێت و زانیارییەکانیش بەباشی وەربگرێت و لەکاتی وانەکاندا هەندێک گفتوگۆو بەدواداچوون بکات. (لەکاتی ئاڵوگۆڕی زانیاریدا).

بۆئەوەی وانەبێژ ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی باش بگێڕێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. پێویستە پێشوەختە ئامادەکاری باش بۆ وانەگوتنەوەکە بکرێت، چونکە پلانی باش بە یەکەم هەنگاوی سەرکەوتن دادەنرێت بەرەو وانەگوتنەوەیەکی باش. مەبەستیش لێرەدا دیاریکردنی ئامانجی وانەبێژییەکەیە و دیاریکردنی ناوەرۆکی بابەتەکە لەڕێگەی پێداچوونەوە بە سەرچاوە سەرەکییەکان و ڕێکخستنی بیرۆکەو ڕاستییەکان و ڕزگارکردنی چەمکەکان و دیاریکردنی گشتگیرییەکان و هەڵبژاردنی نموونە ڕوونکارییەکان و دیاریکردنی چالاکی و ئەو خوێندنەوانەی قوتابی لەکاتی وانەکەدا پێویستی پێیەتی. ئیدی ئەوەش بەشێوەیەکی باش بەدەست نایەت، ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی زانیاری و ئەزموونی ڕابردووی قوتابیدا نەبێت. کەواتە پێویستە قوتابی ڕابردوویەکی پڕ زانیاری و ئەزموونی باشی کارکردنی هەبێت، تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیارییەکان وەربگرێت، تا لە بواری کردارەکی و زارەکیدا دووبارە بیانخاتەوە گەڕ.

٢. پێویستە قوتابی هەست بەو کێشە سەرەکیانە بکات، کە وانەکە چارەیان دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە مامۆستا لەڕێگەی پرسیاری وروژێنەرەوە گوێبیستی کێشەکان بێت و توانای قوتابیانیش بۆ گەڕان و



لێکۆڵینەوە هەڵبسەنگێنێت و هانیان بدات بۆ فێربوونی زیاتر و تواناکانیشیان بوروژێنێت بەمەبەستی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی زۆرباش.

٣. پێویستە مامۆستا چەمک و بیرۆکە سەرەکییەکان لە وانەکەیدا زەق بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە وانەکە بکاتە چەند پێکهاتەیەکی

(بــابەت) گونجــاو و هەر پێکهــاتەیەکیش بە شــێوەیەکی ســەربەخۆو گرێــدراو بەیەکەوە بــاس بکــات، لەوانەش بــازدان لەبــابەتی ســادەوە بەرەو بابەتی ئاڵۆزو قورس. لە بـابەتێکی بـاوەوە بەرەو بـابەتی نوێ، بەومەرجەی مامۆســتا بتوانێــت ڕاڤەو شــرۆڤەی بابەتەکــان بکــات و بابەتەکە سادە بکاتەوەو نموونەی ڕوونکاریش بهێنێتەوە.

٤. پێویسـتە بـابەتەکە ئەوەنـدە وروژێنەربێـت، کە لەگەڵ ئاسـت و توانـای قوتابیدا بێتەوەو بتوانێت بگەڕێت و شتی نوێی پێ بدۆزێتەوە، ئەوەش بـۆ مەبەسـتی لەبەرکـردن و خۆدەرخسـتن نییە، بەڵکـو بـۆ هانـدانی قوتـابییە، تـا بەدووی شـتی نوێدا بگەڕێت و خۆیـانی تێدا بدۆزنەوە.



بۆیە مامۆسـتای سـەرکەوتوو ئەو مامۆسـتایەیە، کە پرسـیار دەوروژێنێت و گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکاندا دەکات، تا باشتر خۆیــان ئامــادە بــکەن بــۆ بەشــــــــــــداریکردن و خۆگونجانــدن. هەروەهــا گەشــە بە توانــای بیرکــردنەوە دروســتە زانســتییەکانیان دەدات و بواریــان بــۆ دەڕەخســێنێت، تــا بتــوانن گوزارشــت لەخۆیــان بــکەن و ڕەزامەنــدی دەربــڕن. لەهەمانکاتیشــدا پەسەندی ڕەخنەگرتنیش بکەن، کە لەکاتی فێربووندا دێتە ڕێگەیان.

٥. وادەخوازێت لەکـاتی وانەگوتنەوەکەدا هانـا بـۆ هۆکارەکـانی فێرکـاری ببردرێت، کە هاوکاری قوتابیان دەکات بۆ تێگەیشـتن و هەرسـکردنی بیرۆکەو چەمک و تیۆرو بابەتە باوەکان. بۆ نموونە نووسـین لەسـەر تەختەڕەش، یـان نمایشـکردنی کلێشـەکان لەڕێـگەی داتاشـۆوە، یـان بەکارهێنــانی وێــنەی ڕوونکــاری، ئەمەو چەنــدین هۆکــاری تــر، کە پێویســت بێــت بــۆ وانە تیــۆرییەکە. شــایانی باســە، زۆر گــرنگە ئەو کەرەسـتەو شـمەکە ڕوونکاریـانە ببەسـترێنەوە بە وانەی پەروەردەی هـونەرەوە. ئیـدی لێـرەوە بەهـاو بەنرخـی ئەو کەرەسـتە ڕوونکاریـانە دەردەکەون، هەر لەبەر ئەوەشـە ناتوانرێت بـاس لەسـەر پێشخسـتن و

نرخاندنی پێکهاتە هونەرییەکان بکرێت بێ ئەوەی پشت بە هۆکارە ڕوونکارییەکان نەبەسترێت.

٦. دوای تەواوبوونی وانەکە، پێویستە مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان بکات، کە ئەوەش زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانجی وانەکە نێزیکمان دەکاتەوەو بەرچاوی مامۆستا ڕۆشن دەکات لەوەی ئایا قوتابییەکان وانەکەیان پێگەیشتووە، یان نا؟ جا ئەم هەڵسەنگاندنە لەڕێگەی دیتنەوەبێت، یان لەڕێگەی زارەکییەوە. واتە مامۆستا پرسیار ئاڕاستەی قوتابییەکان دەکات، تا بزانێت هیچ گۆڕانکارییەک لە زانیارییەکانیندا ڕووی داوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا



پێویستە مامۆستا خۆی هەڵسەنگێنێت، تا خاڵە بەهێزو لاوازەکانی لەسەر شێوازی پێشکەشکردنی وانەکە بزانێت، بۆ ئەم هەڵسەنگاندنەش پێویستە مامۆستا پشت بە تۆماری ڤیدیۆ، یان دەنگی ببەستێت، تا بزانێت دوای لێدانەوە چۆن وانەکەی بەڕێوەبردووە؟ چۆن گفتوگۆی لەگەڵ قوتابییەکاندا کردووە؟ چۆن وەڵامی داونەتەوە؟ ئایا زانیارییەکان لەئاستی پێویستدابوون؟

لێرەدا مامۆستای پەروەردەی هونەر دەتوانێت لەگەڵ وانەکەدا، چەند بابەتێکی پەیوەست بە وانەکەوە گرێ بدات، وەک ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە چێژ و مێژووی هونەرەوە، بەتایبەت لەڕێگەی گێڕانەوەی زانیارییەکان و ئەو ڕاستییە مێژووییانەی پەیوەستن بە کەلتوورو فەرهەنگی کوردەوە، کە لەدێرزەمانەوە نەوە لەدوای نەوە دەستاودەستی پێکراوە، تا ئەمڕۆ. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت پشت بە ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی هەندێک چەمک و دەستەواژە، بەهای شێوەکاری، پێکهاتەو چۆنییەتی بنیاتنانی کاری هونەری ببەسترێت، ئەوەش لەڕێگەی نمایشکردنی هەندێک وێنەو کاری هونەری، کە

سرووشـی لە کەلتـوورو فۆلکلـۆرەوە وەرگرتبێـت، کە ئەوەش جەخـت لە بەهـا داهێنەرییەکان دەکاتەوەو بۆ کارە هونەرییەکان سوودیان لێوەردەگیرێت.

شـایانی باسـه، شـێوازی وانەبێـژییەکە لە بـواری وانەگـوتنەوەی پەروەردەی هونەردا شـێوەیەکی جێگیر لەخۆناگرێت، چونکە هەندێکجار وا دەخوازێت لەوانەگوتنەوەدا هەندێک چەمک و بیرۆکەی هونەری و زانستی شیبکرێنەوە، یان زانیاری پەیوەست بە چۆنییەتی دروستکردنی گڵێنە، یان چاپگەری، یان چنین، یان هەرشتێکی تر پێشکەش بکرێت.

## دووەم: شێوازی گفتوگۆ

ڕێگە، یان شێوازی گفتوگۆ لەسەر بنەمای هاوبەش لە نێوان مامۆستاو قوتـابی پێکـدێت، کە ئەوەش پەیوەنـدی بە ڕێککەوتـن و جیاوازییەکانیـانەوە هەیە، کە لەسەر بابەتێک، یان دیاردەیەکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. جا ئەم شـێوازەش پێویسـتی بەوە هەیە، کە قوتابییەکـان ڕووبەڕووی دۆخەکە ببـنەوەو ڕۆڵ و کـاریگەری مامۆسـتاش ڕێکخسـتنی ئەم پرۆسـەی



ئـاوێتەبوونەیە، کە هەڵدەسـتێت بە کەسـی ئاراسـتەکەر، یـان کەسی سـەرەکی، بەڵام هەریەک لە مامۆسـتاو قوتـابی ڕۆڵـی خۆیـان هەیە لە بەڕێـوەبردنی گفتوگۆکاندا. جا لێرەدا گفتوگۆ بە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت دەبەسـتێت بە پرسـیارکردن، کە ئەوەش هۆکـارێکە بـۆ گەشـەپێدانی توانـای بیرکـردنەوە. بـۆیە پێویسـتە لەم دۆخەدا جۆری پرسیارەکان کراوەبن و ڕێگەی بۆ خۆشبکرێت، تا زۆرێک لە وەڵامی بۆ ببێت، نەک لەو پرسـیارانەبێت، تەنها یەک جۆر وەڵامـی پێویست بێت.

ئەم جۆرە شێوازە وا لە کەسەکە دەکات ڕاستەوخۆ وەڵامە ڕاستەکەی چنگ بکەوێت، یان لەکاتی گفتوگۆکەدا چارەسەرە ڕاستەکە بەدەستبهێنێت. بێگومـان، لەڕێـگەی گفتوگـۆوە قوتـابی دەتوانێـت متمـانە بەخۆبـوون بەدەستبهێنێت و توانای تێگەیشتنی باش بێت و ئەنجامداربێت بۆ گەیشتن بە

ڕاستییەکان. هەروەها ئەوەی لەو گفتوگۆکردنەدا پێویستە ڕەچاوبکرێت ئەوەیە، کە نابێت هەریەک لە مامۆستاو قوتابی لەکاتی گفتوگۆکردنەکەدا گیربخۆن، بەڵکو دەبێت هەریەکەیان توانای ئەوەیان هەبێت لە زانیارییەکەوە بگوازنەوە بۆ زانیارییەکی دی، بێ ئەوەی هاوسەنگیان تێکبچێت و تووشی شڵەژان ببن. هەروەها لەسەر قوتابییەکانە لە شتەکان تێبگەن و خاڵەکان کۆبکەنەوەو دواتر لێکیان ببەستن و ئنجا بیبەستنەوە بە کێشە دیارەکەوە، یان کێشە دەستنیشانکراوەکەوە.



لەبەر ئەوە پێویستە بوار بەهەموو لایەک بدرێت پێکەوە گفتوگۆو وتوویژ بکەن.

ئیدی لێرەدا جۆری گفتوگۆکان جیاوان و دواتر بیرۆکەو بابەتە پێشنیارکراوە هاوبەشەکان یەکدەخرێنەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردنی، جا لێرەدا ئامانجیش لەڕێگەی شێوازو ڕێڕەوی گفتگۆکردنەکەوە دیاری دەکرێت.

## سێ جۆر گفتوگۆکردن هەیە:

### ١. گفتوگۆی ئازاد:

پێویستی بە کەمێک ئاڕاستەکردن هەیە و بەکاردێت بۆ کرانەوەی هەندێک بابەت، یان هەندێک بواری نوێ، یان لەسەر هەندێک بەرتەک و پەرچەکردار ڕادەوەستێت، دوای ئەوەی خوێندنەوە بۆ هەندێک بابەتی دیاریکراو دەکرێت، جا بۆیە پێویست دەکات وەڵامی هەرەمەکی بدرێتەوەو گوێبیستی ڕاوو بۆچوونەکانیش بکرێت.

### ٢. گفتوگۆی نیوەکراوە:

ئەم جۆرە گفتوگۆیە بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و بیرۆکەی جۆراوجۆر، کە پێشوەختە زانیاری لەسەر هەبووە. هەندێکجار لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەی مامۆستایان لەسەر بابەتێکی

دیاریکراوی خوێندن ئامادەیان کردووە و دواتر گفتوگۆی نیوەکراوەی لەسەر ئەنجام دەدەن. ئیدی لێرەوە پێکەوە زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن و دواتر پێکیان دەگرنەوە، تا لە کۆتاییدا لەسەری ڕێکبکەون و جیاوازییەکانیش کاڵ بکەنەوە، بەڵام هەندێکجاریش جیاوازییەکان هەروەکخۆیان دەمێننەوە.

### ٣. گفتوگۆی ڕێکوپێک:

مەبەست لەمجۆرە گفتوگۆیە ئەوەیە، کە پێویستە گفتوگۆکەر پابەندی بنەماو پرنسیپەکانی گفتوگۆکردن بێت و لە هەنگاوە دیاریکراوەکان لانەدات و شوێن پێی پێشکەشکردنی زانیارییەکان، بیرۆکەکان، چەمکەکان لەڕێگەی پرسیارە ئاڕاستەکراوەکانیش هەڵبگرێت. ئیدی ئەم جۆرە گفتوگۆکردنە یارمەتی هەستپێکردنەکان و چەمکی زانیارییەکان دەدات، هەروەکچۆن هاوکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی زانیاری نوێ و ڕاهێنان و ڕاهێزان لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکان.

شایانی باسە، ڕێگەی گفتوگۆکردن لە وانەی پەروەردەی هونەردا بەکاردەهێنرێت، وەک یەکەیەکی چارەکردن و دۆزینەوەی ڕێگەو بیرۆکەی داهێنراوی تازە، تا قوتابی ڕێگەو ڕێچکەی تاقینەکراوە بگرێتەبەر، وەک هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەش لەسەر چۆنییەتی ئەنجامدان و خستنەگەڕی بیرۆکە پێشنیارکراوەکان، چونکە گومانی تێدانییە، کە کاری هونەری



پێویستی بە گفتوگۆو گۆڕینەوەی بیروبۆچوونی جیاوازە لەسەر شێوازی کارکردن لە بواری هونەرو بنیاتنانی کاری هونەری و چێژی هونەریدا.

هەروەها زانینی زانیاری و بیرۆکەی ئەوانی تر، کە بڕیاریان لەسەر کارە هونەرییەکان داوە، جا گۆڕینەوەی ئەو هەموو بیروبۆچوونانە دەبنە

هەوێنی بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە. جا لێرەدا دوا بڕیار بۆ وەرگر دەگەڕێتەوە، کە ئایا ئەوشتە پەسەندکراوانە وەردەگرێت، یان نا؟

هەروەها دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، کە هونەری شێوەکاری خاوەنی زمانێکی ڕێکخراوەو کەرەستەکانیشی کاریگەرو وروژێنەرە بۆ گفتوگۆکردن و مشتومڕکردن. هەر لەبەر ئەوەشە گفتوگۆکردن هۆکارێکی گرنگی وانەگوتنەوەیە لە وانەی پەروەردەی هونەردا، ئەوەش بەمەبەستی دۆزینەوەی شتی تازەو پێکهاتەی نوێ و دواتر چەپاندنی و پێکهێنانی و شێوازی گوزارشتکردن و ڕاوەستان لەسەر پێوەرەکانی باشی کاری هونەری، هەرئەوەندەش نا، بەڵکو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ هاندانی قوتابیان، تا بەشداری لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان بکەن، بێ ئەوەی هەست بە شەرمەزاری، یان شەرم بکەن لەو شتانەی گوێبیستی دەبن لەبارەی کارە هونەرییەکانەوە.



## سێیەم: شێوازی گفتوگۆو مشتومڕ

ڕێگەی گفتوگۆکردن بەیەکێک لە کۆنترین ڕێگاکانی فێرکردن و فێرکاری دادەنرێت. لەو ڕووەوە فەیلەسوفی یۆنانی «سوکرات» (٤٧٠-٣٩٩پ.ز) یەکەم کەس بووە، کە ئەم ڕێگەیەی بۆ مەبەستی وانەگوتنەوە بەکارهێناوە.

هەرلەبەر ئەوەش بووە «سوكرات» پرسیاركردن و وەڵامدانەوەی وەك هۆكارێكی سەرەكی بۆ وروژاندن و ڕاكێشانی هەستی قوتابییەكانی بەكارهێناوە، بەو مەبەستەی چۆنی بوێ؟ چۆن زانیاریان پێ ببەخشێت؟ و دواتر خاڵە لاوازو بەهێزەكانیان لەبارەی زانیارییەكانیانەوە بزانن، هەرلەبەر ئەوەش بووە «سوكرات» كاری كردووە لەسەر پرسیارو وەڵام، تا قوتابییەكانی پاڵپێوەبنێت، تا پشت بە توانا خۆییەكانیان ببەستن و بەرهەمداربن، یان زانیاری نوێ بەدەستبهێنن. ئیدی بەم شێوازی وانەگوتنەوەیە گوترا ‹شێوازی سوكراتی›، چونكە دوای گفتوگۆكردن، گفتوگۆكە بەرهەمداربوو، یان زانیاری زیاتر بەدەستدەهات.



لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە «سوكرات» شێوازی پرسیارو وەڵام، وەك ڕێگەیەك بۆ فێربوونی وانە ئایینییەكان لە سەدەكانی ناوەڕاست بەكارهێنراو ناویشی لێنرا فێربوون لەڕێگەی پرسیارو وەڵام. شایانی باسە، ئەو شێوازی پرسیارو وەڵامەی سوكرات بەكاریدەهێنا زۆر جیاوازبوو لەو شێوازی پرسیارو وەڵامەی بۆ فێربوونی ئایین بەكاردەهێنرا.

لێرەدا «سوكرات» ئەم شێوازی پرسیاركردنەی بەكاردەهێنا، تا قوتابییەكان بوروژێنێت و دواتر خۆیان بەدوای وەڵامەكاندا بگەڕێن و هەرخۆیشیان وەڵامیان چنگ بكەوێت، بەڵام ئامانج لە پرسیاركردنی ئایینی، بریتییە لە ئاڕاستەكردنی چالاكی هۆشەكی قوتابییەكان بۆ بابەتێك، كە پێویستە فێری ببن، دواتر مامۆستا لەجیاتی قوتابی وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە، پاشان مامۆستا پرسیارێكی دی دەوروژێنێت و دواتر بۆخۆی وەڵامی پرسیارەكەش دەداتەوە، ئیدی بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.



سوكرات گفتوگۆ دەكات

لێرەدا مامۆستا لەسەر ئەم شێوازی پرسیارکردن و وەڵامانە بەردەوام دەبێت و هەرخۆیشی وردەکاری، یان شیکردنەوە بۆ بابەتە فێرکارییەکە دەکات و هەرخۆیشی یەکەی پێکهاتە، یان شتەکان بۆ ئاسانکاری قوتابییەکان بەکاردەهێنێت و ئەم شێوازش پێی دەگوترێت «ڕێگەی درێژەپێدان».



قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن و مامۆستاش چاودێرە

لێرەدا مامۆستای پەروەردەی هونەر هەروەکچۆن لە نێو پرۆگرامەکاندا شێوازی خستنەڕووی زانیارییەکان پیشاندراوەو لەهەمانکاتیشدا هەنگاوەکانی ئاڕاستەکردنی مامۆستاش دیاریکراوە. واتە مامۆستا خۆی دواتر بڕیار دەدات چۆن و بەچی کارەکەی ئەنجام دەدات؟ لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکانی دیاریدەکات و ئاست و توانای قوتابییەکانی لەبەرچاودەگرێت (جیاوازی تاکایەتی).



هەمووان پرسیاریان هەیە... هەمووان وەڵامیان دەوێت

# شێوازەکانی گفتوگۆ

لێرەدا بەپێی ئەرکە فێرکارییەکە جیاوازی دەکرێت لەنێوان گفتوگۆ جیاوازەکانی پرۆسەی وانەگوتنەوەداو تێدەکۆشێت بۆ بەدەستهێنانیان، یان بە پێی ئەو شێوازی وانەگوتنەوەیەی، کە پێویستە ئەنجام بدرێت لەنێوان مامۆستاو قوتابیدا، چونکە ئەم لێکحاڵیبوونە پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی خۆشتر دەکات و ئاستی متمانە لەنێوان هەردووکیاندا بەرزتر دەکاتەوە.

جا لێرەدا لەسەر ئەرکە سەرەکییەکانی وانەوگوتنەوەدا پێویستە گفتوگۆ ئامانجداربێت و لە هەمانکاتیشدا پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان شێوازەکانی گفتوگۆکردندا، چونکە گفتوگۆکان دابەش دەبەن بۆ ئەم شێوانە:

١. گفتوگۆی وەڵامکاری.
٢. گفتوگۆی بەرهەمداری (شێوازی سوکراتی).
٣. گفتوگۆی ڕاڤەکاری.
٤. دەمەتەقێ (وتووێژ و کۆڕوکۆبونەوە).



مامۆستاو قوتابی گفتوگۆیەکی هاوڕێیانە ئەنجام دەدەن

پێویستە بەپێی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان مامۆستاو قوتابی، قوتابی و قوتابیدا هەیە جیاوازی بکرێت لە شێوازی گفتوگۆکردنەکاندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

## أ. گفتوگۆی دەمەتەقێیی:

ئەم دەمەتەقێ زمانەوانییە لە نێوان دوو کەسدا ئەنجام دەدرێت. واتە دەمەتەقێیەکە بە کردار ئەنجام دراوە (ڕاستەوخۆ). هەروەها دەمەتەقێیەکە بە ڕاستی و دروستی ئەنجامدراوەو وەڵامەکەش وەرگیراوەتەوە (پشت بە ڕاستی بەستراوە).


هەموومان ڕووبەڕوو گفتوگۆ دەکەین

لەهەمانکاتیشدا گفتوگۆکردن و دەمەتەقێیەکە ئەنجامدراوە (دەمەتەقێیەکە لەنێوان دوو کەسدا لە نێو پۆلدا ئەنجامدراوە، کە ئەوانیش مامۆستاو قوتابییەکانن). لێرەدا پرسیارکردن و وەڵامدانەوەکە هۆکاری گفتوگۆکردنەکەن، لەگەڵ هەندێک خۆپارێزیدا.

شایانی باسە، لەم جۆرە گفتوگۆکردنەدا باڵادەستی مامۆستا دیاردەبێت، کە ئەو پلان بۆ جۆری گفتوگۆکردنەکەو بابەتی گفتوگۆکردنەکە دادەنێت و هەرخۆیشی بە شێوازی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دەکات. بەڵام لێرەدا قوتابی لە گۆڕانکاری بەردەوامدا دەبێت. واتە مامۆستا پرسیارێک دەکات و قوتابییەکەش وەڵامی دەداتەوە، دواتر پرسیارێکی تر دەکات و ئیدی قوتابییەکەش وەڵامی دەداتەوەو بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.


بە گفتوگۆکردن و دەمەتەقێ زانیارییەکانمان دەگۆڕینەوە

وەک دەردەکەوێ، لەم شێوازی گفتوگۆکردنەدا بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان قوتابییەکان پەیوەندی پێکەوە ناکەن، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمجۆرە گفتوگۆکردنە دەمەتەقێییە بۆتە جێگەی ڕەخنەلێگرتن، چونکە جگە لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە هیچی تر نییەو ناتوانرێت ناوی لێبنێین وانەگوتنەوەیەکی گفتوگۆدار.

## ب. گفتوگۆی فێرکاری

گفتوگۆی فێرکاری بە یەکێک لە پێشخەرەکانی گفتۆگۆی دەمەتەقێیی دادەنرێت و هیچ جیاوازییەک لە ئەرکەکانیاندا نابینرێت، جگە لە وەی، کە لە گفتوگۆی فێرکاریدا قوتابی بەشداری سەرەکی پرۆسەکەیە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا مامۆستا پێشەنگ و سەرپەرشتیاری گفتوگۆکانە، چونکە لەم گفتوگۆکردنەدا زیاتر لە قوتابییەک بەشدارەو هەریەکەشیان وەڵامی خۆی دەداتەوە. جا ئەگەر قوتابییەک نەیتوانی وەڵامە ڕاستەکە بداتەوە، ئەوا قوتابییەکی دی هەڵدەستێت و وەڵامەکە دەداتەوە، دواتریش یەکێکی دی لە قوتابییەکان بەشدار دەبێت و بەم شێوەیە پرسیارکردن و وەڵامدانەوەکان بەردەوام دەبن. جا لەبەر ئەوەی یەک لەدوای یەک قوتابییەکان بەشداری دەکەن، ئەوا بێگومان قوتابییەکان ناتوانن پێکەوە گفتوگۆ بکەن. بۆ نموونە قوتابییەک ناتوانێت ڕەخنە لە وەڵامی هاوڕێکەی بگرێت، یان وەڵامی هاوڕێکەی شیبکاتەوە، یان لەسەر بیروبۆچونی هاوڕێکەی گفتوگۆ بکات... ئیدی لێرەدا پێشەنگی و سەرپەرشتیاری و بەرپرسیارییەتی مامۆستا دەردەکەوێت و دەبێتە ڕابەری گفتوگۆ فێرکارییەکە.



قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆیەکی فێرکاری ئەنجام دەدەن

## ت. گفتوگۆی وانەگوتنەوە

بێگومـــان، گفتوگـــۆی وانەگـــوتنەوە لە چـــارەکردنی کێشـــەکان، یـــان بەجێگەیانـدنی ئەرکـی قوتابییەکانـدا جیـاوازە لە گفتوگـۆی دەمەتەقێیـی و گفتوگۆی فێرکاری، چونکە ڕۆڵی مامۆستا لە دیاریکردنی بابەتی گفتوگۆکە، یـان دیـاریکردنی ئامانجـدا کـورت دەبێـتەوەو مامۆسـتا ناتوانێـت پلانـی بەڕێـــوەبردنەکە دیاریبکـــات، مەگەر شـــێواز، یـــان ئاڕاســـتەی گفتوگـــۆی قوتابییەکـان پێویسـتی پـێ بکـات، یـان جۆرێـک لەلادان هەبێت لە ڕێـڕەوی وانەکەدا، کاتێک قوتابییەکان نەتوانن لە نێوان خۆیاندا لەسەر گفتوگۆکردنەکە بەردەوامبن و نەگەنە دەرئەنجامێک. ئیدی لێرەدا مامۆستا بەشداریدەکات و گفتوگۆکە دەخاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، بەمەبەستی گەیشت بە ئەنجامێکی باوەڕپێهێنراو.

لێـــرەدا پێویســـتە جیـــاوازی بکرێـــت لە نێـــوان هەردوو جـــۆرەکەی گفتوگۆکردنی وانەگوتنەوەدا، کە ئەوانیش بریتین لە گفتوگۆکردنی وانەگـــوتنەوەی ئاڕاســـتەکراو و گفتوگـــۆکردنی وانەگـــوتنەوەی ئـــازاد. لێـــرەدا گفتوگـــۆکردنی وانەگـــوتنەوەی ئاڕاســـتەکراو ئەرکەکەی دیـــاریکراوە، چـــونکە پەیوەســـتە بە چارەکردنی بابەتێکی فێرکاری لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراوی فێرکـــردن لە نێـــو پرۆگـــرامەکەدا. بەڵام بە پـــێچەوانەوە گفتوگـــۆکردنی وانەگوتنەوەی ئازاد هیچ پەیوەندی بە پرۆگرامەکەوە نییەو هیچ پێکهاتەی یەکەیەکی وانەکەش پێکناهێنێت، بەڵکو قوتابییەکان بەپێی ئارەزووی خۆیان یەکەکـــان هەڵـــدەبژێرن لە پێنـــاو چـــارەکردنی کێشـــەیەک، یـــان گرفتێکـــی ڕۆشـــنبیری، یـــان کـــۆمەڵایەتی، یـــان فێرکـــاری... هەمیشـــە ئەم شـــێوازی گفتوگۆکردنەش لەکاتی دەستبەتاڵی قوتابییەکاندا ئەنجام دەدرێت.



مامۆستا گفتوگۆ لەنێو وانەگوتنەوەکەدا بەکاردەهێنێت

گرنگـــە هـــەموو بەشـــداربووان بـــە یەکســـانی و دادپـــەروەری هـــەلی بەشـداریکردنیان بـۆ بڕەخسـێنرێت لـە گفتوگـۆکردنی وانەگوتنەوەکـەدا بـە مامۆستاشەوە، تا بتوانن گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانیان بکەن. هەروەها نابێت مامۆستا بێدەنگی هەڵبژێرێت، یان لە وانەگوتنەوەکە دووربکەوێتەوە،

بەڵکو پێویستە زۆر بەشدارنەبێت، تا سەرنج و بیروبۆچونەکانی کاریگەریان بەسەر وانەکەوە بەجێنەهێڵێت، چونکە ئەوەی بۆ ئەم وانەگوتنەوەیە گرنگە ڕاو سەرنجی قوتابییەکانە، تا بە شێوەیەکی ئازاد دەربېڕدرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە قوتابی ڕەچاوی شێوازی دەربڕینەکانی بێت و ئاگاداری ئەو وشەو دەستەواژانەش بێت، کە بۆ گفتوگۆکە بەکاریان دەهێنێت، هەرچەندە لێرەدا مامۆستا دەتوانێت، هاوکاری پێشکەشی قوتابییەکان بکات، یان بەشداری وانەکە بکات لەکاتی خراپ دەربڕین، یان بیرچوونەوە، یان پێشکەشکردنی زانیاری هەڵە. هەروەها لەو دۆخەدا مامۆستا دەتوانێت ڕێنمایی قوتابییەکان بکات بە خوێندنەوەی هەندێک کتێب، یان هەندێک گۆڤار... کە ئەوەش هاوکاری قوتابییەکان دەکات، تا زانیارییەکان پاش و پێش بخەن لەو بابەتەی گرفتیان لەگەڵیدا هەیە.

## سوودەکانی گفتوگۆکردن و دەمەتەقێ

لە ڕێگەی گفتوگۆکردن و دەمەتەقێوە چەند ئامانجێکی فێرکاری و پەروەردەیی بەدەست دێن، لەگەڵ بەدەستخستنی هەندێک زانیاری، کە هاوکاردەبن بۆ:

١. بە هێواشی بواری هۆشەکی قوتابی گەشە دەکات.
٢. توانای گوزارشتکردنیان پێشدەکەوێت و دەتوانن بیروبۆچوونەکانییان بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان دەرببڕن.
٣. بیرۆکەو توانا خۆییەکانی قوتابی گەشە دەکات.
٤. شێوازی فێرکاری قوتابییەکان پێشدەکەوێت و لە بواری خۆڕێکخستن و سیستەم و ڕەفتاردا پوخت دەبن و لە ئاگاییدا دەمێننەوە.
٥. گیانی کاری هەرەوەزیان پێشدەکەوێت و ڕێز لە بیروبۆچوونی یەکتر دەگرن.

## لایەنەخراپەکانی گفتوگۆ

١. پێویستی بەکاتی زۆرە.
٢. هەندێکجار بێسەرەوبەری لێ پەیدادەبێت.
٣. هەموو قوتابییەکان ناتوانن بەیەکسانی بەشداری گفتوگۆکە بکەن.

# فێرکاری کردارەکی

پێویستە لەسەر مامۆستا ئەوە بزانێت، کە پرۆسەی فێرکاری پەیوەستە بەوەی، کە ئایا مامۆستا چۆن ئەم پرۆسەیە پێشدەخات و گەشەی پێدەدات و لە بازنەیەکی داخراودا نایهێڵێتەوە؟ کەواتە باشترین پرۆسەی فێرکاری، یان وانەگوتنەوە بۆ وانەی پەروەردەی هونەر، بریتییە لە شێوازی فێرکاری کردارەکی و نابێت مامۆستا زانیارییەکان تەنها لە چوارچێوەی گفتوگۆی نێوان دیوارەکانی قوتابخانەدا بهێڵێتەوە، بەڵکو دەبێت قوتابییەکان لەدەرەوەی ئەو چواردیوارەدا بەرێتە دەرەوەو سوود لە ژینگەی دەرەوەی قوتابخانەش وەربگیرێت، تا قوتابییەکان ئاستی خەیاڵبازیان پەرەپێبدەن و ئامادەبن بۆ فێرکارییەکی کردارەکی و سوود لەو کەرەستەو شمەکانەش وەربگرن، کە لەدەرەوە دەست دەکەون، یان فەراهەمە. ئیدی لێرەدا قوتابی بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو ڕاستیگەرایی بەر کەرەستەو شمەکەکانی ژیان دەکەوێت و باشتر لێیان تێدەگات و دواتر بەشداریان پێدەکات لە پرۆسەیەکی تەواو هونەریدا.



فێرکردن لەڕێگەی وانەی کردارەکییەوە قوتابی گورجتر دەکات

هەروەها باشترین ڕێگەش بۆ فێربوون ئەنجامدانی پرۆژەی هونەرییە، چونکە لەکاتی جێبەجێکردنی کاری پرۆژەدا قوتابییەکان لەسەر شێوازی کارێک ڕێکدەکەون و خۆیان گفتوگۆدەکەن لەسەر هەڵبژاردنی ئەو کارەی مەبەستیانە، یان سەرنجیان ڕادەکێشێت. لەهەمانکاتیشدا قوتابییەکان خۆیان دەزانن چی دەکەن؟ چۆن دەکەن؟ بەچی دەیکەن؟ ئەوەش مەبەستی کاری هونەرییە، کە بتوانێت ئاستی بیرۆکەو خەیاڵبازی قوتابییەکان بجوڵێنێت و دواتر لە پرۆسەیەکی تەواو هونەریدا لەڕێگەی کارێکی پرۆژەئامێزدا تواناکانی خۆیان پیشان بدەن، یان نمایش بکەن.

جا ئەگەر توانیمان قوتابییەکان بە گۆمەڵگەوە ببەستینەوە، ئەوا بێگومان ئاستی فێربوونیان پێشدەکەوێت و لەهەمانکاتیشدا ئارەزووی فێربوونیشیان لەلادروست دەبێت. هەروەها ئامانجی ئەم جۆرە چالاکییەش گەشەپێدانی ئاستی پەرۆشییە بۆ کارەکەی، ئنجا بۆ دەوروبەرەکەی.

بەپێی تیۆرەکەی «ولیام کلَباتریک»[١] W.Kilpatrick کە پۆلێنکاری بۆ کاری پڕۆژە[٢] ئەنجام داوەو بۆ چوار جۆری وانەگوتنەوە پۆلێنی کردوون، کە بریتییە لە:


پرۆژەی هەڵچنین

١. پرۆژەی هەڵچنین: (پرۆژەی بنیاتنان)

ئەمجۆرە پرۆژەیە، کە پەیوەستە بەو کارە کردارەکیانەی قوتابی ئەنجامی دەدات. وەک دروستکردنی پەیکەرێک لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا، یان دروستکردنی کارێکی هونەری لەناو باخچەی قوتابخانەکەدا. (بڕوانە پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕت، تەوەری هەشتەم، یان بڕوانە پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، تەوەری چوارەم، پرۆژەی یەکەم)

٢. پرۆژەی چێژبەخش:

مەبەست چێژوەرگرتنی قوتابییە لەڕێگەی:

- پێشکەشکردنی وانەکە لەڕێگەی گروپێکی مۆسیقییەوە.
- پێشکەشکردنی وانەکە لەڕێگەی پڕۆژەیەکی چیرۆکئامێزدا.
- پێشکەشکردنی وانەکە لەڕێگەی سەردانکردنی مۆزەخانە، یان پێشانگەیەکی شێوەکاری...
- پێشکەشکردنی وانەکە لەڕێگەی پڕۆژەیەکی شێوەکارییەوە.

---

[١] ئەم زانایە بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە توانی ڕێگەی پڕۆژە لە بواری کردارەکیدا بچەسپێنێت و قوتابی بکاتە چەقی فێرکاری. بە پێچەوانەی پڕۆگرامی لولپێچی، کە زیاتر لە خولگەی فێرکاریدا دەخولێتەوە. هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەم بیرۆکەیە خاوەندارییەتی بۆ ‹جۆن دیوی› دەگەڕێتەوە، بەڵام ‹کلَباتریک› گەشەی پێداو پێشی خست و ئاڕاستەکانی بۆ دیاریکرد.

[٢] مەبەست لە پڕۆژە، زنجیرەیەک کاری جۆراوجۆری یەکلەدوا یەکە، کە قوتابی ئەنجامی دەدات و ئامانجێکی دیاریکراو دەهێنێتە دی. لەبەر ئەوە کاری پڕۆژە لەکاری هونەریدا پڕ بایەخەو ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی وانەگوتنەوە لە وانەی پەروەردەی هونەردا. بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرتر بگەڕێوە بۆ پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر (پۆلی پێنج و شەش).

**٣. پرۆژەکە پشت بەکێشەیەک دەبەستێت:**

پێشکەشکردنی پێکهاتە فێرکارییەکە لەسەر بنەمای کێشەیەک، دواتر قوتابییەکان لێکۆڵینەوە لەو کێشەیەدا دەکەن. وەک پیسبوونی ژینگەی ناوچەکە، یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی، یان دروستکردن و نەخشەسازی شارێک، یان شارۆچکەیەک.

**٤. پرۆژەکە پەیوەستە بە کارامەیی:**

قوتابییەکان کارامەیی لە بابەتێکی دیاریکراودا بەدەستدەهێنن.

بۆ نموونە، هونەری کاردەستی لەکاتی جێبەجێکردندا پێویستی بە کارامەیی زۆرتر دەبێت، چونکە پێویست دەکات سەرەتا قوتابی بیربکاتەوە، ئنجا جێبەجێی بکات.

شایانی باسە، هەروەک لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ قۆناخی بنەڕەتی زۆر جەخت لە کاری هونەری کردارەکی کراوەتەوە، چونکە زۆرێک لە مامۆستایانی هونەر تەنها کاری هونەری لە نیگارکێشاندا دەبیننەوە، کە ئەوەش بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە نیگارکێشان بەشێکی گچکەی پرۆسەکەیەو هەمووی نییە.

کەواتە، پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ئەوە بزانێت، کە سیستەمی نوێی خوێندن لە جیهاندا جەخت لە وانە کرادەرەکییەکان دەکاتەوە، هەروەک چۆن فەیلەسوفی فەرەنسی ‹ئوگوست کۆمت›[٣] Auguste Comte لە تیزی، یان لە قۆناخی پۆزیتڤیزم Positivism دا پێی وایە ‹ئەزموون فێرمان دەکات›، جا ئەگەر بەپێی ئەم فەلسەفەیە بێت بیری مرۆڤ لە ڕواڵەت و ڕووداوە هەستییەکان و پەیوەندی یاساکانی نێوانیان بەولاوە هیچ نازانێت، بەڵکو تەنها ئەوە زانستە ئەزموونییەکانن، کە دەتوانن مرۆڤ بە ڕاستی بگەیەنن. جا لەبەر ئەوە زانینی ڕاستی بریتییە لە زانینی ڕووداوەکان و دیاردە سروشتییەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

---

[٣] ئوگوست کۆمت Auguste Comte (١٧٩٨- ١٨٧٥) زاناو فەیلەسەفی کۆمەڵناسێکی فەرەنسییە. ئەم زانایە تیۆرە زانستییەکانی لەسەر بنەمای تێبینیکردن هەڵچنیوە. کۆمت پێی وایە لەنێوان تاک و مرۆڤایەتیدا نێوندگیرێک هەیە، کە ئەویش خێزان و نیشتمانە. لەهەمانکاتیشدا بایەخ بە خێزان دەدات و وەک یەکەیەکی پەروەردەیی لێی دەڕوانێت. هەروەها کۆمت پێی وایە مرۆڤەکان لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە باشتر لەشتەکانی دەوروبەریان تێدەگەن و تا ئەزموونی زیاتریش بکەن، ئەوا بێگومان زانیارییەکانیان باشتر دەبێت و چاکتریش دەچەسپێ لەنێو هزرو مێشکیاندا.

ئیدی لێرەدا ئەوە ڕوون بۆوە، کە ئەزموونکردن لەڕێگەی کارو چالاکی کردارەکییەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر هزرو بۆچوون و بیرکردنەوەی قوتابی بەجێدەهێڵێت و شێوازی بیرکردنەوەو ئاستی خەیاڵبازی و جۆری داهێنانەکانیشی دەگۆڕێت، کە ئەوەش ئامانجی سەرەکی وانەی پەروەردەی هونەرە، کە مەبەستییەتی ئەندامێکی چالاک و بیرتیژو خاوەن خەیاڵێکی پاک و بێگەردو دروست بێت. کەواتە بایەخدان بە چالاکییە کرادارەکییەکان قوتابی لەدۆخی متبوونەوە دەگۆڕێت بۆ ئەندامێکی چالاکی پڕ جوولە. لێرەشدا ئەو وزەو توانایەی هەیەتی لە کردارێکی بەسووددا خەرجی دەکات.

## سوودەکانی چالاکییە کردارەکییەکان

١. قوتابی لە چەقبەستوویی دەردەکات.
٢. چێژ بەقوتابی دەبەخشێت.
٣. بیرو ئاستی خەیاڵبازی فرە دەکات.
٤. توانای داهێنانی بۆ شتەکان باشتر دەبێت.
٥. توانای هاوڕێگرتنی بەهێزدەبێت.
٦. دەتوانێت لەگەڵ دەوروبەریدا مامەڵە بکات.
٧. کەرەستەو شمەکی نوێ دەدۆزێتەوەو دەزانێت چۆن بەکاریان بهێنێت.
٨. زمانی گفتوگۆی پێشدەکەوێت و باشتر لەدەوروبەرەکەی تێدەگات.
٩. ئاستی بەکۆمەڵایەتی بوونی دەچێتە قۆناخێکی نوێوە.

## ئەرکی مامۆستا لە چالاکییە کردارەکییەکاندا

پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوە بزانێت، کە لەگەڵ چ جۆرە منداڵێکدا مامەڵە دەکات؟ چونکە هەروەک بەپێی تیۆرەکەی «ڤیکتۆر لۆنفێڵد» منداڵ بۆ چەند قۆناخێک پۆلێن دەکات و هەر قۆناخێکیش خاوەن بیرکردنەوەو تایبەتمەندی خۆیانن. کەواتە ئەرکی مامۆستایە ڕەچاوی ئەو چالاکییانە بکات، کە لە پۆلە جیاوازەکاندا ئەنجامی دەدات، چونکە منداڵ بەپێی ئاستی تەمەنی توانا ئەقڵی و لەشەکییەکانی کارپێدەکات و دەبێت ئەو چالاکییەش لەئاستی ئەو گەشەیەدا بێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێک ڕێنمایی، وەک:

١. هەڵبژاردنی کەرەستەو شمەکی گونجاو، وەک لە پڕۆگرامەکاندا ئاماژەیان پێدراوە.
٢. مامۆستا چاودێرو ئاراستەکەرو لەهەمانکاتیشدا چاوتیژبێت، تا قوتابییەکان پێکهەڵبکەن و زەبر بەیەک نەگەیەنن (بەتایبەت پۆلەکانی ١-٢-٣).
٣. شوێنی فراوان و کراوە هەڵبژێرێت بۆ چالاکی کردارەکی، تا قوتابییەکان بە ئاسوودەیی کارەکە ئەنجام بدەن.
٤. مەرج نییە هەموو چالاکییەک لە قوتابخانەدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو پێویستە ئەرکیماڵەوەش بە قوتابی بدرێت، تا خۆیشی هەوڵەکانی بخاتە گەڕو توانای پەیدۆزی بەکاربخات.
٥. لەگەڵ چالاکییەکاندا کاری پڕۆژەش بە قوتابییەکان بسپێرێت.

## پڕۆژە

پڕۆژە، بریتییە لە کردارێکی هەرەوەزی گروپکاری. واتە کۆمەڵێک قوتابی پێکەوە لەسەر بیرۆکەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو ڕێکدەکەون و دواتر هەریەکەیان بەجیاو بە سەربەخۆیی کارەکەی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام هەموویان یەک بیرۆکە جێبەجێ دەکەن لە دواییدا پارچەی کارە هاوبەشەکە لێکدەدەن و کارێکی یەکگرتوو لە واتا، یەکەی بابەت، شێوازی کارکردن بەرهەم دەهێنن. جا ئەم کارە یەکڕوو، یان دووڕوو، یان سێ ڕەهەندی بێت کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە قوتابییەکان پێکەوە لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکبکەون و دیدو بۆچوونی هاوبەشیان هەبێت، وەک:
١. یەکەی بابەت.
٢. کەرەستەی بەکارهاتوو.
٣. شێوەی کارەکە.
٤. قەبارەی کارەکە.
٥. کاتی دیاریکراوی جێبەجێکردن.
٦. پوختی و ڕێکی و هاوسەنگی.

## بنەماکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە

‹جۆن دیوی› بنەماکانی فێربوونی بەڕێگەی پڕۆژە بەم شێوەیە دیاریکردووە:

١. فێربوون لەڕێگەی کارکردنەوە.
٢. فێربوون لەڕێگەی ئەو ئازادییەی بۆ قوتابی دەستەبەر کراوە (بەپێی ئارەزوو، پێداویستی و گرنگیپێدان).
٣. فێربوون لەڕێگەی ژیانکردن، بۆیە دەتوانرێت فێرببن لە ڕێگەی بوار ڕەخساندنەوە بەمەبەستی سەرکەوتن لە ژیاندا.
٤. خۆفێرکاری.



مامۆستاو قوتابییان لەسەر پرۆژەیەك رێكدەكەون

## ڕۆڵی مامۆستا لە پڕۆژەدا

- توانای شیکردنەوەی پێداویستییەکانی قوتابیانی هەبێت، کە بوونەتە جێگەی بایەخپێدانیان.
- پلانی باش دابنێت بۆ ئەو چالاکیانەی، کە هاوکار دەبن بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکان و ڕەفتارباشی لە جێبەجێکردندا.
- ڕەخساندن و ئامادەکردنی ژینگەیەکی لەباری فێرکاری بۆ قوتابییەکان.

## ڕۆڵی قوتابی لە پڕۆژەدا

لێرەدا پڕۆژە بە بایەخەوە ڕۆڵ و پێگەی قوتابی دیاریکردووە، جا قوتابییەکە بە تەنیا، یان بەگروپ لە پڕۆژەدا کار بکات، چونکە پلانی کارکردن ئەوەیە کێ پڕۆژەکە جێبەجێ دەکات؟ هەروەها ئەو هەنگاوانە چین، کە جێبەجێکار دەیگرێتەبەر لەکاتی کارکردندا؟ جا لەبەر ئەوە قوتابی جێبەجێکارە، نەک بیسەر. کەواتە قوتابی لەکاتی جێبەجێکردندا ڕۆڵ و پێگەی خۆی دەزانێت و دواتر ئەو هەنگاوە پێویستیانە دەهاوێت، کە پێویستن بۆ جێبەجێکردن. لە کۆتاییشدا قوتابییەکی داهێنەری بیرتیژی خاوەن بیرۆکەمان بۆ بەرهەمدێت.



ڕۆڵی قوتابی لە خستنە ڕووی بیروبۆچوونەکانی گرنگەو پێویستە فەرامۆش نەکرێت

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پڕۆژە

### ١. هەڵبژاردنی پڕۆژە

هەڵبژاردنی پڕۆژە لە گرنگترین قۆناخەکانەو پێویستە بە هەستیارییەوە بڕیاری لەسەربدرێت، چونکە دەبێت هەڵبژاردنەکان وردو پوخت و گونجاوبن. لەهەمانکاتیشدا ئەگەر بمانەوێت پڕۆژەکە سەرنجڕاکێش و سەرکەوتووبێت، ئەوا بێگومان پێویستە هەڵبژاردنەکە لەجێگەی خۆیدابێت. مەبەستە لە هەڵبژاردنی پڕۆژەدا وردبین و ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی قوتابی بکرێت (پڕۆژەکە بگونجێت لەگەڵ توانای ئەقڵی و لەشەکی و توانا زیرەکییەکەی) و لەگەڵ

ئارەزووەکانیشیدا بێتەوە. ئیدی لێرەدا مامۆستا پرۆژەکە لەسەر بنەمای پێویستی و توانای قوتابییەکان هەڵدەبژێرێت، نەک لەسەر ویست و ئارەزووەکانی.

هەروەها لەسەر مامۆستایە هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەی پێش جێبەجێکردن پێویستن بۆ بەرچاوی قوتابی ڕوونیان بکاتەوەو زانیاری تەواویان پێ بدات. هەروەها ئەگەر کرا کەرەستەو شمەکی پێویستییان بۆ دابین بکات. لە هەمانکاتیشدا قوتابییەکان ئاگادار بکاتەوە لە پلانی جێبەجێکردن.

## ٢. پلانی پرۆژە

پێویستە سەرەتا پلان بۆ پرۆژەکە دابنرێت، چونکە پلانی باش سەرەتایەکی باشە بۆ سەرخستنی کارەکە. هەروەها پلان ڕێنماییمان دەکات بۆ جێبەجێکردن و کۆتاییهێنان بە پرۆژەکە لە کاتێکی دیاریکراودا. جا لێرەدا نەخشی مامۆستا دەردەکەوێت لە داڕشتنی پلانی باش و ئاراستەکردنی قوتابییەکان.

## ٣. جێبەجێکردنی پرۆژە

گرنگترین خاڵ لەکاتی جێبەجێکردندا سەربەخۆیی کارکردنی قوتابییە، چونکە ئەوە قوتابییە دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ بەچی جێبەجێی دەکات؟ کەواتە لێگەڕێ با قوتابی بیرو ئاست و توانای کارامەیی خۆی بخاتە گەڕو هەست و نەستی لەکارەکەدا بەگەڕ بخات. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە مامۆستا لەکاتی گونجاودا سەرپەرشتیارو چاودێرو ئاراستەکەربێت، تا قوتابییەکان هەست بە دڵنیایی و متمانەی زۆرتر بکەن. گرنگە مامۆستا لەهەندێک دۆخی پێویستدا هەندێک ڕینمایی گرنگ بە قوتابییەکان بدات، تا کارەکە پوخت و پاک و ڕێک و پێکبێت، یان هەندێک چاکسازی لە کارەکەدا بکات، ئەوەش بەمەبەستی جوانترکردنی کارەکەو هێشتنەوەی لە دۆخێکی هونەری ئاست بەرزی جواندا.

### ٤. هەڵسەنگاندنی پڕۆژە

مامۆستا تەواوی پڕۆژەکە هەڵدەسەنگێنێت هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوە، تا کۆتایی پڕۆژەکە. ئیدی لێرەدا ئاستی مامۆستای باش لەوەدا دەردەکەوێت، کە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروست و هاوسەنگ بۆ تەواوی پڕۆژەکە بکات و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بە دیدێکی دادپەروەرانە بەسەر تەواوی پڕۆژەی قوتابییەکاندا جێبەجێ بکات. جا ئەوەی زۆر گرنگ و جێگەی بایەخە بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوەیە، کە پێویستە مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدەن، تا زانیاری بگۆڕنەوەو ئاگایان لە شێوازی کارکردنی یەکتر بێت و شارەزایی لە ئەزموونی یەکتر وەربگرن.

## سازدانی گەشتی هونەری

یەکێک لەو ڕێگەیانەی، کە پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر لە وانەکەیدا بیگرێتەبەر سازدانی گەشتی هونەرییە. واتە مامۆستا کەشێکی لەبارو گونجاوی هونەری بۆ قوتابییەکان دەخوڵقێنێت و وایان لێدەکات




قوتابخانە گەشتی بەکۆمەڵ بۆ قوتابیان ساز دەکات

ڕاستەوخۆ بەرکەوتەیان لەگەڵ کارە هونەرییەکان، ئنجا ژینگەی دەوروبەریان هەبێت. جا ئەو گەشتانە هونەری، یان زانستی بن دەچنە چوارچێوەی چالاکییە زانستییەکانی فێرکارییەوە. ئەم جۆرە چالاکییانە ئەگەر ئامانجداربن خزمەتێکی گەورە بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکات.

پێویستە سەرەتا مامۆستا پلانێکی تۆکمە بۆ ئەم جۆرە گەشتانە دابنێت و هەموو لایەنەکانیش لەبەرچاو بگرێت (هونەری- زانستی)، لەگەڵ بەستنەوەی تەواوی پلانی گەشتەکە بە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. شایانی باسە، قوتابی لەم جۆرە گەشتانەدا چاوی دەکرێتەوەو زانیارییەکان ڕاستەوخۆ وەردەگرێت و بیریشی ناچێتەوە، چونکە وەک یادەوەرییەک لە بیرەوەریدا هەڵیاندەگرێت، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاستی زیرەکی و گەشەی هەستەوەرەکانییەوە هەیە، کە لە کۆتاییدا چێژ لەو گەشتەکە وەردەگرێت.

## بایەخی گەشتی هونەری

گەشتی هونەری توانا ئەزموونییە فێرکارییەکانی قوتابی بەرز دەکاتەوەو فێردەبێت ڕاستەوخۆ ئەو زانیارییانەی خوێندویەتی لە ڕێگەی زارەکییەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ لەو گەشتانەدا چارەسەر بۆ زانیارییە تێکئاڵاوو نا ڕاستەکان بدۆزێتەوەو جارێکی دی زانیارییەکانی ڕێکبخاتەوە. بۆنموونە، سەردانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی دەکات و ڕاستەوخۆ لەو زانیارییانە تێدەگات، کە ڕژێمی بەعس چی بەسەر میللەتی کورددا هێناوە؟ چونکە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان دەبینێت، یان سەردانی مۆزەخانەی هەولێر دەکات، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو گۆزەو دیزەو پاشماوە دێرینانە دەبینێت، کە مرۆڤە دێرینەکان سازیان کردووە لە کوردستاندا.



بەپێ ڕۆیشتن لەکاتی گەشتکردندا یادگاری قوتابی بەهێز دەکات

کەواتە قوتابی هەموو زانیارییە بیستراوو بینراوەکان لێکدەدات و لە ئەنجامیشدا زانیارییەکی نوێ بەدەست دەخات و جارێکی دی لە هۆش و بیریدا شیکارییان بۆ دەکاتەوە.

## مەرجەكانی سەركەوتنی گەشتی هونەری

بۆ ئەوەی گەشتە هونەرییەكان سەركەوتن بەدەستبهێنن و ئامانجەكانیان بپێكن، پێویستە ڕەچاوی پێوەرە زانستییەكان بكرێت لەكاتی جێبەجێكردندا، وەك:

١. بڵاوكردنەوەو دیاریكردنی مەبەستی گەشتەكە.
٢. دیاریكردنی ئەنجامی گەشتەكە.
٣. گرێدانی گەشتەكە بە یەكە فێركارییەكانەوە.
٤. پێشوەخت ئامادەكاری بكرێت بۆ گەشتەكە.



سازكردنی گەشت بۆ گالێری و مۆزەخانە هونەرییەكان

## هەنگاوە گرنگەكانی سازدانی گەشتی هونەری

بۆ ئەوەی گەشتە هونەرییەكە، وەك یەكەیەكی فێركاری و وانەگوتنەوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، پێویستە ئاگاداری ئەم تێبینییانە بین:

**١. ئامادەكاری باش بۆ گەشتە هونەرییەكە بكرێت (پێش گەشتكردنەكە).**

أ. مامۆستا مەبەستی گەشتەكە دیاری دەكات.

ب. ئەو ئامانجانە دیاری دەكات، كە مەبەستییەتی لەو گەشتەدا بەدەستیان بهێنێت.

ت. ئاگاداركردنەوەی قوتابییەكان لەسەر گەشتەكەو دواتر وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی.

د. بەرچاوڕوونی بداتە قوتابییەکان، تا لەکاتی گەشتەکەدا جێبەجێی بکەن.

## ٢. جێبەجێکردنی گەشتەکە

لەم قۆناخەدا مامۆستا پێشوەخت خۆی ئامادەکردووەو قوتابییەکانی لەبارەی گەشتەکەوە ئاگادارکردۆتەوەو زانیاری پێویستی پێداون، چونکە ئەگەر مامۆستا وانەکات، ئەوا بێگومان سەرئێشەی زۆری لەگەشتەکەدا بۆ دروست دەبێت و قوتابییەکانیش لە ئەرکەکەیان تێناگەن، چونکە زانیارییان لەسەر گەشتەکە نییە.



دیتنی ڕاستەوخۆی کارە هونەرییەکان لەلایەن قوتابییەکانەوە ئارەزووی هونەرییان زۆرتر دەکات

قوتابییەکان لەکاتی گەشتەکەدا تێبینی و زانیارییەکان لە تێنووسێکدا تۆماردەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر قوتابییەک بەجیاو بەتەنیا زانیاری و تێبینییەکان تۆماربکات.

لەوانەش گرنگتر ئەوەیە، کە قوتابییەکان شوێنی گەشتەکە وێنەبگرن، یان بە ڤیدیۆ وێنەی لێهەڵبگرنەوەو لەکاتی وانەگوتنەوەدا دووبارە بەکاری بهێننەوەو سوودی لێوەربگرن.

## ٣- قۆناخی دوای گەشتەکە

بۆ ئەوەی مامۆستا بزانێت گەشتەکە ئامانجی خۆی پێکاوە، یان نا پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکات:

أ. دڵنیابێتەوە لەو پلانەی، کە بۆ گەشتەکەی دانابوو جێبەجێ کراوە، یان نا؟

ب. گوێبیستی ئەو ڕاپۆرتانەبێت، کە قوتابییەکان نووسیویانە.

ت. ڕاستکردنەوەی هەندێک لەو زانیاریانەی قوتابییەکان لە ڕاپۆتەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە سەرنجیان لەسەر بدات.

د. ڕاستەوخۆ گوێبیستی ڕاو سەرنجی قوتابییەکان بێت لە ڕێگەی دروستکردنی خشتەیەکی تێبینی بەم شێوەیەی لای خوارەوەو دواتر بەسەر قوتابییەکانیدا دابەش بکات:

| گەشتە هونەریەکەم بەدڵە | گەشتە هونەرییەکەم بەدڵ نییە |
|---|---|
| ١. | ١. |
| ٢. | ٢. |
| ٣. | ٣. |
| ٤. | ٤. |
| ٥. | ٥. |
| ٦. | ٦. |

هـ . سازکردنی نمایشێکی هونەری بۆ ئەو چالاکیانەی لە گەشتەکەدا سازکراون. وەک نمایشکردنی (وێنە، زانیاری، نیگار، ڤیدیۆ، ڕاپۆرت...).

و. مامۆستا باشترین ڕاپۆرت هەڵدەبژێرێت و داوا لە قوتابییەکە دەکات لەبەردەم قوتابییەکاندا بیخوێنێتەوە.

# تاقیکردنەوە

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، بریتییە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە نابێت تاقیکردنەوەی سەرکاخەز ئەنجام بدات. واتە تاقیکردنەوەی هاوشێوەی وانەکانی تر، بەڵکو وەک ئەم شێوازەی بۆی دانراوە دوو جۆر تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، وەک:

**تاقیکردنەوەی گرووپکاری:** کاتێک مامۆستا ڕۆژانە ئەرک بە کۆمەڵەکان دەسپێرێت و دواتر لێیان وەردەگرێتەوە، ئنجا پێویستە بەپێی خشتەی ژمارە (١) نمرە بۆ کۆمەڵەکە دابنێت.

**تاقیکردنەوەی تاککاری:** لێرەدا مامۆستا بەپێی خشتەی ژمارە (٢) قوتابییەکان ڕۆژانە تاقیدەکاتەوەو تاقیکردنەوەکەش ئەنجامی ئەو چالاکییەیە، کە قوتابی لەپۆلدا، یان لە چالاکی ئەرکی ماڵەوەدا ئەنجامی دەدات، دواتر وەک لە خشتەی (٣) یەمدا دەرخراوە دوو نمرە کۆدەکرێتەوەو نمرەی کۆتایی قوتابی دەردەچێت، بۆ تاقیکردنەوەی سەریساڵیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام پێویستە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ئەو ئامادەکاریانە دابنرێت، کە قوتابییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. واتە مامۆستا ئەم ماندووبون و ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان تاک، تاک کاری قوتابییەکان هەڵدەسەنگێنێت و نمرەی خۆیان بۆ دادەنێت، کە ئەوەش بەیەکێک لە هەڵسەنگاندنە دادپەروەرەکان دادەنرێت و ئەرک و ماندووبونی قوتابیش لەبەرچاودەگیرێت و هەمووان بەپێی توانای خۆیان نمرە وەردەگرن، بەڵام پێویستە مامۆستا دادپەروەربێت و کارێک نەکات قوتابی لەئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەو هونەریانە پاشگەز بکاتەوە، چونکە هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی هەڵە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پرۆسەی پەروەردەی قوتابییەکان دروست دەکات و شڵەژانێک لەنێویاندا دەخوڵقێنێت. جا بۆ ئەوەی ئەم بەرتەکە ڕوونەدات دادپەروەری مامۆستا سەنگی مەحەکە بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆسە هونەرییەکە.

# خشتەی ژمارە (١)

## تاقیکردنەوەی گرووپکاری

پۆلی: لقی: قوتابخانەی:

| ناوی گرووپەکان | نمرەی چالاکییەکانی وەرزی: | | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | |

مامۆستای وانە

## خشتەی ژمارە (٢)

پۆلی:　　　　لقی:　　　　قوتابخانەی:

| ژ | ناوی قوتابییەکان | نمرەی ڕۆژانەی وەرزی: | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | | | | | | | | | | |

# خشتەی ژمارە (٣)

پۆلی:　　　　　　　　لقی:　　　　　　　　قوتابخانەی:

| ژ | ناوی قوتابی | نمرەی گروپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجامی وەرزی: |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |
| ١٣ | | | | |
| ١٤ | | | | |
| ١٥ | | | | |
| ١٦ | | | | |
| ١٧ | | | | |
| ١٨ | | | | |
| ١٩ | | | | |
| ٢٠ | | | | |
| ٢١ | | | | |
| ٢٢ | | | | |
| ٢٣ | | | | |
| ٢٤ | | | | |
| ٢٥ | | | | |

# خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل:                                        وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم



# مێژووی هونەر

## پێشکار

مامۆستای بەڕێز، لەم تەوەرەدا باسی مێژووی سەرهەڵدانی کاری هونەری کراوە لە هەندێک لە شارستانییەتەکانداو بە ڕوونی زانیارییەکان خراونەتە ڕوو، جا لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوەیە ئەم زانیاریانە بخوێنێتەوەو بە شێوەیەکی سادەو ساکار بە پێی ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان زانیارییەکان ببەخشێت و نابێت زانیارییەکان بە ئاڵۆزی و دژواری بگێڕێتەوە.

کەواتە لەسەر مامۆستایە بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکات و دەستەواژەو واتاکان شی بکاتەوەو بە شێنەیی و بەپێی پلانێکی دیاریکراو ڕوونکاری بکات و کەشێکی لەبارو گونجاوو شیاو بۆ قوتابییەکان برەخسێنێت. هەروەها لەگەڵ وانەکانیشدا پلان و خشتەی چۆنییەتی بابەتە ڕوونکارییەکان خراونەتە ڕوو، تا مامۆستا ئاگای لەتەواوی خستنەڕووی  بابەتەکەبێت.

مامۆستای بەڕێز، ئەم زانیاریانە بۆ لەبەرکردن نین و تەنها ئاشناکردنی قوتابییەکانە بە مێژووی هونەری مرۆڤایەتی و زانینی هەندێک زانیاری شاراوە، کە ئەو تەنها وەک مێژوو خوێندوویەتی و لایەنە هونەرییەکەی لا ڕوون نەبووە، بەڵام لێرەدا بوارە هونەرییەکە پێش بوارە مێژووییەکە خراوەو بە شێوەیەکی زانستی، ئنجا هونەری مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەوەی لێرەشدا دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە پێویستە ئەم زانیاریانە لە شێوەی چیرۆک بۆ قوتابییەکان بگێڕدرێتەوەو چێژ بە وانەکە، ئنجا بە قوتابییەکان ببەخشێت، جا ئەگەر شانۆگەرییەکیش لەو بارەیەوە سازبکرێت، زۆر باش دەبێت و قوتابییەکانیش زانیارییەکان بە سادەیی وەردەگرن و بیریان ناچێتەوە.

هەروەها بۆ ئەم تەوەرەش تەنها چوار شارستانییەت هەڵبژێردراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە فەرمانڕەوایەتییان لە سنووری جوگرافیای کوردستاندا بووەو پاشماوە دێرینەکانیشیان گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

شایانی باسە، ئەم تەوەرە بۆ تاقیکردنەوە نییەو نابێت بە زارەکی و سەرکاخەز قوتابی تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدات، بەڵکو مامۆستا بەپێی ئەو خشتەیەی بۆی دیاریکراوە، تەنها هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی تێگەیشتن و زانیارییە وەرگیراوەکانی قوتابییەکان دەکات. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا، وەک زانیاری بەخشین مامەڵە لەگەڵ ئەم تەوەرەدا بکات.

تێبینی: مامۆستای بەڕێز بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرترو وردترو گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان، بگەڕێوە بۆ هەردوو کتێبی ‹هونەری گرافیک› و ‹هونەری ئیسلامی›، لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی «خەلیل عەلی».

# وانەی یەکەم



# مێژووی هونەری ئەکەدییەکان

# وانەی یەکەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: مێژووی هونەری ئەکەدییەکان

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت:

مامۆستا، دوای ئەوەی تەواوی بابەتەکە دەخوێنێتەوە، وەک دەستپێک بۆ خستنەڕووی ئەم بابەتە، پێویستە گفتوگۆی ئەم پرسیارو زانیارییانە لەگەڵ قوتابییەکاندا ڕاڤە بکات و لەڕێگەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدا بە سادەیی بابەتەکەیان بۆ شی دەکاتەوەو هەوڵ دەدات گومانێک لە هۆش و بیری قوتابییەکاندا نەهێڵێت، بەومەرجەی بابەتەکە لە بابەتێکی مێژووییەوە بگۆڕێت بۆ بابەتێکی هونەری. واتە زۆرتر وانەکە ڕووگەیەکی هونەری وەربگرێت، نەک مێژوویی و واش چاکە ئەو چەند زانیارییە پێویستە بەو شێوەیەی لای خوارەوە ئاراستە بکات:

١. میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دووڕووبار) بە کوێ دەڵێن؟
٢. ئەکەدییەکان کێن و لەکوێ فەرمانڕەواییان کردووە؟
٣. کێ دەتوانێت باسی هونەری تەلارسازی ئەکەدی بکات؟ زەقورە چییە؟
٤. کێ دەتوانێت باسی هونەری پەیکەرسازی ئەکەدی بکات؟
٥. ئەکەدییەکان بەچەند جۆر پەیکەریان تاشیوە؟
٦. بابەتی پەیکەرەکانی ئەکەدی زیاتر ئایینی و سەربازی بوون.
٧. ئەکەدییەکان لە هونەری هەڵکۆڵیندا شارەزابوون.
٨. ئەکەدییەکان مۆریان لە بەردو تەختە کۆڵیوە.

## قوتابییەکان چی فێردەبن؟

١. ئەکەدییەکان دەناسن.
٢. شوێنی فەرمانڕەواییان پێدەزانن.
٣. لە هونەری ئەکەدی تێدەگەن.
٤. جۆرەکانی پەیکەرتاشین دەناسن.
٥. لە هونەری هەڵکۆڵین باشتر تێدەگەن، چونکە لە ساڵانی ڕابردوودا لێگریان لە قوڕکردووەوە لە پەیکەری چاڵکەوتوو پەیکەری ڕووبەرزیان دیتووە.
٦. لە هونەری نەخشەسازی تەلارسازی تێدەگەن، چونکە هەموو تەلارسازییەک پێویستی بە نەخشەکێشان هەیە، ئنجا دروستکردنی.

## ئەرکی مامۆستا:

لەگەڵ وانەگوتنەوەکەدا، نمایشکردنی وێنەو بەڵگەنامەکان لەڕێگەی داتاشۆوە.

## کورد، بەرەو بنیاتنانی شارستایەتی نوێ

مامۆستای بەڕێز، دوای ئەوەی زانرا، کە پاشخانی هونەری و دیرۆکمان چییە؟ لەم قۆناغ و بەشەی ئێستادا، کورد هەنگاو دەنێ بەرەو دروستکردنی شارستانی هاوچەرخ و کۆمەڵگەی کراوەو خۆژیێن. بۆیە دەکرێت پرسیار بکرێت (بۆچی گەنجی فارس شانازی بە شارستانی ساسان و هەخامەنشی دەکات و عەرەبیش شانازی بە ئیمپراتۆریەتی سۆمەرەوە دەکات؟)، کە هەموویان لەسەر خاکی کوردو باب و باپیرانمان دروست کراون و بنیات نراون. ئەی بۆچی منداڵ و گەنجی کوردیش شانازی بەخۆیەوە نەکات، کە لەسەر خاکەکەی ئەم هەموو شارستانیەتانەو چەندین شارستانی تریش بنیات نراون؟ کە بەگشتی بریتین لە شارستانیەتی دەوڵەتانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشووری و سۆباری و لولویی و گوتی و کاشی و خوری و میتانی و ئورارتویی و مانی و کاردۆخی و میدی و ئەخمینی ئەشکانی و سلوکی و ساسانی و هتد. هەروەها هەندێکیان وەک ڕەچەڵەک بۆ نەتەوەی کوردی ئێستا، لەلایەن هەندێک لە مێژوونووسانەوە هاتوونەتە هەژمارو هەریەک لەوانە بەپێی سەردەم و هێزو توانایان لە ڕەخساندنی هەلومەرجدا، دەسەڵات و پێگەیان لە کوردستان، یان لە هەندێک بەشی کوردستاندا هەبووە.



نەخشەی ناوچەی میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دووڕووبار)

لێرەداو لەبەر زۆری بابەتەکەو تێکەڵ نەبوونی زانیارییەکان، بەباش زانرا وەک نموونە، تەنها تیشک بخرێتە سەر هەڵبژاردەیەک لە هونەر لە سەردەمی هەندێکیاندا.

## ئەکەدییەکان

لە سـاڵانی (٢٣٧١ – ٢٢٣٠ پ.ز) ئەکەدییەکـان بەسـەرکردایەتی ‹سـەرجۆن پاشـا›، توانیـان دەسـەڵات وقەڵەمڕەوی خۆیـان لە کوردسـتانی باشـورەوە تـا نـاوچەی ئەنـادۆڵ درێژ بکەنەوەو پایەختیـان بریتـی بـووە لە شاری (ئەکەد)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقی ئەمڕۆ.




پاشا ناودارەکانی ئەکەد:

١- سەرجۆنی ئەکەدی[٤] (٢٣٧١ – ٢٣١٦ پ.ز).

٢- نرام سین (٢٢٩١ – ٢٢٥٥ پ.ز).

٣- شار کالی شاری (٢٢٥٤ – ٢٢٣٠ پ.ز).

---

[٤] سەرجۆنی ئەکەدی، دایکی ژنی پەرستگا بووە، باوکی نەناسراوە. کاتێک منداڵەکە لەدایک دەبێت، دایکی، منداڵەکە دەخاتە ناو سەبەتەیەکەوەو دەیخاتە ناو ئاوی فورات. دواتر باخەوانێک دەیگرێتەوەو دەیخاتە خزمەت خواوەند عەشتارەوە، دواتر پلەکەی بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی ئاوگێری پادشای کیش (اور– زبابا).

سەرجۆن ٥٦ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووەو ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی دروست کردووەو خۆشگوزەرانی بۆ میللەتەکەی هێناوە. سوپایەکی بەهێزی هەبووە سنووری ئیمبراتۆریەتەکەی فراوان کردووە، بە دامەزرێنەری ئەم ئیمبراتۆریەتە گەورەیە دادەنرێت.

## هونەری ئەکەدی



پەیکەری پیاوێکی ڕیشدار
هەزارەی سێیەمی پ.ز

هونەری ئەکەدی بەیەکێک، لە جوانترین و سەرەتاییترین هونەرەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا دادەنرێت لەڕووی بیناسازی ئایینی، پەیکەرسازی، هەڵکۆڵین و ڕازاندنەوەوەدا. هەروەها هەموو شارستانییەتەکانی میزۆپۆتامیا، لە هەموو بوارەکاندا سوودیان لەیەکتر وەرگرتووە. ئەم کەللەسەرەش نموونەیەکی کاری هونەری پەیکەرسازی ئەکەدییە.

## هونەری تەلارسازی

ئەکەدییەکان بە بەکارهێنانی خشتی سوورکراوەو نەخشی سەردیوار لەڕووی تەلارسازی شێوازێکی تازەی بنیاتنانیان داهێناو پەرستگاکانیان بە شێوازێکی ئەندازەیی ڕێک دروست دەکردو جۆرێک وردەکاری پێوە دیاربوو، کە پەنجەرەی زۆر وایکردبوو، تا ڕووناکی بگاتە ناو هۆڵەکان و ئاگردان (ئاتەشگە)، لە دەروازەکان شوێنی بخور بەجیا دروست دەکرا. بەم شێوازە تەلارسازییە دەگوترا (زەقورە). ئەم نەخشەیەش باشترین نموونەی تەلارسازی ئەکەدییە.



نەخشەسازی تەلارسازی ئەکەدی



نموونەیەکی خەیاڵی زەقورەی شاری ئور – سەردەمی ئورنمو

زەقورە یەکەم تەلاری هەڵچنراوی ستونی بووە، لە دەرەوەی شار دروست دەکرا تا سەربەخۆبێت، بەمەبەستی سازدانی کەشی ئایینی بۆ خواوەندو پاشا، خەڵک دیاری پێشکەشی خواوەند دەکرد، تەلارەکە چوار ڕووی گۆڕەپان بوو، بۆ ئەنجامدانی کەشە ئایینیەکە، وەک لە وێنەکەدا دیارە.

## هونەری پەیکەرسازی



سەرجۆنی ئەکەدی، لە برۆنز دروستکراوە

پەیکەری ئەکەدییەکان، بچووک بوون و زۆر گەورە نەبوون. بۆیەکەم جار کانزایان بەکارهێناوە لە بواری پەیکەرسازیدا. پەیکەری کە للەسەری «سەرجۆنی ئەکەدی» یەکێکە لە پەیکەرە نایابەکان و سێ هێندەی کەللەسەری ئاسایی بووە، لوت و لێوەکانی زۆر بە جوانی دروستکراوەتەوەو چاوەکانیشی بەردی بەنرخی بۆ دانراوەو لەڕووی هونەریەوە گرنگی زۆر بە پەیکەرەکە دراوەو بە کانزای برۆنز داڕێژراوە، وەک لە وێنەکەدا دیارە، کە لە شاری نەینەوا دۆزرایەوە پایتەختی ئاشوورییەکان. پاشاکان خۆیان بە پیاوانی باڵای ئایینی داناوە (خواوەند) کە لەمێژووی وڵاتانی میزۆپۆتامیادا نموونەی نەبووە، «نرامسین» لە کوردستان پەیکەری سەرکەوتنەکانی کێشاوەو ئێستا کۆپیەکی لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراوە.



نرامسین بەسەر دوژمنەکانیدا سەردەکەوێت – نیوەی هەزارەی سێیەم پ.ز

## هونەری هەڵکۆڵین و ڕازاندنەوە

ئەکەدییەکان، مۆری ڕوتەخت و لوولەییان بە وردەکاریەکی زۆرو نەخش و نیگارێکی جوان بەکارهێناوە. مۆری ئەکەدییەکان دەڕازێنرانەوە بە وێنەی دارو گوڵ و شێوە ئەندازەییەکان.



مۆری پاشا شاری کالی شاری، کوری نرام سین.



مۆرێکی لولەیی ئەکەدی.



مۆرێکی لولویی سەردەمی ئەکەدییەکان

هەروەها ناو مۆرەکان پێکهاتبوون لە بابەتی سیاسی، ئاینی، ئابووری. شێوەی مۆرەکان لوولەیی بوون و تایبەت لەسەر تابلۆی قوڕین دراون و دواتر تابلۆ قوڕینەکان سووڕکراونەتەوە ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەوە بووبێ، تا دەستکاری نەکرێن. بابەتی ناو مۆرەکان زۆرتر ئاژەڵی ئەفسانەیین و بابەتێکی دینی دەگێڕنەوە، وەک مۆرەکەی پاشای «شاری کالی شاری»، کوڕی «نرامسین».

بۆ وەرگرتنی زانیاری زۆرترو لێکگرێدانی زانیاری و چالاکییەکان، وەک بیرهێنانەوەیەک بگەڕێوە بۆ پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەت، تەوەری دووەم، وانەی چوارەم، چالاکی یەکەم و دووەم.

## پەیکەری گلگامش


پەیکەری گلگامش

یەکـــــێکە لە پەیـکەرە جوانەکـان. گلگـامش شـێرێک لە بــاوەش دەگرێـت و بەســــــۆزەوە دەڕوانێـت، گلگـامش، پـاڵەوانی ئەفسـانەی ئەدەبی سـۆمەری و ئەکەدیـیە. نــاوی لە لیســــتی پادشـــا ســـــۆمەرییەکاندا هــاتووە، پێنجەمـین پادشـــای بنەمـــاڵەی وەرکای یەکەمە، کە یەکـێکە لە بنەمـاڵە فەرمانڕەواکـــــانی ســــەردەمی دوای تۆفان.

شایانی باسە، ئەم پەیکەرە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە لەوانەش:

١. کۆڵینەکەی وردو هەستیاری پێوەدیارە، کە ئەوەش وا پیشـان دەدات، کە وەستای کارامە بەنەرمی مامەڵەی لەگەڵ بەردە خاوەکەدا کردبێت.
٢. پەیکەرەکە ڕوو لە بینەر دەکات و جۆرێک لە سەرسامی پێوەدیارە.
٣. مەچـەک و بازووەکەشـی هێزی ئـەوە دەردەخـەن، کـە وەک کەسـێکی دەســەڵاتدار دەردەکـەوێت، لەگـەڵ ئەوەشــدا لەباوەشـگرتنی شـێرێک پیشاندانی هێزو دەسەڵاتە.
٤. لەڕووی تەکنیکارییەوە هەوڵدراوە لە کەسە ڕاستەقینەکە بچێت، لەگەڵ نەخشاندنی جل و پۆشاکەکەی.

## هونەری ئەکەدی بەم تایبەتمەندیانە دەناسرێتەوە:

١- بەکارهێنانی برۆنز بۆ دروستکردنی پەیکەرو پارچە هونەریەکان زیاترو زۆرتر دەبێت. هەروەها تەکنیک و چۆنیەتی مامەڵەکردنیش لەگەڵ کانزاکان پەرەدەسێنێت . ئەمە جگە لە پەرەسەندنی کاری گڵێنەکاری (سیرامیک).


نمونەی کارێکی برۆنزی ئەکەدی

٢- نوێکاری و ڕەنگرێژی و جۆراوجۆریتی تەکنیک و کەرەستەو بابەتەکان (هیچ بابەتێک نەبوو لە یەکێکی دی بچێت لە ڕووی جوولەو دەربڕین و وردەکاریەکانەوە)، وەک لە پەیکەرەکەی خوارەوەدا دیارە.


نموونەیەکی جوانی پەیکەرسازی ئەکەدی

٣- پەیکەرتاشی و هەڵکەندن و نیگارە ئەکەدیەکان، وێنەی خەڵکیان بە پێچەوانەی سۆمەریەکان وەکو خۆیان و لەسەر شێوەی خۆیان دوور لە ملکەچی بۆ پاشاو دوور لە نزمی و بەندەیی وێنا دەکرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە گوێیان نەداوەتە دین و دەسەڵاتی پاشا.

٤- لەسەردەمی ئەکەدیەکاندا، پەیکەرتاشی و هەڵکەندن و نیگارکێشان بە شێوەیەکی زۆرو بەرچاو لەکوردستاندا هونەری ئەکەدی، لە خواوەند، سیرامیک دروست کراوە، نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەم زۆر دەبێت. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرە بەرجەستە ئەکەدییەکان لە کوردستان دۆزراوەتەوە.

دوای ئەوەی مامۆستا وانەکە، وەک وانەیەکی هونەری، نەک مێژوویی بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوەو هەندێک پرسیارو وەڵامیش دەوروژێنێت، هەروەک لە خستنەڕووی وانەکەدا ڕوونکرایەوە. ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستا گرنگە پێویستە بایەخ بە زانیارییە کردارەکییەکان بدات، بۆ نموونە ئەرکیماڵەوە بە قوتابییەکان بسپێرێت، وەک لە خوارەوە دیاریکراوە:
با سەرەتا قوتابییەکان بکرێن بە دوو گروپ، گروپی یەکەم ئەرکی یەکەمیان پێ بسپێرەو گروپی دووەمیش ئەرکی دووەمیان پێ بسپێرە.

١. ئەرکی یەکەم:


بەردێکی داخوراو

وەک لە وێنەکەدا دیارە مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، بەردی داڕوشاو، یان داخوراو، یان شکاو کۆبکەنەوە، بەڵام بەومەرجەی پاک و خاوێن و جوان و سەرنج ڕاکێش بن. هەر قوتابییەک دەتوانێت بەردێک لەگەڵ خۆی بهێنێت. وەک ئەم نموونەیە.

٢. داوا لە گروپی دووەم بکە هەروەک لە وێنەکەدا دیارە هەر قوتابییەو


چەند بەردێکی فرەجۆری فرە ڕەنگ

بەردێکی ساف و جوان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، بەو مەرجەی بەردەکان، تا دەکرێت ڕەنگاو ڕەنگ بن، یان سەرنج ڕاکێش بن، وەک لە نموونەکەدا دیارە.

لە وانەی دواتردا مامۆستا بەردەکان لە پرۆژەیەکی هونەریداو لە دووگروپی هونەری جیاوازدا کۆ دەکاتەوەو نمایشێکی هونەری جوانیان پێ ئەنجام دەدات.

# وانەی دووەم



# مێژووی هونەری ئاشوورییەکان

## وانەی دووەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: مێژووی هونەری ئاشوورییەکان

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت:

لەم وانەیەدا کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی، ئنجا هونەری خراوەتەڕوو، زۆربەشیان زانیارین بۆ مامۆستا، نەک قوتابی، بەڵام مامۆستا وانە دەتوانێت جارێکی دی زانیارییەکان لە بۆتەیەکی هونەری دابڕێژێتەوە، وەک یەکەیەکی هونەری بە قوتابییەکانی بڵێتەوە لە ڕێگەی داتاشۆوە وێنە ڕوونکارییەکان وەک یەکەیەکی ڕوونکاری بخاتە ڕوو. دوای تەواو بوونی وانەکەش وا باشە ئەم پرسیارانە لە قوتابییەکان بکرێت و گفتوگۆیەکی هونەری سازبکرێت، وەک:

١. ئاشوورییەکان لە کوێ ژیاون؟
٢. کامانەن ئەو بوارانەی هونەر، کە ئاشوورییەکان گرنگیان پێداوە؟
٣. کۆشک و تەلارەکانیان بە چی دروستکردووە؟
٤. پەیکەرەکانیان بەچەند جۆر داتاشیوە؟
٥. تۆ ئارەزووی کام شێوازی کارکردنە دەکەیت؟
٦. گای باڵدار چییەو بۆچی بەکارهاتووە؟
٧. پەیکەرەکانی ئاشوور گوزارشتیان لەچی کردووە؟
٨. بۆچی ئاشوورییەکان تەلارەکانیان لەبەرد دروستکردووە؟
٩. مۆری ئاشوورییەکان چۆن بووە؟

### سوودەکانی ئەم وانەیە:

١. قوتابی لە هونەری دێرینەناسی تێدەگات.
٢. دەزانێت، کە لەڕابردووشدا کاری هونەری کراوە.
٣. تێدەگات مرۆڤی ئاشووری بایەخی بە هونەری تەلارسازی داوە.
٤. بۆی ڕووندەبێتەوە، کە ئاشوورییەکان، جگە لە نووسین بایەخیشیان بە وێنەکێشان و پەیکەرسازی داوە، بەمەبەستی نووسینەوەی ڕووداوەکان لەڕێگەی وێنەوە.

## ئاشوورییەکان

ئاشوورییەکان، نیشتەجێی کوردستانی باشور بوون بەتایبەت لە موسڵ و هەولێــرو کەرکــوک و ناوچەکــانی دەورووبەی، (وڵاتــی میزۆپۆتامیــا)، ئاشوورییەکان، پێکهاتەیەکن لە گەلانی ناوچەکە. هەروەها یەکێک لەو پاشا چالاکانەی ئاشــوور، کــە بــە پاشا (ئاشــوور ناسـرپانیپاڵ) نـاوداره‌و مـاوەی فەرمــانڕەوایەتیەکەی لە نێــوان ســاڵانی (٨٨٣– ٨٥٩ پ. ز) دایەو یەکــێکە لە پاشا بەناوبانگەکانی ئاشووری، بەهۆی ئەو گەشە سەربازیەی کردی. توانی ناوچەکانی ئاسیای بچووک، فینیقیا، فەلەستین و میسر بگرێت.




نەخشەی فەرمانڕەوایی ئاشوورییەکان (ڕەنگە سەوزەکە)

## هونەری ئاشووری

هــونەری ئاشــووری بە یــەکێک لــە هــونەرە جوانــەکــانی کوردســتان دادەنرێت، بەتایبەت لەبواری پەیکەرتاشی و تەلارسازی و ڕازاندنەوە، چونکە کوردســتان بە بەرد بەناوبـانگەو چیاو گردو تەپۆلکەکانی پڕن لە پێکهـاتەی بەردی بەنـرخ. ئەمــانەش کەرەســتەیەکی بــاش بــوون، تــا بــۆ بنیاتنــانی شارسـتانییەتە کـەم وێنەکـەی لە وڵاتـی میزۆپۆتامیـادا سـوودیان لـێ ببینێت.

هونەرمەندی ئاشووری، بەهای خۆی بە هەموو شتێک بەخشیوە. لە تابلۆو پەیکەرەکانیاندا ژنان سەرپەرشتیارن (منداڵ بەخێودەکەن، خواردن ئامادە دەکەن، سەرپەرشتی خێزان دەکەن. کەمتر لە وێنە جەنگییەکاندا دەردەکەون). لە هەمانکاتیشدا ئاشوورییەکان لە پەیکەرەکانیاندا بایەخیان بە جەنگ و سوارچاکەکانیان داوە، وەک لە وێنەکەدا دەردەکەوێت. هەروەها پاشاکان، کۆشکی شاهانەیان دروستکردووەو بۆ پیاوانی ئایینیش و سەردارە مەزنەکان پەیکەری گەورەو جوانیان داتاشیوە، موت و مورو ملوانکەی نایابیشیان بۆ شاژن هۆنیوەتەوە.



سوارچاکێکی ئاشوری، ئازاو نەبەرد، لەسەر سوارەکەوە تیر دەهاوێژێت. نمونەی هونەری ڕەسەن و جوان

## پەیکەری ئاشووری

لەشەڕدا، ئاشوورییەکان لەبەرانبەر دوژمنەکانیاندا جەنگاوەری بەهێزو دڕبوون. بۆیە سەرکردەکانیان هەموو سەرکەوتنەکانیان بە شێوازی دیواربەندی هەڵکۆڵیوە، کە چۆن دوژمنەکانیان کەلەپچە دەکەن و پێش خۆیان دەدەن؟ وەک لە وێنەکەدا دیارە هونەرمەندی ئاشووری وێنەی



هەموو کڕنۆش بۆ پاشا دەبەن. تابلۆیەکی هەڵکۆڵدراوی سەر بەرد (ڕلیف) ی ئاشوری

شێوازی گەمارۆدان و هێرش کردنە سەر قەڵاو مەیدانی شەڕەکانیان کێشاوەو داتاشیوە، یان وەک لە هەردوو وێنەکەدا دیارە کاتێک «ئاشوورپانیپاڵ» ڕاوو شکار دەکات.

ئاشوورییەکان بەدوو جۆر پەیکەر بەناوبانگن، یەکەم، پەیکەری خڕو بەرزەڕوو. دووەم، پەیکەری تەختە ڕوو، «ڕووبەرز» (ڕلیف).

پەیکەری خڕ، هەرچوار ڕووی پەیکەرەکە دیارەو بەرزە، بەڵام پەیکەری ڕووبەرز، لەسەر تاشە بەرد هەڵیان کۆڵیوە، لە سەردیواری تەلاشە بەردە گەورەکانی چیا. ناوی پەیکەرتاشەکان دیار نین، بەڵام نموونەی هونەرێکی مەزنیان بۆ بەجێ هێشتووین، بەڵام پاشماوە بەجێماوە پەیکەرە خڕو بەرزەکان زۆر کەمیان لێماوەتەوەو جەنگ و کاولکاری هەموویانی تێک شکاندووە.



ئاشوربانیپاڵ شەڕ لەگەڵ شێرێکی ڕاوکراودا دەکات. نیشانەی هێزو دەسەڵاتی ئاشوربانیپاڵ پیشان دەدات



شێرێکی ڕاوکراو، نمونەی هونەرێکی ئاست بەرزی ئاشوریمان پیشان دەدات

ئاشوورییەکان جگە لەبەرد لەسەر عاج و برۆنزیش کاری پەیکەرسازیان کردووەو هەوڵیانداوە وردەکاری زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش دروست بکەن.

## گای باڵدار

ئەم پەیکەرە، ئەفسانەی هونەری ئاشوورییە. گایەکی باڵابەرزی گەورەیە. بە جەستە گایە، بەڵام کەللەسەری مرۆڤە. پێنج قاچی هەیە، لە پێشەوە چوار قاچ دیارەو ئەگەر لە تەنیشتەوە سەیری بکەی هەر چوار قاچ دیارە، ئەمەش یەکێکە لە سیما تایبەتیەکانی ئەم گایە. ئەم پەیکەرە، لە دەروازەی شارەکان دادەنرا، وەک پاسەوانی دەروازەکان.



گای باڵداری ئاشوریەکان، یەکێك لە پەیکەرە ئەفسانەییەکانی ئاشور

## هونەری تەلارسازی، شورا، پەرستگاکان

تەلارسازی لە هونەری ئاشووریدا، تایبەتمەندی هەیە، چونکە زۆربەی تەلارەکان بە بەرد دروست کراون، بۆیە تا ئێستا پاشماوەکانی ئاشوور لە کوردستاندا ماون. هەروەها دەبێت ئەوە بزانرێت هەر شارێک لە قوڕ دروست کرابێت، پاشماوەی زۆر کەمی لێماوەتەوە، یان هەر نەماوەو لەناوچووە، چونکە باران و لافاوو جەنگ و کاولکاری لەناوی بردوون.



تەلارسازی ئاشوری – سەردەمی سەرجۆنی دووەم

بەڵام هەر خانوو باڵەخانەکانی هەر شارێک بە بەرد دروست کرابێت، تا ئێستاش پاشماوەکانی ماون و دەیانناسینەوە، وەک خانووەکانی ئاکرێ، ئامێدی و بەشێک لە دەروازەکانی قەڵاتی هەولێر. شایانی باسە، هەمان کاریگەری تەلارسازیش بەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە ماوە بەتایبەت شاری سنەو کرماشان.



دەروازەی پەرستگای سین – نەخش و نیگارو ڕازاندنەوە

شورای ئاشوورییەکان زۆر بەهێزو خۆگربووە لەبەردەم دوژمنەکاندا، چونکە دیوارەکان هەڵچنراون بە بەردو پتەوو بەهێزو بەرزو خۆگربوون. هەروەها بۆ دروستکردنی پەرستگاکانیش، لەو بارەیەوە سوودیان لە بابل و سۆمەر وەرگرتوە، بەڵام نەخش و نیگاری ناو پەرستگاکان، زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوون. وێنەی پیاوانی ئایینی و خواوەندەکان و کەشە ئایینیەکان لەسەر دیواری پەرستگاکان هەڵکۆڵدراون و ڕازێنراونەتەوە بە نەخش و نیگاری جۆراو جۆر.

هەروەک لە وێنەکەشدا دیارە ڕازاندنەوەی ئەندازەیی و گیایی و ئاژەڵی و مرۆیی لەسەر دەروازەی پەرستگای سین، ئەو بایەخ و گرنگیپێدانەمان لە بواری ڕازاندنەوەدا باشتر بۆ دەسەلمێنێت.

## هونەری نەخش و نیگارو ڕازاندنەوە

ئاشـوورییەکان وردەکـار بـوون لە ڕازانـدنەوەی سـەردەرگاو بنمیچـی خـانوو کۆڵەکەو پەرسـتگاکان، زۆربـەی کات پەیکەرەکانیشیان دەڕازاندەوە، بەتایبـەت جلوبەرگـەکانیان، وەک لـەم وێنەیـەدا دیـارە. هـەروەها نەخشـەکان بریتی بـوون لە نەخشـی گیـایی، نەخشـی ئـاژەڵی، نەخشـی مرۆیـی، نەخشـی



نەخش و نیگارو ڕازاندنەوەی سەر پەیکەرێکی ئاشوری

ئەنـدازەیی. بەڵام زۆرتـرین نەخـش، کە بەکـار هاتبێـت، نەخشـی گیـایی و ئەندازەیی بووە. تا ئێستاش کورد هەمان ئەو نەخشانە بەکاردێنێت، لە سـەر جاجم و بەڕەو مافورو فەرش. تەنانـەت نەخش و نیگارەکان پێکهاتەی ناو ماڵیشی گرتەوە، بۆ کورسیەکان، باشترین و جوانترین دار هەڵدەبژێردرا، بۆ نەخــش و نیگـار باشــترین کــانزاو بەردی بەنــرخ و جــوانترین نەخــش دەستنیشان دەکرا.

## هونەری مۆرهەڵکەندن





دوو مۆری سەردەمی ئاشوری

دەبێ هونەرمەندی ئاشـووری بیـری لەوە کردبێتـەوە، وڵاتێکـی ئــاوا مەزن بــێ مــۆر نابێــت. هـەروەها بەپێویستیشـی زانیبـێ، کە مۆرەکـان شایسـتەی مەزنـی و گەورەیـی ئاشـووربێت، هـەروەک لـەم دوو وێنەیەدا دیارە.

بۆیە شێوازی مۆرەکان بە کەمێک دەستکاری و کۆمەڵێک وردەکاری زۆرتر کاری لەسەر کرا. مۆرەکان لەسەر بەرد یان عاج هەڵدەکۆڵدران، بەشێوەی لوولەیی و دواتر دەنران بە پەڕەی قوڕینەوە، دواتر پەڕەقوڕینەکان سووردەکرانەوە، وەک لە وێنەکەدا دیارە. ئێستا زۆرێک لەم پەڕەقوڕینانە لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون. کە لە گردی شمشارە، لە شاری ڕانیە دۆزرانەوە. مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئاشووری دەگەڕێتەوە.


تابلۆیەکی پەڕە قوڕینەی ئاشوری

## هونەری ڕستن و چنین

هەروەک لە وێنەکەدا دیارە ئاشوورییەکان، لە ڕستن و چنیندا دەسترەنگین بوون. لە ناوچەی شمشارە (دەکاتە، شاری ڕانیەی ئێستا لە پارێزگای سلێمانی)، خوریان گواستۆتەوە بەرەو ‹نەینەوا›و لەوێوە بازرگانەکان شەراب و ڕۆنیان هێناوەتەوە. ڕەنگ و نەخشی زۆر جوانیان بەکارهێناوە لە چنینەکانیاندا (بەڕە، جاجم، ڕێشمەی ولاخ...)، لە هەمانکاتدا لە هۆنینەوەی داوو سازکردنی شێوازی ڕەنگەکاندا زۆر باش و لێهاتوو بوون. هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەم نەخشانەش لە گوندەکانی کوردستان درێژەی پێدەدرێت، بەتایبەت لە دروستکردنی جاجم و بەڕەو مافوور، کە زۆربەی نەخشەکان، نەخشی ئاژەڵی و ئەندازەیی و گیاییە. هەمان ئەو ڕازاندنەوانە، ئەسپ و سوارچاکەکانیشی گرتۆتەوە، جەنگاوەری ئاشووری بە جوانترین شێوە خۆی و ئەسپەکەی ڕووپۆش کردووە، ئەگەر سەیری پەیکەرە هەڵکۆڵدراوەکان بکەین بەڕوونی ئەو نەخشاندنە هەست پێدەکەین. نموونەی جل و بەرگی ئاشووری، تا ئێستاش وەک کەلتور، ژنانی «ماردین»ـی لە کوردستانی باکور دەیپۆشن و نموونەی ڕستن و چنینی ئەو سەردەمەمان پیشان دەدەن.


جلوبەرگی ئاشوریەکان


جلوبەرگی ئاشوری، لەبەر ژنەکوردی ماردینیدا

## هونەری گڵێنەکاری

ئاشوورییەکان، لەبواری گڵێنەکاریشدا، دەست ڕەنگین و داهێنەربوون. قاپ و گۆزەو دیزەکانیان بە نەخشو نیگاری جوان ڕازاندۆتەوە. کەرەستەو پێداویستییە شاهانەییەکان جوانترو ڕازاوەتر بوون، نەخشەکانیان وردترو داهێنەرانەتر بوون. لە بواری کەرەستە بەکارهاتووەکانیشدا، وەک: قاپ و گۆزەو دیزەو سوراحی تایبەت و گوڵدان. هەموو ئەوانەش بەڕەنگی تایبەت دەنەخشێنران، هەروەک لە وێنەکەشدا دیارە جۆری نەخش و ڕازاندنەوەکان تایبەت بوون.



نموونەی دوو گۆزەی گڵێنەکاری ئاشوری

## تایبەتمەندیەکانی هونەری ئاشووری

١. تابلۆو پەیکەرە ئاشوورییەکان، دەربڕی جەنگ و سەرکەوتنەکانن، چونکە پادشاو سەرکردەکانی ئاشوور بە جەنگەوە سەرقاڵ بوون.
٢. هونەرمەندی ئاشووری لە دڵەوە کاری کردووەو هەست و نەستی خستۆتە خزمەت کارە هونەرییەکە. هەروەها هەوڵی داوە لە خەیاڵدانیدا وێناکان بکێشێن، چونکە هونەرمەند لەسەردەمی جەنگ و داگیرکاری و وێرانکارییەکاندا ژیاوە. کارە هونەریەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەم ژیانەن.
٣. هونەری ئاشووری بە سادەیی سەرسوڕهێنەر دەناسرێتەوە، تارمایی و ئەندێشەی زۆر تێدایە.
٤. هونەری ئاشووری، ئاژەڵ و مرۆڤی لێک داوە و مرۆڤێکی ئەفسانەیی لێدروست کردووە، وەک: (گای باڵدار، هەڵۆی مرۆیی...)، مرۆڤێکی ئەفسانەیی نەخشاندووە، کە پڕیەتی لە هێزو توانا.

## ئەركی مامۆستا

مامۆستای بەڕێز، ئەم وانەیە ڕاستە وەک وانەیەکی مێژوو دێتە بەرچاو، بەڵام دەکرێ تۆش وەک مامۆستایەکی وانەی هونەر هەوڵی خۆت بدەی زیاتر ئەم بابەتە، وەک چیرۆک بگێڕیتەوەو لایەنە هونەرییەکە زاڵتر بکەی بەسەر لایەنە مێژووییەکەدا. بۆ نموونە ئەم بابەتانە باس بکە:

١. ئەو نەخشونیگارانەی ئاشوورییەکان لەسەر پەیکەرەکان نەخشاندوویانە.

٢. ئەو شێوازەی ئاشوورییەکان لە کۆڵین و تاشینی پەیکەرەکاندا بەکاریان هێناوە لەگەڵ ئەو کەرەستەو شمەکە بەردەستانە.

٣. ئەو نەخشونیگارانەی ئاشوورییەکان لە ڕستن و چنیندا بەکاریان هێناوە بە ڕەنگی گەش و سەرنج ڕاکێش چنراون.

٤. لە بواری کاری گڵێنەکاریدا ئاشوورییەکان کاری زۆر جوانی شاهانەییان ئەنجام داوەو کارەکانیان پڕکردوون لە نەخشونیگاری جوان، بەتایبەت گۆزەو گوڵدانە مەزنەکان.

٥. ئاشوورییەکان لە ڕازاندنەوەی سەردیوارو بنمیچ و سەردەرگاو سەرپەنجەرەکاندا کەم وێنەبوون. زۆربەی نەخشونیگارەکانیش لەسەربەردو بەردی حەللان(*) کۆڵدراون.

## ئەرکی ماڵەوە:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، هەریەکێکیان لەسەر هەویری ڕەنگاوڕەنگ (قوڕی سناعە) نەخشێک هەڵبکۆڵن، بەڵام بەومەرجەی هەویرەکە لەناو سەرە قوتوویەکدا کاری هونەری تێدا ئەنجام بدرێت، تا جوانترو پارێزراوتر بێت و گواستنەوەی ئاسانتربێت.



سەرە قوتوێك ڕۆڵی چوارچێوە دەگێڕێت

(*) بەردی حەللان، بەردێکی نەرمی شێوە کلسییەو لە پێدەشتی موسڵ زۆرە، بەزۆریش لە ڕازاندنەوەی ڕووی دەرەوەی خانوودا بەکاردەهێنرێت و بەئاسانی بەهۆی نەرمییەکەیەوە دەتوانرێت نەخشونیگاری لەسەر هەڵبکۆڵدرێت و تەلاشی گەورەی لێنابێتەوە، کە ئەوەش هاوکاردەبێت بۆ دروستکردنی نەخشێکی جوانی ڕێکوپێک.

# وانەی سێیەم



# مێژووی هونەری میدییەکان

# وانەی سێیەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: مێژووی هونەری میدیيەکان

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

## خستنەڕووی بابەت:

دوای ئەوەی مامۆستا بابەتەکە دەخوێنێتەوە، دواتر لە شێوەی زانیاری بۆ قوتابییەکانی باس دەکات، بەڵام دەبێت دوور بکەوێتەوە لە بابەتە مێژووییەکەو زیاتر لە بابەتە هونەرییەکە نزیک بێتەوەو داهێنان و کارە هونەرییەکانیان بەهەند وەربگرێت و لە قوتابییەکانی ئاڵۆز نەکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. میدییەکان لەکوێ ژیاون؟
٢. نەخشونیگارییان لەسەرچی هەڵکۆڵیوە؟
٣. ئەو نەخشونیگارانە چی بوون، کە کێشابوویان؟
٤. بابەتە ئایینییەکان چی بوون؟ چۆن بوون؟ گوزارشتیان لەچی دەکرد؟
٥. لە بواری تەلارسازی چۆن کاریان کردووە؟
٦. گۆڕەکانیان چۆن هەڵچنیووە؟

## سوودەکانی ئەم وانەیە بۆ قوتابییان:

١. قوتابی تێدەگات، کە ئەم شارستانییەتانە سوودیان لە هونەری یەکتر وەرگرتووە.
٢. قوتابی تێدەگات، کە هونەری کۆڵین هونەرێکی دێرین بووەو سەرجەم میللەتە دێرینەکان پشتیان پێبەستووە بەمەبەستی گوزارشتکردن.
٣. قوتابی بەهای بەردی بۆ دەردەکەوێت لەکاری هونەریدا.
٤. قوتابی تێدەگات، کە بەرد نەخشی هەبووە لە پێشخستنی شارستانییەتەکاندا، بەتایبەتی بۆ دروستکردنی تەلارسازی و ڕێگاوبان سوودی زۆری لێوەرگیراوە.

**تێبینی:** پێویستە مامۆستا وێنەڕوونکارییەکان لەڕێگەی داتاشۆوە بۆ قوتابییەکان نمایش بکات.

## میدییەکان

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەتەوەیەک دەرکەوتن بەناوی میدییەکان لە ڕەچەڵەکی ئاری بوون. ئەم میللەتە دوای ئەوەی هۆزە بومییەکانیان لەناو خۆیاندا تواندەوە، بوون بە یەک. «هێرۆدتی» مێژوونووسی یۆنانی لە بارەی مادەکانەوە دەنوسێت: مادەکان لەدوای نیشتەجێبوون لە ئێراندا دەستیان بە شوانی کرد. هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە بەخێویان دەکرد، ئەسپ و گاجوت و مەڕو بزن بوون. مادەکان خاوەنی گالیسکەیەک بوون، کە پێچکەکانیان لە قەدی دار دروست دەکرد. مادەکان بە شێوەی تیرەو بەرەبابی جیاواز لەگەڵ یەکتری دەژیان، بەڵام لەکاتی پێشهاتنی مەترسیداردا بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکاندا یەکیان دەگرت.



نەخشەی سنوری میدییەکان

میدییەکان ئیمپراتۆریەتێکیان دامەزراند، سنوری لە هەمەدانی ئێستاوە تا سنوری دەریاچەی وان درێژ بۆوەو (وەک لە نەخشەکەدا دیارە) بوونە هاوسێی ئاشوورییەکان و بەر مەترسیەکانی ئاشوورییەکان کەوتن و لە دواجاردا لەناوخۆیاندا (واتە میدییەکان) یەکیان گرت و بونە هێزێکی زۆر گەورە. پاشا ‹کیاکسار› بە هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ کلدانییەکان، تواني شاری نەینەوا لە ساڵی (٦١٢پ.ز) بگرێت و لەگەشەسەندن ڕاییگرێت. سنوری دەسەڵات فراوان بوو تا هەموو ئاسیای بچووکی گرتەوەو لەم لاشەوە سنوری گەیشتە تەنیشت یۆنان. کیاکسار، بە یەکێک لە پاشا هەرە بەهێزەکان دادەنرێت.

# هونەری میدییەکان





پاشماوەیەکی هونەری میدی

میدییەکان، خاوەن هونەرێکی مەزن بوون. بە یەکێک لە هونەرە زۆر جوان و درەوشاوەکانی ناوچەکە ئەژمار دەکرێت. بەوە جیادەکرێتەوە لەگەڵ نەتەوەکانی تر، کە میدییەکان زۆرتر گرنگیان بە تەلارسازی و گۆڕەکان داوە، وەک لە پەیکەرسازی. خاڵی لاوازی میدییەکان، فەرامۆش کردنی پەیکەرسازی بووە، بەڵام هونەرمەندانی میدی ئەوەندەی توانیویانە لە بواری پەیکەسازیدا هەروەک لە وێنەکانیشدا دیارە هەندێک لە دەست ڕەنگینی خۆیانمان بۆ بەجێ بهێڵن، بەڵام نەتوانراوە، ببێتە جێگەی بایەخ پێدانی پادشاکان. زۆرتر پشتیان بە بەرد بەستووە بۆ بنیات نانی شارستانیەتەکەیان.


سەربازێکی میدی - هونەری میدی

## هونەری تەلارسازی میدییەکان



قەڵای دم دم، نموونەیەك و كۆپییەكی تەلارسازی میدییەكان

کۆشـــــــــــکەکان لە بەردی ناوچەکە دروست دەکران. سـەرەتا تەلارەکـــان لە نـــاوچە بەرزەکـــان دروست دەکرا، وەک پارێزگارییەک لە هێـــزی داگیـــرکەر (کۆشـــکی ئاســایی)، دواتــر کۆشــک و تەلارە تایبەتیەکــان (کۆشــکی شــاهانە)، لە ناوچەیەکی کراوەی دەوروەدراو بە شاخ دروست دەکرا.

سـەرەتا ڕووی حەوشـەکەیان بە بەردی ڕووتەخـت ڕوپۆش دەکـردو دواتـر کۆشـک و تەلارەکەیـان بەرز دەکـردەوە. کۆڵەکەو سـەرکۆڵەکەکان بە نەخـش ونیگـاری جـوان دەڕازێنـرایەوە. لە هەمـان کاتـدا کۆشـکەکان هێـزو دەســـەڵاتی میـــدییەکانی پیشـــان دەدا. میـــدییەکان، لە دروســـتکردنی قەڵا جەنگیەکاندا نموونەیان کەمبووە. زۆرتـر قەڵاکانیان لەسـەر تەپۆلکەو گـردو بەرزاییەکان دروست کردووە، دواتـر بەشـورای زۆر بەهێز دەورەیان داوە، دروســتکردنی ئەو قەڵا گەورانە نیشــاندەری هێـزو دەســەڵاتن لە بەرانـبەر ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دوژمنان، قەڵای «دم دم» نمونەیەکی زیندووی کۆپی کراوی شارستانیەتی میدییەکانە.

## داستانی قەڵای دمدم

سـەرچاوەکانی مێژوو بـە وردی باسـی ئـەم ڕووداوە گرنگـەی سـاڵی (١٦٠٨ز) دەکـەن، کـە لـەڕووی گێڕانـەوەی مێژوویـیـەوە، کـە بەئاسـانی دەتوانرێت چاوێک لەسەرچاوە کوردی و فارسییەکان بکرێت، کە چۆن باس لـە قڕکـردن و ئەنجامـدانی کوشـتارگەی گـەورە لەسـەر کـوردان دەکـات. هەروەها باس لە نەبەردی و قارەمانییەتی کوردان دەکات، کە چۆن سـەریان بۆ دوژمنان شۆڕنەکردووەو ملکەچیان قبوڵ نەکردووە.

جا قارەمانـانی قـەڵای دمـدم بـە سـەرکردایەتی «خـانی لـەپزێڕین» تـا دڵۆپی خوێن لەگەڵ دوژمناندا شـەڕیان کردووەو پێیان باشـبووە هـەموان

بمرن، نەک سەرشۆڕی دوژمن بن. هەر لەوبارەیەوە «ئەسکەندەر بەگی تورکمەن» نووسەرو میرزای دەرباری شا عەباسی سەفەوی کە خۆی یەکێک بووە لە گەواهیدەرەکانی ئەم لەشکرکێشییە بۆسەر کوردان لە لاپەڕەکانی (٨٠٧ تا ٨١٧) ی کتێبی (عالم ئارای عباسی)دا باس لە جوامێری لەپخانی زێڕینی کورد و خوێنڕێژی شاعەباسی سەفەوی دەکات و بێ پەردە باس لە دوژمنایەتیکردنی «شاعەباس» بۆ کوردان ئاشکرا دەکات، کە چۆن بەخوێنی سەری کوردان تینووبووەو دەڵێت: لە نێوکوردانیدا لەپێش هاتنی ئیسلام و لەسەردەمی ساسانییەکاندا باوبووە لە هەرشوێنێک قەڵایەک هەبوبێت و بەرزبووبێت پێیان گوتووە قەڵای دمدم.

لە هەمانکاتیشدا «پیربرداغ» میری تەوریز (ئێران)، کە پیاوێکی فیتنەبازو سەربەگۆبەندو پاوانخواز بووە و چاوی بەقەڵای دمدم و خەڵکەکەیی و «خانی لەپزێڕین» هەڵنەهاتووەو لەلای «شاعەباس» دەستی کردووە بە فیتنەیی و دووزمانیکردن، خانی لەپزێڕینی بە یاخی ناساندووە. هەرچەندە «شاعەباس» بە ڕواڵەت لەپزێڕینی خۆشویستووەو بەئاشکرا نەیویستووە بیڕەنجێنێ، جا لەبەر ئەوە بەهۆی «قولێخان» ناوێک بەمەبەستی فریودان نامەیەک بۆ لەپزێڕین دەنووسێت، بەڵام پیربوداغ کە ئارەزووی بە لەپزێڕین نەهاتووەو تەنها بوخزاندویەتی و چاوی بە پیاوەتی و ئازایەتی لەپزێڕین نەهاتووە، جا لەبەر ئەوە هەمیشە ویستویەتی ئاگری فیتنە لەنێوان «شاعەباس» و «خانی لەپزێڕین»دا دروستبکات و ئەو دۆستایەتییە بۆ دوژمنایەتی بگۆڕێت. ئیدی لەو نێوەندەدا «پیربەداغ» زۆر بەخراپە باسی مەترسیداری «خانی لەپزێڕین» بۆ «قولێخان» دەکات و زۆری دەترسێنێت و بە پیاوکوژ دەیان ناسێنێت و بەناوی دڵسۆزییەوە سوپایەکی دووهەزارکەسی بەناوی دڵسۆزییەوە ڕەگەڵ «قولێخان» دەخات و هانیشی دەدات سڵ لە سێبەی خۆی نەکاتەوەو بەزەیی بەکەسدا نەیەت و باز بەسەر هیچ کەسێکی کورداندا نەدات، ئەگینا خۆی تێدا دەچێت!

شایانی باسە، قولێخانیش بە فیتنەی ئەو دوژمنە دڵپیس و قین لەدڵە سەرجەم گوندەکانی سەر ڕێگەی قەڵا دەداتە بەر زەبری بێبەزەییانەی خۆی و کوشتارگەیەکی زۆر ئەنجام دەدات و بەزەیی بەکەسدا نایەتەوەو کەس نابوێرێت و کوردان قڕ دەکات و مێژوویەکی ڕەش بۆخۆیان تۆماردەکەن.

هەروەها لەمێژووی دێرینی کورداندا چەندین بەیت و حەیران و لاوک بۆ ئەم داستانە مەزنەی کوردان گوتراوەو بە ئازایەتی و مەردایەتی ناویان هێناوەو خۆڕاگری و بەهێزی کوردان پیشان دەدات.

لێرەدا ئەم قەڵایە لەڕووی تەلارسازییەوە زۆر بەهێزو تۆکمە بووەو شێوازی دیوارو قوللەی پاسەوانییەکانی لەسەر شێوازی تەلارسازی میدییەکان هەڵچنراوە، لەگەڵ سازکردنی دەرگاو شوێنی پاسەوانی، کە ئەوەش بەمیرات بۆ کوردان ماوەتەوە.

## هونەری دروستکردنی گۆڕ

بەپێی نەریتی ئایینی میدییەکان، نەدەبوو مردوو لە سەر زەوی بنێژرێت، چونکە لاشەی مردووەکە زەوی پیس دەکات. بۆیە پێویستی دەکرد گۆڕێک لە بەرد دروست بکەن و بەرزی بکەنەوە لە زەوی. دواتر مردووەکەی تێدا دابنێن. دروستکردن و ڕازاندنەوەی گۆڕەکان نەریتێکی باوی میدییەکان بووە. مێژوونووسان دەڵێن لەم ڕوانگەیەوە چاویان لە میسرییە کۆنەکان کردووە. ساسانییەکان، هەمان نەریتیان دووبارە کردۆتەوە. گۆڕی ئەشکەوتەکانی «قزقاپان» (لە سنوری قەزای دوکان) و کوڕو کچ (لە سنوری پارێزگای سلێمانی)، گۆڕی پادشاکانی میدی بوون و باشترین نموونەی بەردەستەن.


نموونەی گۆڕێکی میدی لە ناوچەی دوکان – قزقاپان– کۆپیکراوە لە مۆزەخانەی سلێمانی دانراوە

## ئەرکی ماڵەوە:

دوای ئەوەی مامۆستا داستانی قەڵای دمدم بۆ قوتابییەکان دەگێڕێتەوەو باسی جوانی و شێوازی دروستکردنی قەڵاکە، ئنجا شێوازی کەوتنی قەڵاکە دەکات دوای بەرگرییەکی مەزن و دلێرانە لەلایەن خانی لەپزێڕین و هاوەڵەکانییەوە، مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات خۆیان بیرۆکەی دروستکردنی قەڵاکە، ئنجا داستانەکە لە نیگارێکی جوانی سەرنج ڕاکێشدا بکێشنەوەو سەرپشک بکرێن لەو کەرەستەیەی بەکاری دەهێنن لە کارە هونەرییەکەدا. (قوتابی خەیاڵبازی و داهێنان لە کارەکەدا بکات)

# وانەی چوارەم



# مێژووی هونەری ساسانییەکان

# وانەی چوارەم

تەوەر: مێژووی هونەر

بابەت: مێژووی هونەری ساسانییەکان

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

---

## خستنەڕووی بابەتەکە:

دوای ئەوەی مامۆستا بابەتەکە دەخوێنێتەوە، زۆر جەخت لەسەر لایەنە هونەرییە جوانسازییەکە دەکاتەوە، بەتایبەت تایبەتمەندییەکانی هونەری ساسانی، تا بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکاتەوەو یەکە هونەرییەکانی ئەم شارستانییەتەیان پێ بناسێنێت و لەڕێگەی داتاشۆوە نمایشی وێنەڕوونکارییەکانیان بۆ بکات. هەروەها بابەتەکەیان بەم شێوەیە بۆ ڕوونبکاتەوە. بۆ نموونە:

١. سنووری فەرمانڕەوایی ساسانییەکان دەستنیشان بکات.

٢. هونەرەکەیان لەخزمەتی کێدابووە؟

٣. چۆن بایەخیان بە ڕازاندنەوە داوە؟

٤. بەردییان چۆن داتاشیوە؟

٥. ئەو وێنانەی لەسەر بەردەکانیان داتاشیوە گوزارشتی لەچی کردووە؟

٦. ساسانییەکان لە ڕازاندنەوەدا بایەخیان بەچی داوە؟

٧. چەندجۆر پەیکەریان داتاشیوە؟

٨. لەڕووی تەلارسازییەوە چۆن بوون؟

٩. چۆن و چ جۆرە کانزایەکیان بەکارهێناوە؟ بۆ چییان بەکارهێناوە؟

٠٠١٠ تابلۆ ڕەنگاوڕەنگانیان گوزارشتیان لەچی کردووە؟

٠٠١١ سکەی پارەکانیان چۆن بووە؟

٠٠١٢ گڵێنەکاری ساسانی چۆن بووە؟ بە چ شێوەیەک دروستکراون؟

٠٠١٣ هونەری ڕستن و چنین گەیشتۆتە چ ئاستێک؟ لە چ بوارێکدا بەکاریان هێناوە؟

٠٠١٤ ساسانییەکان چۆن گۆڕستانیان هەڵچنیوە؟ چیان بەکارهێناوە؟

# ساسانییەکان

ناوی ساسان، لە ناوی پیاوێکی ئایینی گەورەی زەردەشتییەکانەوە هاتووە، کە دەکاتە باپیرە گەورەی یەکەم پاشای ساسانییەکان، «ئەردەشێری یەکەم» (٢٢٦–٢٤١). «کوڕی بابک»، کە کاهینی پەرستگای ئەناهیتای زەردەشتی بووە لە شاری ‹ئیستەخر› لە دەوروبەری ‹پەرسیپۆلس›، هەر ئەویش کراوەتە پایتەختی دەوڵەت و هەروەها پایتەختی زستانەشیان لە شاری مەدائن بووە (کەوتۆتە خوار شاری بەغدای ئێستا).




نەخشەی سنووری فەرمانڕەوایی ساسانییەکان

ساسانییەکان، لەڕووی فەرهەنگی و هونەری و پەروەردەیی و زانستییەوە، زۆر پێشکەوتووبوون، تاکە ڕکابەریشیان لەو بوارەدا، بیزەنتینیەکان بوون. ساسانییەکان توانیویانە ٤٠٠ ساڵ واتە لە (٢٢٦ یان ٢٢٤ز تا ٦٥١ز) دەسەڵاتداری بکەن لە کوردستان وناوچەکانی دەوروبەری، سنوری دەسەڵاتیان زۆر فراوان بووە. زۆر بەهێزو بەتوانابوون لە ڕوبەڕوو بوونەوەو شەڕکردندا. (ئیمپراتۆریەتی ساسانی دواهەمین

ئیمپراتۆریەتی غەیرە موسڵمانە لە کوردستان و ڕۆژهەڵات). ئامانج لەم باسە میژوو و بەسەرهاتی پاشاکان و لەشکرکێشی و لەسەر تەخت دانیشتنی شاکان و لەناوچوونیان نییە، بەڵکو زانینی فەرهەنگ و زانست و هونەرەکەیانە.

## هونەری ساسانی

هونەری ساسانی، بەیەکێک لە هونەرە زۆر جوان و نایابەکانی کوردستان دادەنرێت لەبواری پەیکەرتاشی، نیگارکێشان، سکەی پارە، ڕستن و چنین، دارتاشی و هەڵکۆڵین، تەلارسازی، پیشەسازی کانزا، ڕێگاوبان... بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت پێش بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستان، واتە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشوورو میدیاو ئەشکانی و سلوقی و ساسانییەکاندا، قۆناخێکی پڕشنگداری هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی دەنوێنێ لە شارستانیەتی کوردستاندا: پەیکەرو نەخش و نیگارەکانی




لوڕستان، نەمرود، دیاربەکر (ئامەد)، هەمەدان، مەهاباد، تاقی بێستون و تاقی بوستان لە کرماشان، خڕی گەلاڵە، نەخشی ڕۆستەم، تۆپزاوەو قەلای ئامەدو



قەڵای هەولێر... یادگاری ئەو سەردەمانەی پێش بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلامن. بەهۆی هاتنی ئیمبراتۆریەتی ئیسلامەوە لەساڵی (١٣)ی کۆچی بەرانبەر (٦٣٤ ز) بەدواوە، کە سنوری دورگەی عەرەبیان بەزاندو بەنیازی جیهاد کردن بۆ هەریمەکانی رۆژئاواو رۆژهەلات، پەلیان هاویشت و لە عێراقەوە گەیشتنە کوردستان. ئیدی بەو هۆیەوە لەو ساتەوە لە کوردستان مێژووی داهێنانی پەیکەرتاشی کۆتایی پێ دێ.

## تایبەتمەندییەکانی هونەری ساسانی

١. هونەرەکە لەخزمەت پیاوانی دەسەلاتدار (شاهەنشاهی) و پیاوانی ئایینیدا بووە.

٢. هونەرەکە ڕەنگدانەی یادگاری و نەمری و سەرکەوتنەکانی شاهەنشا بووە.

٣. ڕازاندنەوەکان زۆر لە سروشتەوە نزیک بووە.

٤. لە تابلۆو پەیکەرە ڕوتەختەکان (ڕلیف) بۆشایی بەجێ نەهێشتراوەو هەمووی بە ڕازاندنەوەو نەخشەسازی (زەخرەفە) پڕکراوەتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە، پێیان وابووە تا ڕۆحی شەڕانگێزی بۆشایی پشت وێنەکە داگیرنەکات.

٥. نەخشەسازی ئاژەڵیان بەکارهێناوەو هەوڵدراوە، لەڕاستیەوە نزیک بێت (لە ئاژەڵە ڕاستەقینەکە بچێت). هونەرمەندی ساسانی هەوڵیداوە تویکاری بکات، لە ئاژەڵەکانی وەک: ئاسک، ئەسپ، کەرویشک، شێر، حوشتر، فیل، وە هەندیک ئاژەڵی ئەفسانەیی وەک ئەژدیهاو سیمرخ (لە هونەری چینییەوە وەریان گرتووە)، هەروەها باڵندەشیان کێشاوە، وەک: تاوس و مراوی و هەڵۆ.

٦. وێنەکێشی ساسانی، وێنەی مرۆڤی بەشێوەی ڕووتەڵەکی کێشاوە (تجریدی)، وە نەیتوانیوە لە ژێر سێبەری ئایینی بچێتە دەرەوەو کاریگەری هەر لەسەر بووە، چونکە شاهەنشا وەک سێبەری خوا وابووە لەسەر زەوی، بۆیە دەبوو زۆر ئیلهام بەخشانە بکێشرایەو پاشا لەرێگەی ئەو تاجە دەناسرایەوە، کە لەسەری نرابوو لەوێنەکاندا.

٧. هونەری ساسانی، بەیەکەی نەخش و نیگاری گیایی سروشتی دەناسرێتەوە، بەتایبەت هەنار، گەڵای سێپەڕی، داری ژیان، ئەم نەخشانە زۆر دووبارە دەبوونەوە.

٨. هونەرمەندەکە، زۆرجار باڵندەیەکی دەکێشا، چڵە گەڵایەکی بەدەمەوەیە، یان باڵەفڕکە دەکات، ئەمەش هێمایەک بوو بۆ ئەوەی ئەم کەرەستانەی باڵندەکەی بەسەرەوە کێشراوە خاوەنداریتی بۆ پاشا دەگەڕێتەوە. ئەم نەریتە هونەرمەند زۆر دووبارەی دەکردەوە. وەک ئەو پەیکەرە هەڵتۆقیوەی لە تاق بوستان لە «کرماشان» دروست کراوە.

٩. دوای ئەوەی ساسانییەکان بە ئیسلام بوون، کاریگەری گەورەیان بەسەر هونەری ئیسلامیدا بەجێهێشت و توانیان جێ پەنجەیان دیاربێت، بەتایبەت لە سەردەمی فاتمییەکاندا.

١٠٠٠ هونەری ساسانی لەڕێگەی گواستنەوەی قوماش و کەرەستەی ناوماڵ و جوانکاریەوە ڕاستەوخۆ کاری لە هونەری فاتمی کرد لە میسرو سوریاو شام، پێش ئیسلامیش میسرییەکان بازرگانیان لەگەڵ ساسانییەکان هەبووە. بۆیە ئەم کاریگەریە تەنها هونەری نەگرتەوە، بەڵکو کاری لە ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و کەلتوری قبتیەکانیش کرد.


پەیکەری خوسرەوی یەکەم

١١٠٠ هونەری ساسانی هێندە جوان و نازدار بووە، کاری لە هونەرەکانی تریشدا کردووەو لەهەمانکاتیشدا لەڕووی پەیکەرسازیشەوە نەخشی جوانی وەستای ساسانی شوێنپەنجەی دیارو درەوشاوە بووە، هەروەک لەم وێنەیەدا پەیکەری خوسرەوی یەکەم بە کۆمەڵێک وردەکارییەوە داتاشراوە.

## هونەری پەیکەرسازی ساسانی

هونەرمەندی ساسانی، دەست ڕەنگین و بازو بەهێزو بیر تیژوو جوانناس بووە. هەروەها توانیویەتی کار لەسەر بەرد بکات و یەک پارچە دابتاشێ. هەرچەندە هونەری پەیکەرسازی لە سەردەمی ساسانییەکاندا دەبووژێتەوە، بەڵام لەڕووی تویکاریەوە پەیکەرەکان کێشەیان هەیە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا هەروەک لە وێنەکەدا دیارە هەوڵدراوە جوانکردن و لێکچوونی لەکاری ڕاستیەوە لێکنزیک بکرێتەوە.



پەیکەری ئەردەشێر لە ناوچەی تاق بوستان لە کرماشان

لە هەمانکاتیشدا هونەرمەندی ساسانی ململانێی لەگەڵ هەموو شارستانیەتەکانی هاوسێیدا کردووە، بەڵام بەهۆی پێشکەوتوویی هونەری بیزەنتینییەوە نەیتوانیوە بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات (کەمیراتگری هونەری ڕۆم و ئەغریق بووە). پەیکەری ساسانی، زۆرتر دەربڕی پیاوانی شاهەنشاهی و سوپاسالارو میرخاسان بوون. پەیکەرتاش هەوڵی داوە نەمری بە پەیکەرەکان بدات و وەک هێمایەکی مەزن بیان هێڵێتەوە. پەیکەرتاش و پیشەگەرەکانیان، تورەکەی کەرەستەکانیان لەشان کردووەو شارەو شار گەڕاون بەدوای کارداو بە پارە کاریان کردووە. وەک لە وێنەکەدا دیارە پەیکەری ساسانی زۆرتر لەبواری پەیکەری تەختە ڕوودا نایاب بوون (ڕلیف)، زۆربەی پاشماوە پەیکەرییەکان لەسەر تەلاشە بەردی زۆر گەورەو زەبەلاح و دیواری شاخ هەڵکۆڵدراون.



پەیکەرێکی بەرزەرووی ساسانی

# هونەری تەلارسازی ساسانی

یەکێک لە کارە جوانسازەکانی وەستای ساسانی بواری تەلارسازی بووە. بۆیەکەم جار دەرگای کەوانـــی زۆر گەورەیـــان ســازکردووەو لەسـەر چوار کــۆڵکەی گەورە گــومەزی مەزنیـــان چـــێ کـــردووە. دیـــواری تەلارەکانیـــان بە نەخش و نیگاری ئەندازەیی و گژوگیـــایی ڕازانـــدۆتەوە،




وەک قـەڵای سروسـتیان و ئەردەشـێر. لەم بـوارەدا ڕەنگـدانەوەی ژینگە دۆسـتی ‹زەردەشـت›یـان بەسـەرەوە بـووە. کاتێـک تەلارێکیـان دروسـت کردووە، لەبەردەم کۆشکەکە بیریان لە دروستکردنی ئەستێلک (حەوزی ئاو) کردۆتەوە.




لە تەنیشت و بەردەمیدا شوێنیان بۆ دروستکردنی باخ و ڕێرەوو سەوزایی کردۆتەوە. هەمان ئەو کاریگەریە دوای هاتنی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو، لە دروستکردن و دیزایین کردنی تەلارو کۆشکدا. کۆڵەکەو بنمیچ و سەر کۆڵەکەکان بەنەخش ونیگار ڕازێنراوەتەوە. قەڵای ئەردەشێرو سروستان، نمونەی جوانی هونەری تەلارسازی ساسانین.

## هونەری نەخش ونیگاری ساسانی



نمونەیەك لەنەخش وهەڵكۆڵینی ساسانی لەسەر تەختە، لە میسر دۆزراوەتەوە.

لە نەخش و نیگاردا وا دەردەکەوێت، کە هونەرمەندی ساسانی لەژێر کاریگەری هونەری ئاشووریدا بووبێ، چونکە نەخشونیگارەکانیان لێکەوە نزیکە. بەتایبەت نەخش ونیگاری سەر فەرش و جاجم، تا دەگاتە نەخش و نیگاری سەر دیوارو تەختەو تەلاشە بەردە گەورەکان، بەتایبەت ئەودیوارانەی کۆشکەکانیان لەسەر هەڵچنرابوو. لە نەخشەکاندا جگە لە نەخشی ئەندازەیی و گژوگیاو ئاژەڵی، ئەم جارە نەخشی مرۆڤیشیان خستە سەرو جوانتریان کرد. هەروەک لە کۆشکی تاقی بوستان لە کرماشان دەبینرێت.

## هونەری تابلۆو کاری ڕەنگکاری



نمونەیەکی نیگارکێشی ساسانی. شێوەی دەم وچاوەکان چینی و جلوبەرگی کوردی و ڕەنگی بیزەنتینی.

نیگارکێشی ساسانی، بۆ دروستکردنەوەی شێوەکان، لەژێر کاریگەری هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بووە، وەک چینییەکان، هیندییەکان، چونکە هەندێک لە چاوی مرۆڤەکان شێوە بادامین، بەڵام لەبواری دانانی ڕەنگ و تێکەڵکردن و شێوازی گونجاندنی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتری (هارمۆنی) کاریگەری هونەرمەندانی بیزەنتینیان لەسەر بووە. ئەوەش واتای وایە، کە نیگارکێشی ساسانی بێ ئاگا- نەبووە لەوەی چی ڕوودەدات لە دەوروبەری و ئاگای لە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی هاوسێکانی بووە. تەنانەت، هەمان ئەم ڕەنگدانەوە ڕەنگیانە لە کۆشک و تەلارە شاهەنشاهیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک تابلۆی (ژنی شاپوری گەورە).

## هونەری دروستکردنی سکە (پارە) (دراو)



چەند نموونەیەك لە سكەی سەردەمی ساسانی

ساسانییەکان، لە بەکارهێنانی میتاڵدا (کانزا) زۆر لێهاتوویی و کارامەییان پێوە دیارەو لە سکەکانیشیاندا نەخشی پاشاو سەردارەکانیان دروست دەکردەوە کاتێک ڕاوو شکار دەکەن، چونکە پاشا ساسانییەکان زۆر حەزیان لە ڕاوکردن کردووە، بەتایبەت «بەهرام گۆر» پشتی وێنەکەشیان دەڕازاندەوە بە نەخش و نیگاری جوان، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە. هەروەها گیانداری ئەفسانەییان دادەنا، یان وێنەی شاهەنشایی بە ڕاوەستانەوەیەو چەکی پێ بووە.

## هونەری گڵێنەکاری ساسانی (سیرامیکی ساسانی)

لە وێنەی سەر گڵێنەکانەوە دەردەکەوێت، کە گڵێنەکارەکان هەوڵیانداوە جوانترین شێوەی گۆزەگەری پیشان بدەن، بە ڕازاندنەوەو نەخش و نیگاری جۆراو جۆر. هەروەها نەخشەکانیشیان بریتی بوون لە، نەخشی ئەندازەیی، گیایی، ئاژەڵی، مرۆیی، وەک لەم وێنەیەدا دیارە. هەروەها هەندێکیان هەڵکۆڵدراون و برێندار کراون، تا بە شێوەیەکی ڕووبەرز دەرکەون.



قاپێکی گڵێنەکاری ساسانی. نەخشی مرۆڤێکی تاج لەسەری تێدا نەخشاوە.

بەڵام هەروەک لە وێنەکەدا دیارە هەندێکی تریان بە شێوەی ڕەنگ کردن نەخشەکانیان لەسەر دروست کراوە (شوشەکراون) و هەندێکی تریشیان بەمەبەستی دیاری و بەخشینەوە تەنها بە ڕەنگی ڕۆنی نیگاریان لەسەر کێشراوە، بابەتەکانیش بریتی بوون لە ڕاوو شکار، دانیشتن و پیشاندانی ڕێزو گەورەیی، یان نەخشی زۆر وردی گیایی و ئەندازەیی. (گۆزەکان بەشێوەیەک دروست دەکران، هێندە جوان بوون هاوشێوەی کانزا دەردەکەوتن).


قاپێکی گڵێنەکاری ساسانی. نەخشی خانمێکی ساسانی لەسەر نەخشاوە.

## هونەری ڕستن و چنین

لەو سەردەمەدا، بەهۆی بازرگانی و کاروانچیەکانەوە، قوماش و کوتاڵی ساسانی بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە. خانمی ساسانی دەست ڕەنگین بووەو نەخش ونیگارەکانیشیان هێندە جوان بوون، کە سەرنجی کڕیارانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. نەخشەکان، زۆرتر ئاژەڵی و ئەندازەیی و گیایی بوون. ڕەنگی قوماشەکان زۆر جوان و پاک بوون.


جلوبەرگی سەربازی سوارچاکێکی ساسانی

هەروەک لە نەخشەسازی وێنەکەدا دیارە ڕازاندنەوەی سوارچاکی ساسانی، بە جل و بەرگی سەربازی (قەڵغان) و ڕێک پۆشی ئەسپەکەی، نیشانەی دەست ڕەنگینی و کارامەیی وەستای دروومانکاری ساسانی پیشان دەدات، کە توانای بەسەر نەخش و نیگارو کوتاڵەکاندا شکاوە و جوانناسی خۆی دەسەلماندووە.

## گۆڕستانی ساسانییەکان

ساسانییەکان، هەمان نەریتی میدییەکانیان پەیڕەو کردووە لە ناشتنی مردووەکانیاندا. هەروەها وادەردەکەوێت، کە ئەوانیش پێیان وابووبێ، کە نابێت کەسی مردوو لە سەرزەوی بنێژرێت، چونکە لاشەکەی، زەوی پیس دەکات، بۆیە پێویستی دەکرد گۆڕێک بە بەرد هەڵبچنن و بەرزی بکەنەوە لە سەر ڕووی زەوی، دواتر مردووەکەی تێدا بنێژن. هەروەک لە وێنەکەشدا دیارە گۆڕەکە لەسەر چەند چینێکی بەردین هەڵچنراوەو لەسەر ڕووی زەوی بەرز کراوەتەوەو بە شێوازێکی جوانی تەلارسازی هەڵچنراوە. هەروەها هەندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە لەم ڕوانگەیەوە ساسانییەکان چاویان لە میسریە کۆنەکان کردووە.



دروستکردنی گۆڕ، جۆرێك لە بیناسازی ساسانی

# کانزا (میتاڵ) لە هونەری ساسانیدا

هونەری بڕۆنز لە سەردەمی ساسانییەکان گەیشتە لوتکەی جوانی. نەخش و نیگارەکان دادەڕێژران و دواتر لەقاڵبێکی بڕۆنزیدا لە بۆتە دەدرا. هەروەک لە وێنەکانیشدا دیارە قاپ، سینی، گوارە، سوراحی، پەرداغ، مەسینە... هەموو ئەوانە بە شێوازێکی زۆر جوان و شاهانە دروست دەکران و بریقەدارو توندوتۆڵ بوون. هەروەها هەندێک لە نەخشی سەر کارەکانیش بریتی بوون لە بابەتی ڕاوو شکارو سەردارو پاشاکان، لەگەڵ هەندێ بابەتی ڕاوکردن و ئاژەڵ، یان وێنەی خانمی ساسانی و ئاژەڵی ئەفسانەیی، وەک سیمرغ و ئەژدیها. لە هەمانکاتدا لە بواری دروستکردنی کەرەستەکانی ڕازاندنەوەو خۆڕازاندنەوەدا دەست ڕەنگین بوون، بە مەتریاڵەکانی وەک: ئالتون و زیو، باشترین نموونەش بۆ کانزا ئالتونییەکان وێنەی ئەو گوارانەی سەرەوەش باشترین گەواهیدەرن.



نموونەی چەند گوارەیەکی لەزێڕ دروستکراوی ساسانی



دوو سوراحی لە بڕۆنزو زیو دروستکراوی ساسانی



چەند سینییەکی لە زێڕو زیو دروستکراوی ساسانی



ئاسکێکی لە برۆنز دروستکراوی ساسانی

## ئەرکی مامۆستا:

دوای ئەوەی مامۆستا وانەکە بەشێوەی گێڕانەوە دەگەیەنێتە قوتابییەکان و دواتر لەڕێگەی داتاشۆوە بەڵگەنامەو وێنە ڕوونکارییەکان پیشان دەدات، جۆرێک لە سەرسوڕمان و جوڵاندنی بیرۆکە لە خەیاڵی قوتابییەکاندا دروست دەکات، جا لەسەر مامۆستایە چەند چالاکییەک لەنێوپۆلدا ڕێکبخات و ئاستی بیرتیژی و خەیاڵبازی قوتابییەکانیش تاقیبکاتەوە، وەک ئەم چالاکییە:

پێداویستییەکانی چالاکییەکە:

١. وەک لە وێنەکەدا دیارە سیمێکی ئەلەمنیۆمی قەبارە (٥٠×٥٠سم). (ئەوسیمەی بۆ گۆشتبرژاندن، یان بۆ ڕووپۆشکردنی تەباخ بەکاردێت و زۆر تەنک نەبێت، تا نەدڕێت لەکاتی کارکردندا)



سیمی ئەلەمنیۆم

٢. کەوچکی چا، یان تەختەیەکی دەم کەوچی کول.

٣. کارتۆنێکی ئەستور (٥٠×٥٠سم).

٤. شێوەیەکی دیاریکراو. (پێشتر ئامادەکراوە)

٥. ماجیک، مقەست

سەرەتا مامۆستا پارچە سیمەکە لەسەر کارتۆنەکە گیردەکات لەڕێگەی تێپەوە. دواتر بە ماجیکێکی ڕەنگ کاڵ نەخشەکە، یان شێوە دیاریکراوەکە لەسەر سیمەکە کۆپی دەکاتەوە، ئنجا بە تەختەکە، یان بە کەوچکەکە بەسەر شێوەکێشراوەکەدا دێتەوە، بەڵام بەومەرجەی سیمەکە بریندار نەکەن، بەڵکو بەنەرمی دەستی دابگرێت. لە کۆتایی کارەکەدا سیمەکە پیشانی قوتابییەکان دەدات. چی دەبینن؟ شێوەیەکی ڕووبەرزی ڕووتەختی جوان، کە بەئاسانی توانرا لە کاتێکی دیاریکراودا سازبکرێت.

## ئەرکی ماڵەوە:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات شێوەیەک بە قەبارەی بچووک لە ماڵەوە بکێشنەوە، ئەوەش دوای ئەوەی مامۆستا پارچە سیمێکی قەبارە (١٥×١٥سم) دەداتە هەر قوتابییەک، تا چالاکییەکەی لەماڵەوە پێئەنجام بدات.

پێویستە لەسەر مامۆستا بیکاتە ئەرک، تا قوتابییەکان خۆیان دراوێک، یان نەخشێکی تایبەت بە ویستی خۆیان دروست بکەن.

# تەوەری دووەم




# دەربڕینخوازی Expressionism

## دەربڕینخوازی (ئێکسپرێسیونیزم، یان ئێکسپرێشنیزم)

لەمێژووی هونەرو ڕەخنەی هونەریدا، ئەم زاراوەیە ئاماژە بە شێوازێکی هونەری دەکات، کە تێیدا پرەنسیپ و نەریتەکانی سروشتگەرایی ڕەت دەکرێنەوە. هەروەها لەبەرانبەردا زیاتر جەخت لە تێکشکاندنی شێوەکان و زێدەڕۆیی لە شێوەو ڕەنگ دەکرێتەوە بۆ دەربڕینی ڕاستەوخۆ، لەهەمانکاتیشدا بەهێزی هەستی هونەرمەند لەبەرچاو دەگیرێت.

ئیدی بەمجۆرە چەمکی دەربڕینخوازی لە واتا گشتییەکەیدا دەتوانێت لە پێداهەڵدانی هونەریدا لە هەرشوێن و سەردەمێکدابێت و لە جیاتی تەماشای دنیای دەرەوە بکات، سەرنج دەخاتە سەر دۆخی سۆزداری هونەرمەند.

شایانی باسە، دەربڕینخوازی لە واتا تایبەتییەکەیدا، ئاماژە بە ڕێبازێک لە هونەری هاوچەرخی ئەورووپی دەکات، کە تێیدا ڕەنگی ناسروشتخوازانەی بەهێزو شێوەی سادەکراو، یان خواروخێچ بۆ دەرخستنی هەست و لایەنە تاوگیرییەکان بەکارهاتووە. ئەم بزووتنەوەیە لە فەرەنساوە دەستی پێکردو پاشان لە ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا پەرەی ستاند، بە شێوەیەکی تایبەتتر ئەم زاراوەیە ئاماژە بە بەشێک لەم ڕێبازە دەکات. واتە بزوتنەوەیەک، کە لە هونەری ئەڵمانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٥، تا ناوەڕاستەکانی ساڵانی ١٩٢٠ هێزێکی زاڵبووە. هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کەلتوری بۆ پەرەسەندنی دەربڕینخوازی لە ئەڵمانیا زیاتر لەبارتر بووە، وەک لە پارچەکانی تری ئەورووپا، هەتا بە دەسەڵات گەیشتنی نازییەکان درێژەی کێشاوە.

جا لێرەدا ئەم ڕێبازە تەنها لەڕێگەی تابلۆوە گوزارشتی لەخۆی نەکرد، بەڵکو توانرا لەڕێگەی هونەرەکانی تریشەوە، وەک شیعر، دراما، شانۆ، سینەما، ئەدەبیش بگرێتەوەو کەرەستەیەکی خاوبوون بۆ گوزارشتکردن بەو ڕێبازە. لەهەمانکاتیشدا توانرا نیگەرانییە باوەکان سەبارەت بەتەقینەوەی هێزە نائەقڵانییەکان لە ژێر سێبەری دنیای هاوچەرخدا دەربخات. هەروەها لە مۆسیقاو تەلارسازیشدا دەتوانرێت کاریگەری دەربڕینخوازی و نموونەی کاری دەربڕینخوازی ببینرێنەوە.

مامۆستای بەڕێز... هونەری منداڵ بەشێکە لە هونەری دەربڕینخوازی، هەرلەبەر ئەوەشە زۆرێک لە هونەرمەندانی جیهانی سوودییان لە هونەری منداڵ وەرگرتووەو لەنێو شێوازی کاری خۆیاندا جێگەیان کردۆتەوە، یان توانیویانە شوێن پێی کاری منداڵان هەڵبگرن. جالەبەر ئەوە پێویستە ڕێز لەکاری هونەری منداڵ بگیرێت و ستایش بکرێت و بە بێ بەها لێی نەڕوانرێت، چونکە نیگارەکانی منداڵ بەشێکە لە هەست دەربڕینی ناخی خۆی و گوزارشتی پێ لە هەستەکان دەکات و بارە دەروونییەکەی خۆی پێ دەردەبڕێت.



تابلۆی هونەرمەندی جیهانی ڤنسنت ڤان کوخ

کەواتە، دەربڕینخوازی ئامانجی یەکەمی گوزارشتکردنە لە هەست و سۆز، کە لەڕێگەی دیاردەو ڕووداوەکانەوە دێنە بەرهەم، کە بەهەمانشێوەش لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونندا ڕەنگ دەدەنەوە. منداڵ لە دەربڕینە ڕاستەقینە بینراوەکە دووردەکەوێتەوە، هەروەک لە قۆناخی باخچەی منداڵانەوە، تا ئێستە پێیدا تێپەڕیوەو ئێستەش وەردە وردە لە ڕاستیگەرایی نێزیک دەبێتەوە، بەڵام بەشێوەی دەربڕینخوازی، نەک ڕیالیزمی. هەروەک ڕەخنەگر «جیراڵد وێڵز» Gerald Wells پێی وایەو جەختیش دەکاتەوە، کە ‹دەربڕینخوازی زیاتر گوزارشتکردنە لە ناخی خۆت›.



تابلۆی هونەرمەندی جیهانی فرانز مارك – 1914

## وانەی یەکەم

تەوەر: دەربڕینخوازی

بابەت: خەیاڵبازی لە دەربڕینخوازیدا

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

## سوودە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە

### سوودە زانیارییەکان

زانیاری لەسەر تێکەڵکردنی ڕەنگەکان پەیدادەکات.

### سوودە کارامەییەکان

لە کێشانی وێنەکاندا ترس و دڵەڕاوکێ وەلادەنێ.

### سوودە ویژدانییەکان

ڕەچاوی پاکی و پوختی و هاوسەنگی لەدانانی ڕەنگەکاندا دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

قوتابییان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١. پوختی و پاکی لەکاری هونەریدا چییە؟

٢. بۆچی پێویستە بەسەربەخۆیی ڕەنگەکان بهێڵینەوە؟ واتە نابێت ڕەنگەکان چڵکن بکرێن.

٣. بۆچی پێویستە شێوەکان تێکبشکێنرێن؟

٤. بۆچی پێویستە بە هاوسەنگی مامەڵە لەگەڵ ڕەنگە گەرم و ساردەکاندا بکرێن؟



تابلۆیەکی کێشراوەی هونەرمەندی جیهانی پابلۆ پیکاسۆ

تێبینی: قوتابییەکان دەتوانن تابلۆی هونەرمەندێکی کورد، یان جیهانی هەڵبژێرن بۆ کارتێداکردن.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا، سەرەتا کورتە باسێک لەبارەی ڕەنگەکان بۆ قوتابییەکان باس دەکات و دواتر یەکەی ڕەنگییان بۆ شیدەکاتەوە. کەواتە پێویستە سەرەتا قوتابییەکان لە بەهای ڕەنگی تێبگەن، ئنجا دەست بە بیرکردنەوەو جێبەجێکردنی بیرۆکەکەیان بکەن. جا ئەگەر قوتابی لەبەهای ڕەنگی تێنەگات ئەدی چۆن دەتوانێت یەکەی ڕەنگییەکان بپارێزێت؟ یان چۆن دەتوانێت ڕەنگەکان بەسەربەخۆیی بهێڵێتەوە؟

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

مامۆستا، چەند تابلۆیەکی دەربڕینخوازی هونەرمەندانی کوردو جیهانی بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات و لەسەر ژیانی هونەرییان ڕادەوەستێت. دواتر لەسەر پێکهاتەی ناو تابلۆکە ڕوونکردنەوە دەدات، بەتایبەت:

١. بابەتی تابلۆکە لەچی پێکهاتووە؟
٢. هاوسەنگی، ئنجا دابەشکردنی ڕەنگی لەنێو تابلۆکەدا چۆنە؟
٣. پاراستنی پاکوخاوێنی، ئنجا یەکەی ڕەنگی.
٤. نمایشکردنی چەند تابلۆیەکی قوتابیان، وەک ئەم نموونانە:







## ماهر ستار

هونەرمەندی کورد «ماهر ستار» لە ساڵی (١٩٦٩) لە شارەجوانەکەی خانەقین لەدایکبووە. لەساڵی (١٩٩٥) بەشی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە شاری بەغدا تەواوکردووە. بەشداری چەندین پێشانگەی شێوەکاری لەناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا کردووەو خاوەن شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی.









# فنسنت ڤان کوخ

ئەم هونەرمەندە بەڕەچەڵەک هۆڵەندییەو لەساڵی (١٨٥٣) لەدایکبووەو لەساڵی (١٨٩٠) کۆچی دوایی کردووە. بە یەکێک لە هونەرمەندە مەزنەکانی جیهان دادەنرێت و خاوەن شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی. هەمیشە ویستویەتی گوزارشت لەناخی خۆی بکات و هەست و سۆزو دەروونی لەڕێگەی تابلۆکانییەوە دەرببڕێت. (مامۆستا دەتوانێت لەگەڵ نمایشی تابلۆکاندا زانیاری زیاتر لەبارەی هونەرمەند بۆ قوتابییەکان بخاتەڕوو).









# ئۆسكار كوكوشكا

ئۆسكار كوكوشكا بە يەكێك لە هونەرمەندە پێشەنگەكانی ڕێبازی دەربڕینخوازی جیهانی دادەنرێت. لەساڵی (١٨٨٦) لە نەمسا لەدايكبووەو لەساڵی (١٩٨٠) لە سويسرا كۆچی دوایی كردووە. بنەماڵەكەی بە زێڕنگەرییەوە خەریك بوون و خۆیشی بەنیگاركێشان، زۆر ئارەزووی گەڕانی كردووە، هۆكارەكەشی ئەو جەنگە یەكلەدوایەكانەبووە، كە ئەورووپای گرتبۆووەو شڵەژانێكی سیاسی لەو سەردەمەدا دروستكردبوو. خاوەنی شێوازی نیگاركێشانی تايبەت بەخۆیەتی و لە جیهاندا ناسراوە. نیگارەكانی گوزارشت لە ناخی هونەرمەندو ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاوە.













# یەکەی وانەکەو ناساندنی

## بابەت

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لە مێشکیاندا بیرۆکەیەک بۆ بابەتێکی دیاریکراو دەستنیشان بکەن. دواتر مامۆستا ڕێگە بە قوتابییەکە دەدات لەسەر بیرۆکەکەی ڕوونکردنەوە بدات (ئەگەر پێویستی کرد).

## شێوازی کارکردن (تەکنیکی کارکردن)

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات شێوازێکی کارکردن هەڵبژێرن بۆ کارکردن لە تابلۆکەدا (ڤانکوخ، یان کوکوشکا، یان ماهر ستار)

## کەرەستەو شمەکی کارکردن

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات کەرەستەیەک بۆ نیگارکێشان هەڵبژێرن، جا ئەو کەرەستەیە فلچە، یان شفرە، یان چەقۆ، یان پارچە پلاستیکێکە، دوای ئەوەش قوتابی سەرپشکە لە هەڵبژاردنەکەدا.

## ئاڕاستەکردن

مامۆستا پێش ئەنجامدانی کارەکە، پێویستە قوتابییەکان لەم سێ تەوەرەی سەرەوە ئاگادار بکاتەوەو شێوازی جێبەجێکردنیان بۆ ڕوونبکاتەوە، چونکە قوتابی لە هەڵبژاردنی شێوازی کارکردن و بابەتدا کەمێک کێشەی بۆ دروست دەبێت، بەڵام لەدوای یەکەم تاقیکردنەوە ئیدی خۆی دەزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ بەچی دەیکات؟ لێرەشدا ڕۆڵی مامۆستا باشتر ڕوون دەبێتەوەو بەئاسانی دەتوانێ قوتابییەکان ئاڕاستە بکات. ئەوەی بۆ مامۆستا دەمێنێتەوە، تەنها پشوودرێژی و دانبەخۆداگرتنە. لەهەمانکاتیشدا چاودێری پرۆسەکە دەکات.

## تێبینی:

مامۆستا پێشوەخت بەتەواوی خۆی بۆ ئەم چالاکییە ئامادە کردووە.

## چالاکی کردارەکی

مامۆستا دوای ئەوەی چەند نموونەیەک لە تابلۆو کاری هونەری بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات و شێوازو جۆری کارکردنیان بۆ ڕووندەکاتەوە. هەروەها کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوویان بۆ ڕووندەکاتەوەو چۆنییەتی هەڵبژاردنی پێداویستییەکانیشیان بۆ شی دەکاتەوە.









تابلۆیەکی کێشراوەی هونەرمەندی جیهانی پاپلۆ پیکاسۆ



**ئەرکی ماڵەوە:** داوا لە قوتابییەکان بکە لەماڵەوە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن.

## وانەی دووەم

تەوەر: دەربڕینخوازی
بابەت: هونەری هاوچەرخ
کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

### گرنگی پێکهاتە لە کاری هونەریدا

مامۆستای بەڕێز... گرنگە بایەخ بە بابەت و پێکهاتەی نێو کاری هونەری بدرێت. جا ئەو پێکهاتەیە هەرچییەک بێت پەیوەندی بەتۆوە نییە، چونکە ئەوە ویست و داخوازی قوتابییەکەیە بۆ گوزارشتکردن لە شتێک، یان لە هەستەکانی خۆی، بۆیە مامۆستا ئەرکی ڕێنماییکردنی قوتابییە بۆ باشترین و پوختەترین، بەتایبەت ئەو پێکهاتانەی تەواوی پانتایی تابلۆکەی داگیر دەکەن.

دەربڕینخوازی، هونەری زمانی گوزارشتکردنە لە ڕێگەی توانا بینگەیی و هەستە شاراوەکانی مرۆڤ لە یەکەیەکی هونەریدا کۆدەکاتەوە. جا ئەم ئاوێتەبوونە لە ڕێگەی خاڵ و هێڵ و پانتاییە دووڕووەکان، یان بارستاییە سێ ڕووەکان، کە زۆر جار قوڵاییی، یان ڕۆچوونە نێو شێوەکەیە و دواتر لە ڕێگەیەوە کاریگەرییە ڕەنگییەکان و ڕووگە جیاوازەکان دەردەخات.

پێکهاتەی کاری هونەری، بریتییە لە ڕێکخستنی پێکهاتەی بابەت لە نێو تابلۆدا، وەک یەکەیەکی سەربەخۆی گونجاو، کە وا لەچاو دەکات تیلەی لەسەر پێکهاتەیەکەوە بۆسەر پێکهاتەیەکی دی بگوازێتەوە، بێ ئەوەی بینەر هەست بە بێتاقەتی بکات.

ئیدی پێکهاتەی باش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و وا لەبینەر دەکات هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکات. جا بۆئەوەی بنەما گونجاوو شیاوەکان پەیڕەوبکرێن، پێویستە ڕەچاوی نەخشەسازی بابەتی نێو تابلۆکە بکرێت. واتە چی دەکات؟ چۆن دەیکات؟ بەچی دەیکات؟ کە ئەوەش پێویستی بە (یەکییەتی و لێکبەستن و هاوسەنگی و ڕیتم و گونجاندن و داخزان...) هەیە و ئەوەش لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئەم یەکانەوە لەنێوخۆیاندا ئەنجام دەدرێن. لێرەدا گرنگ ئەوەیە پێکهاتە گرنگەکان بایەخیان پێ بدرێت و بابەتە لاوەکییەکانیش لەدواوە جێگیر بکرێن.

## بیرۆکەی پێشنیارکراو

قوتابییەکان لەسەر ئەم یاسایە ڕابهێنە (وروژاندن+ خەیاڵبازی + بیرکردنەوە = داهێنان). پێویستە مامۆستا لەم دۆخەدا پشت بە وروژاندنی قوتابییەکان ببەستێت، تا ئاستی بیرکردنەوەیان فرەوان بێت و دواتر لەکارێکی داهێنانەدا خۆیان ببیننەوە. لێرەدا ئەرکی مامۆستایە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی قوتابییەکاندا بکات و هەستێکی شڵەژاو لە نێو بیرو کردارەکانیاندا دروست نەکات، چونکە قوتابییەکان لە دۆخێکی هەستیاردا دەژین و بەرەو باڵقبوون هەنگاو دەنێن. لەو ڕووەشەوە هەندێک بیرۆکەی پێشنیارکراو دەخەینە ڕوو:

١. کەسایەتییەکی خۆشەویست لەنێو خێزانەکەت بە تێکشکاوی بکێشەوە.
٢. یەکێک لە باخچەکانی شار، یان شارۆچکەکە بکێشەوە، لەگەڵ تێکشکاندنی ڕەنگەکان و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی شێوەکان.
٣. شتێک بکێشە، کە خۆت ئارەزووی دەکەیت.
٤. یان هەر بابەتێک مامۆستا پێی باشە بۆ ئەم وانەیە.

### قوتابی چی فێردەبێت؟

١. قوتابی تێدەگات، کە کاری هونەری تەنها لاسایی کردنەوە نییە.
٢. فێردەبێت باشتر ڕەنگەکان لەنێو تابلۆکەدا بڵاوبکاتەوە.
٣. خەیاڵی فرەوانتر دەکات و باشتر لەدەورووبەری دەڕوانێت.
٤. قوتابی دەگەڕێتەوە دۆخی گفتوگۆکردن و دەمەتەقێ.
٥. هەندێک لە هونەرمەندە کوردو جیهانییەکان دەناسێت.
٦. شێوەی تازە دروست دەکات و لە فۆرمێکی نوێدا دەیانکێشێتەوە.

### مەبەست لەم وانەیە:

بنەماکانی پێکهاتەی کاری هونەری بناسێت و جەخت لە (یەکییەتی و هاوسەنگی و ڕیتم) بکاتەوە، کە ئەوانەش لەکاتی جێبەجێکردنیدا جوانییەکی تەواو بەکارە هونەرییەکە دەبەخشن.

## چەند بیرهێنانەوەیەک بۆ مامۆستا

١. چەند کورتە باسێک لەبارەی هونەری هاوچەرخ بۆ قوتابییەکان بگێڕەوەو شێوازی کارکردنی چەند هونەرمەندێکی کوردو جیهانی بەنموونە بهێنەوە. لەهەمانکاتیشدا شێوازی کارکردنی هەریەکێکیان بۆ ڕوونبکەوەو تێیان بگەیەنە، کە کاری هونەری پەیوەستە بە (پوختی، ڕێکی، پاکی، هاوسەنگی) لەکۆتاییشدا ئەنجامێکی باشی دەبێت و کارێکی جوانمان بۆ بەرهەم دەهێنرێت. ئەوەش وەک بیردۆزێکی بیرکاری وایەو بەپێی جۆری ژمارەکان ئەنجامەکەش دەگۆڕێت.
٢. لەگەڵ قوتابییەکاندا کارە کۆنەکان چاولێبکەنەوەو لەسەریان بدوێن و هەڵسەنگاندن بۆ کارە نوێ و کۆنەکان بکەن (بەراوردکاری بکەن).
٣. زانیاری تەواو لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ نیگارکێشانەکە بە قوتابییەکان بدە، بەو مەرجەی ئەو کەرەستەو شمەکانە، لەگەڵ توانا ئەقڵی و لەشەکییەکانی قوتابییەکاندا بێتەوە.
٤. بۆ ڕوونکردنەوەی دەستەواژەو واتاکان هانا بۆ تەختەڕەش بەرە.
٥. بۆ قوتابییەکان پێکهاتە ڕەنگییەکان ڕوونبکەوە، هەروەکچۆن لە وانەکانی ڕابردوودا خوێندوویەتی، وەک: ڕەنگە بنەڕەتییەکان، گونجاندنی ڕەنگەکان، پلەی ڕەنگی. لەهەمانکاتیشدا پێیان بڵێ چۆن لەکارەکەدا دەریان دەخەن؟
٦. هەندێک نموونەی زیندووی بەردەستەو بەرجەستە پیشانی قوتابییەکان بدە.



ئەم چەند نموونەیە پیشانی قوتابییەکانت بدە، تا لە مەبەستەکەت تێبگەن:











## هەڵبژاردەیەک لە ڕێگاکانی وانەگوتنەوە بۆ ئەم وانەیە:

### ١. ڕێگەی گفتوگۆ

- لە ڕێگەی ئەنجامدانی گفتوگۆوە پێویستە ڕەچاوی گفتوگۆی کراوە بکرێت لەگەڵ قوتابییەکاندا، تا باشتر بگەن بەڕاستی وانەکە.

### ٢. ڕێگەی تاقیکردنەوەی بابەتە نمایشکراوەکان

- (تاقیکردنەوەی زانستی) ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بریتییە لەوەی مامۆستا خۆی نموونەیەک لەکارەکە لەبەرچاوی قوتابییەکان دەکێشێت و کارەکەیان بۆ ئاسان دەکات و ترسیان دەشکێنێت.

### ٣. ڕێگەی لێکۆڵینەوە (بەشوێنداگەڕان)

- قوتابی لە ڕێگەی گەڕان و دۆزینەوەی تازە، بە ئەنجامی تازە دەگات و زانیاری نوێ بەدەستدەهێنێت و زووتر دەگات بە ڕاستییەکان.

### ٤. ڕێگەی وانەبێژی

- لەوانەکەدا مامۆستا تەوەری پرۆسەی فێرکارییە.
- هەندێکجار مامۆستای بێ ئەزموون ئارەزووی منداڵەکان دەکوژێت و توانای کارکردنیان لاواز دەکات. بەڵام پێویستە مامۆستا دۆخی قوتابییەکان لەبەرچاوبگرێت و لە بابەتی دیاریکراو لانەدات.

### ٥. شێوازی چارەسەری کێشە

- مامۆستا کێشەیەک دیاریدەکات و داوا لە قوتابییەکان دەکات لەڕێگەی گروپکارییەوە چارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزنەوە. دوای ئەوەی زانیاری تەواو کۆدەکرێتەوە، ئیدی مامۆستا زانیارییەکان ڕێکدەخاتەوەو لە بەر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە ئەرک دەدات بەسەر قوتابییەکاندا.

## جێبەجێکردنی وانەکە

- گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان بکەو ڕاوو سەرنج و تێبینی و بیرۆکەکانیان لێوەربگرەو دواتر بیخە خزمەت کارە هونەرییەکەوە.
- شمەکی فرەجۆر بەکاربهێنن، تا ڕووگەی ڕەنگەکان جیاواز دەرکەون.
- پێکهاتەی نێو تابلۆکانیان بۆ ڕوونبکەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی دەستەواژەی هونەری.

## ئەیوب ڕەئووف

هونەرمەندی کورد ئەیوب ڕەئووف لە ساڵی (١٩٨٥) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی (٢٠٠٧) بەشی شێوەکاری لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو دەکات. دواتر بۆ درێژەدان بەخوێندنی هونەری ڕوودەکاتە زانکۆی سلێمانی و لەساڵی (٢٠١٨) بەشی شێوەکاری لە کۆلێژی هونەر تەواو دەکات. هونەرمەند خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی لە نیگارکێشاندا.













## وانەی سێیەم

تەوەر: دەربڕینخوازی

بابەت: بەهای شێوە ئەندازەییەکان لە هونەری هاوچەرخدا

کاتی دیاریکراو: ١ بەشەوانە

### خستنەڕووی بابەت

بۆ ئەوەی قوتابییەکان سەریان لێنەشێوێت و باشتر لە داواکاری مامۆستا تێبگەن، تەنها شێوەی لاکێشەو چوارگۆشە هەڵبژێرە بۆ کارکردن.

### سوودە زانیارییەکان

باشتر لە سوودەکانی لاکێشەو چوارگۆشە تێدەگات و دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەکاری هونەریدا بەکاریان بهێنێت و بەهای هەریەکەیان دەزانێت.

### سوودە کارامەییەکان

- کێشانی لاکێشەو چوارگۆشە لەشوێن و جێگەی خۆی بەڕێکوپێکی.
- باشتر لەجاران شێوەکان دروستدەکات و هاوسەنگی لەنێوان ئەقڵ و لەشدا ڕێکدەخات.
- دەتوانێت بە شێوە ئەندازەییەکان کاری هونەری ساز بکات و دواتر لە بۆتەیەکی تەواو هونەریدا دەریانبخات (پیشانیان بدات).
- دەتوانێت بۆ هەر شێوەیەک ڕەنگێک دابنێت و پلەی ڕەنگی ڕەچاو بکات.

### سوودە ویژدانییەکان

- چێژ لە چالاکییەکە وەردەگرێت.
- چێژ لە کارە هونەرییەکە وەردەگرێت. دوای تەواوبوون هەست دەکات، کە دەتوانێت، دەزانێت کارەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات و ترس و دڵەڕاوکێی نابێت لە ئەنجامدانی کارێکی تردا.

## ئامانجی ئەم وانەیە









### قوتابی لە کۆتایی وانەکەدا پێشبینی دەکات:

١. پەیوەندی دروستبکات لەنێوان شێوە ئەندازەییەکاندا (لاکێشەو چوارگۆشە) بەتایبەت پەیوەندی باش دروستبکات لە نێوان ئەو شتانەی دەیانبینێت لە ژیانی رۆژانەیدا (تەلارێکی بەرز هاوتایە بە لاکێشەیەک).

٢. باشتر لە گۆشە تێدەگات و بەهای هەر گۆشەیەکیش دەزانێت.

٣. دەتوانێت لەرێگەی شێوە ئەندازەییەکانەوە رازاندنەوە سازبکات.

٤. شێوەی شێوە ئەندازەییەکانی لە مێشکدا دەچەسپێت و دەزانێت چۆن لەیەکەی کاری هونەریدا جارێکی دی بەکاریان بهێنێتەوە.

٥. ئەو رازاندنەوانە دەناسێتەوە، کە لەنێو شت و کەلوپەلەکانی نێومال، یان بەردەستەدا هەن و دواتر چێژ لە جوانییەکانیان وەردەگرێت، وەک نەخشی ناو (بەرمال، جاجم، بەڕە، مافور، بوخچە...).

٦. رێز لەکاری هونەری نەخشەسازی دەگرێت.

٧. وێنەی لاکێشەو چوارگۆشە نێزیک لەراستی دەکێشێتەوە.

٨. برینی شێوەی لاکێشەو چوارگۆشە بەشێوەیەکی راست و دروست.

٩. دەتوانێت ئەم شێوە ئەندازەییانە لەکارێکی لکاندندا بەکاربهێنێت.

## خستنەڕووی وانەکە

١. جوانی سروشت و ئەو کەرەستەو شمەکانەی لە چواردەورماندان بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە.



٢. باسی هونەری ڕازاندنەوە بکەو جوانی و کاریگەرییەکانی ڕوون بکەوە. (وێنەی ڕوونکاری بەکاربهێنە)

٣. لەسەر تەختەسپییەکە بە ماجیک چەند شێوەیەکی چوارگۆشەو لاکێشە بکێشەو با چەندجارێک یەکتر ببڕن، بەم کارەش دەتوانیت ترس لەدڵی قوتابییەکان دەربکەیت و کارەکەیان لا ئاسان بکەیت.

٤. لەناو وێنەکەدا جیاوازی شێوە دروستبووەکان بۆ قوتابییەکان ڕوون بکەوە، بەلاّم سەرەتا بوار بە قوتابییەکان بدە گفتوگۆ لەسەر ئەم جیاوازییە بکەن.

٥. لەناو شێوە ئەندازەییەکاندا هونەری ڕازاندنەوە پەیڕەو بکە.

٦. ئەو شێوە ڕازاوانە بۆ قوتابییەکان شی بکەوە.

٧. جگە لە بۆیەو ڕەنگ، هەوڵبدە قوتابییەکان بەکاخەزی ڕەنگاوڕەنگ شێوە ئەندازەییەکان ببڕن و دواتر لەناو تابلۆکەدا لەسەر یەکیان دابنێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی (پاکی، پوختی، ڕێکی، هاوسەنگی).

٨. جارێکی تر بابەتی شێوە ئەندازەیی و شتە ڕازاوەکان بە قوتابییەکان باس بکەوە.

## لێکبەستن و پێکگرتن

بگەڕێوە بۆ:

١. پەروەردەی هونەر- پۆلی سێیەم – تەوەری دووەم- نەخشەسازی.

٢. پەروەردەی هونەر- پۆلی سێیەم- تەوەری سێیەم- وانەی یەکەم.

٣. پەروەردەی هونەر- پۆلی چوارەم- تەوەری چوارەم- بنەماکانی نەخشەکێشان.

٤. پەروەردەی هونەر – پۆلی چوارەم- تەوەری پێنجەم- نەخشەسازی.

## پیت مۆندریان

پیت مۆندریان Piet  Mondrian لە ساڵی (١٨٧٢) لە هۆڵەندا لەدایکبووە. نیگارکێشێکی هۆڵەندییەو بواری هونەری لە ساڵی (١٨٩٧) لە ئەکادیمیەی ڕیجاکس بۆ هونەر لە ‹ئەمستردام› خوێندووە. سەرەتا فەلسەفەی کارکردنی بە باگڕاوندێکی سپی دەستپێکردو پاشان سێ ڕەنگە بنەڕەتییەکەی لە شێوەی هێڵ و چوارگۆشەو لاکێشە دادەناو پاشان ڕەنگی دەکرد، ئەو پێی وابوو دەبێت تابلۆکە هێندە پاکبێت، تا سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت. لە کۆتاییدا لەساڵی (١٩٤٤) لە ‹نیۆرک› بەهۆی هەوکردنی سییەکانی ماڵئاوایی لە ژیانکرد.
















## هۆشیار سەعید

هۆشیار سەعید Hoshyar Saeed لە ساڵی (١٩٧١) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٩٤- ١٩٩٥) کۆرسی هونەری خوێندووە لە AKI Kunstacademie, Enschede، لەساڵی (١٩٩٦- ٢٠٠٠) خوێندنی ئەکادیمی هونەری خوێندووە لە Gerrit Rietveld Academie, Amsterdam. ساڵی (١٩٨٧) یەکەم پێشانگەی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی دەکاتەوە و خاوەنی چەندین پێشانگەی تایبەت و هاوبەشە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان.



چەندین پرۆژەی هونەری ئەنجامداوەو کاری کردووە لە بوارەکانی (نیگارکێشان، نەخشەسازی، گرافیک، پەیکەرسازی، گلێنەکاری، دیواربەندی، نەخشەسازی کتێب و گۆڤار). ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا ژیان دەکات. خاوەن شێوەی کارکردنی خۆیەتی و شێوازەکەی پێی دەناسرێتەوە.







نمایشـکردنی چەنـد تابلۆیـەکی قوتابیـان، لەگـەڵ ڕوونکردنـەوەی پێویسـت لەسەر شێوازی کارکردنیان، وەک ئەم تابلۆیانە:













## چالاکی کردارەکی

دوای ئەوەی مامۆستا تەواوی زانیاری لەبارەی بەهای شێوە ئەندازەییەکان بۆ قوتابییەکان خستەڕوو، ئەوا پێویستە چەند ئەزموونێک لەبەرچاوی قوتابییەکان تاقیبکاتەوە، بەتایبەت بە کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، یان بۆیەی ئەکریلیک. بێگومان، ئەم تاقیکردنەوەیەش توانای مامۆستا پیشانی قوتابییەکان دەدات. لەهەمانکاتیشدا ترسی قوتابییەکان بۆ کارکردن دەڕەوێنێتەوە.

## وروژاندن

١. شیکردنەوەی هەندێک شێوەی بەرجەستەی چوارگۆشەو لاکێشە، وەک تەلار، خانوو بۆ قوتابییەکان.

٢. سوود وەرگرتن لەو نەخشونیگارانەی لەناو شتەکانی دەوروبەرماندا هەن.

٣. نمایشکردنی چەند وێنەیەکی شێوە ئەندازەیی، وەک وێنەکانی ڕابردوو.

## ئەرکی ماڵەوە

داوا لە قوتابییەکان بکە ئەم ئەرکە لەماڵەوە جێبەجێ بکەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی (پاکی و پوختی و هاوسەنگی و جوانی).

## هەڵسەنگاندن

| ژمارە | جێبەجێکردن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەچاوی ڕێنماییەکانی مامۆستایان کردووە. | | | |
| ٢ | لە مەبەستی کار تێدەگەن. | | | |
| ٣ | دەتوانن سوود لە شێوە ئەندازەییەکان وەربگرن بۆ کاری هونەری. | | | |
| ٤ | ڕێز لەکاری هونەری دەگرن. | | | |
| ٥ | ڕەچاوی پوختی و هاوسەنگی و جوانی دەکەن. | | | |
| ٦ | ڕەچاوی کاتی جێبەجێکردن دەکەن. | | | |
| ٧ | ئاستی هاوکاری و گفتوگۆیان پێشکەوتووە. | | | |

# تەوەری سێیەم



# Colouring    ڕەنگکاری

تەوەر: ڕەنگکاری
بابەت: دروستکردنی شێوەو ڕووی جیاواز
کاتی دیاریکراو: ٣ وانە

## ڕەنگ و منداڵ

ڕەنگ، پێکهاتەیەکی گرنگی بەردەستەی کاری هونەرییە. بێ ڕەنگ مامۆستا ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ کەسییەتی، ئنجا بۆ کاری هونەری منداڵەکان بکات. کەواتە لەسەر مامۆستایە بە بایەخەوە لەو وانەیە بڕوانێت، هەروەک چۆن لە ڕابردوودا بایەخی پێداوە، بەڵام ئەم جارە جۆری چالاکییەکان گۆڕانکارییان بەسەرداهێت و شێوازی کارکردنی منداڵەکانیش دەگۆڕێن.

ئێمەش لەم تەوەرەدا سەرجەم جۆری چالاکییەکان دەخەینە بەردەست و بەڕێزیشتان کۆمەڵێک ڕێنماییتان لەبەردەستدایە، تا بتوانن وانەکە بخەنە دۆخی جێبەجێکردنەوە. بۆ نموونە وانەی کردارەکی ئەم تەوەرە کەمێک هەستیارترە لە وانەکانی تر، چونکە لێرەدا قوتابی بەشێوەیەکی ورتر ئاڕاستە دەکرێت و پێویستە مامۆستا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ قوتابییەکاندا بمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی قوتابییەکان لەمەبەستی مامۆستا تێدەگەن، چونکە دەبێت قوتابی بەشێوەیەکی وردو پوخت کارەکەی ئەنجام بدات و شێوازێکی نوێ لەکارکردنیش پەیڕەودەکات. جا لەبەر ئەوە دەبێت قوتابی ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. پوختی و پاکی لە جێبەجێکردندا.
٢. ڕەچاوکردنی داواکاری مامۆستا.
٣. قوتابی ئازادە کام جۆر ڕەنگە بەکاردەهێنێت؟
٤. پێویستە لەکاتی جێبەجێکردندا ڕەچاوی وردەکاری بکات.
٥. دەرنەچوون لەو شێوە ئەندازەییانەی بۆی دیاریکراوە.
٦. ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە جێبەجێکردندا.
٧. ڕەچاوکردنی هارمۆنی کاتی کارکردندا.
٨. ڕەچاوی کاتی جێبەجێکردن بێت.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابی بۆی ڕووندەبێتەوە، کە ڕەنگ چ کاریگەرییەکی لەسەر کارە هونەرییەکاندا هەیەو شێوەی جیاوازی پێدەردەخرێت؟

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان بۆیان ڕووندەبێتەوە، کە دەتوانن چەندین شێوەی جیاواز بەڕەنگ بکێشن و قەبارەو گۆشەی فرەجۆری پێدروست دەکرێت.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانیان بەسەر دەبەن، هاوشێوەی گەمەیەک.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکاری پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١. ئایا دەتوانن وێنەی شەشپاڵو، یان پێنچپاڵو بکێشنەوە؟
٢. ئایا دەتوانن هەموو کەرەستەیەک بۆمەبەستی ڕەنگکاری بەکاربهێنن؟
٣. ئایا دەتوانن ڕوویەکی ڕووتەخت بگۆڕن بۆ ڕوویەکی سێ ڕەهەندی؟
٤. چەند نموونەیەک لەو کەرەستەو شمەکانە بژمێرە، کە لای تۆ پەسەندن بۆ ئەم مەبەستە.
٥. ئەگەر تاقیکردنەوەیەک بە ڕەنگ ئەنجام بدەین، کام تاقیکردنەوەیە هەڵدەبژێریت؟
٦. ئایا قوتابییەکان دەتوانن ڕەچاوی پلەی ڕەنگی بکەن لە وێنەکاندا؟
٧. ئایا قوتابییەکان کام ڕەنگ هەڵدەبژێرن بۆ کارکردن (ڕەنگە دژبەیەکەکان، یان ڕەنگە هارمۆنییەکان)؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستا هەوڵدەدات ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەم- تەوەری دووەم – نەخشەسازی Design – بابەتی ڕازاندنەوە، چونکە ئەم تەوەرە ڕێک پەیوەندی بەو نەخشەسازییەوە هەیە، کە ئێستە قوتابی بەتەمایە ئەنجامی بدات، بەڵام بەشێوەیەکی پێشکەوتووترو ئاست بەرزتر (لە چالاکییەکاندا ورتر لەسەر نووسراوە).

قوتابی لەم وانەیەدا زیاتر بایەخ بە پلەی ڕەنگی دەدات و لە نەخشەسازییەکەشیدا کاری وردەکاری زۆرتر ئەنجام دەدات، تا ئاستی کارەکە باڵاتر بێت و هەستی جوانناسی بینەر بوروژێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە ڕوونبێت، کە ڕەنگ کاری نەخشەسازییەکە جوانترو ڕوونتر دەکات و ئاستی جوانناسی کارە هونەرییەکە گەشتر دەکات. کەواتە لەسەر مامۆستایە کەرەستەو شمەکی نوێ لەم تاقیکردنەوەیەدا بەکاربهێنێت، کە لەمەوپێش قوتابی هەربیریشی لێنەکردۆتەوە. ئیدی بەم داهێنانەش قوتابییەکان سەرسام دەکەیت و ئاستی گەشەی بیرو هزریان دەجوڵێنین و بواریان بۆ دەڕەخسێنین، تا خەیاڵ بکەن بەشتە تازەو تاقیکردنەوە نوێیەکان.

## کەرەستەو شمەکی نوێ

مامۆستا کۆمەڵێک کەرەستەو شمەکی نوێ دەخاتە بەرچاوی



قوتابییەکان، تا لێیەوە بیرۆکەو داهێنراوی نوێ بدۆزنەوە، چونکە هەموو بابەتێکی تازە خەرمانەی نوێ دەخاتە سەر زانیاری قوتابییەکان و هەمیشە نەریتی منداڵ وایە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت و شتێک تاقیدەکاتەوە، کە لەمەوپێش نەدیتونی و نەکاریشی پێکردوون. کەواتە ئەم وێنانە کەرەستەی نوێن بۆ ئەم قۆناخەی قوتابییەکە.



## چالاکی ١

لەیەکەم چالاکیدا مامۆستا کەرەستەو شمەکی هونەری ئامادە دەکات، وەک:

١. بۆیەی ئاوی ئەکریلیک، یان بۆیەی ئاوی تیوپ.
٢. کاخەزی قەبارەی A4، یان کارتۆنی سپی A4
٣. ڕاستەو پێداویستییە ئەندازەییەکان.
٤. فلچەی جۆراوجۆر.
٥. قاپی یەکبار

### هۆکاری ڕوونکاری

بەر لەدەسپێکردنی وانەکە پێویستە مامۆستا خۆی چەند نموونەیەکی ئامادەکردبێت و پیشانی قوتابییەکانی بدات، تا لەمەبەستی مامۆستا تێبگەن.

### شێوازی کارکردن:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات وێنەی نقێمەیەک(*) بکێشنەوەو دواتر ڕەنگی بکەن بەو مەرجەی ڕەچاوی پلەی ڕەنگی بکەن، وەک لە وێنەکەدا دیارە.





قوتابی هەوڵدەدات بۆ هەر نقێمەیەک تەنها یەک ڕەنگ بەکاربهێنێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی ڕەنگی (کاڵی و تۆخی).

(*) نقێمە، ئەو شوشە کریستاڵە چەند پاڵوەیە، کە بۆ جوانترکردنی ئەنگوستیلە، یان ملوانکە بەکاردەهێنرێت.

## چالاکی ٢

مامۆستا، وەک هەنگاوی یەکەم چەند نموونەیەک لەبەرچاوی قوتابییەکان دەکێشێت، لەگەڵ بەکارهێنانی چەند ڕاستەیەکی ئەندازەیی، وێنەکان لولپێچ و تێکئالاون، وەک لەوێنەکەدا دیارە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

١. پاکوخاوێنی لە جێبەجێکردندا.
٢. بەکارهێنانی قەڵەم جافی ڕەنگاوڕەنگ.
٣. ڕەچاوکردنی پوختی و هاوسەنگی لە جێبەجێکردندا.



مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بۆ جێبەجێکردن و لەگەڵ سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنیان. لەکۆتاییدا هەر قوتابییەک بەپێی کات لەسەر کارە بەرهەمهاتووەکە وتەیەک پێشکەش دەکات.





## چالاكی ٣

لەم چالاكییەدا مامۆستا زۆر جەخت لەسەر پاكی و پوختی ڕەنگەكان دەكاتەوە، لەگەڵ ڕەچاوكردنی پڕكردنەوەی پاشینەی كارەكە (باكگڕاوند). لەهەمانكاتیشدا مەرج نییە قوتابی كتومت، وەک خۆی شتەكان بكێشێتەوە، لەوانەشە قوتابی هەندێک خەیاڵبازی خۆیشی تێكەڵ بكات، بەڵام پابەندبوون بەكارەكەوەش شتێكی خراپ نییە، تا قوتابی فێری وابەستەبوون بێت و ڕەچاوی كاری باش و هونەری بكات، وەک ئەم نموونانە:









ئەگەر مامۆستا بەپێویستی زانی دەتوانێت ستیللایف بۆ قوتابییەكان دابنێت، بەڵام بەومەرجەی باری سەرشانیان قورس نەكات و منداڵەكان لەكێشانەوەدا ئازادبن چۆنی دەكێشنەوەو چی بۆ زیاد دەكەن؟

## ئەرکی ماڵەوە

مامۆستا دەتوانێت قوتابییەکان لە ئەرکی ماڵەوەدا سەرپشک بکات بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک، جا ئەم کەرەستانەی هەرچییەک بن کێشە نییە، بەڵام مەرجە قوتابی ڕەچاوی ڕەنگی پاک و کاری خاوێن بکات و بەشێوەیەکی پوخت کارەکە بەرهەم بهێنێت، وەک ئەم کارانەی لای خوارەوە:



بەکارهێنانی ڕەنگ بەشێوەی خزاندن و تێکەڵکردن بە ئیسفنج



بەکارهێنانی کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ بە شێوەی لکاندن (کۆلاج)



ڕەنگکردن لەسەر کارتۆنی ڕەنگ جیاواز

## ئەرکی مامۆستا

مامۆستای بەڕێز... پێویستە لەسەر بەڕێزتان چاودێری وردی پرۆسەی کارکردنی قوتابییەکان بکەیت و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەفتارو ئاکاری قوتابییەکاندا بکە. لەهەمانکاتیشدا بەچاو لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان بڕوانەو بزانە چی نارێک و نادروست دەبینیت و دواتر لە ڕێگەی ئاراستەکردنەوە بابەتە نەگونجاوەکان ڕاست بکەوە، باشترین ڕەفتاریش، کە پێویست بکات مامۆستا بی نوێنێت گفتوگۆکردنە.

هەروەها مامۆستای باش هەمیشە، وەک هاوڕێ مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکاندا دەکات و زمانێکی گفتوگۆی نەرم و وشەی ئازیزانە دەخاتە گەڕ لە پرۆسەی کارکردندا، ئەوەش وا لەقوتابی دەکات زیاتر باوەڕ بەخۆی بکات و هێزو توانای زۆرتر بۆ سەرخستنی پرۆسەکە بخاتە گەڕ. ئیدی لێرەوە تەواوی پرۆسەکە هەنگاوی باش دەهاوێت و ئەنجامێکی باشیشی لێدەکەوێتەوە.

## هەڵسەنگاندن

| ژمارە | جێبەجێکردن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە هاوسەنگی ڕەنگەکان تێدەگەن؟ | | | |
| ٢ | لە پلەی ڕەنگی تێدەگەن؟ | | | |
| ٣ | دەتوانن پلەی ڕەنگی دروست بکەن | | | |
| ٤ | بایەخ بە شێوەی ڕاستەقینە نادەن | | | |
| ٥ | ڕەچاوی پاکی دەکەن لەکارکردندا | | | |
| ٦ | بایەخ بە کەرەستەی جیاواز دەدەن | | | |
| ٧ | بیرۆکە لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە | | | |
| ٨ | شمەکی هاوکاری بەکاردەهێنن | | | |
| ٩ | دەزانن چی دەکەن؟ بەچی دەیکەن؟ | | | |

لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنەوە، مامۆستا بەرچاوی ڕووندەبێت لە ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان و دەزانێت پلانەکەی، تا چ ئاستێک پێکاوە؟

# تەوەری چوارەم



# کاردەستی Handcraft

تەوەر: کاردەستی
بابەت: دروستکردنی شێوازی جیاواز
وانە: لێکبەستن و لکاندنی کەرەستەی جیاواز
کاتی دیاریکراو: بەشەوانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندییەکان

## کاردەستی Handcraft

مامۆستای بەڕێز... ئەم تەوەرە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی منداڵەکاندا گۆڕانکاریشی بەسەردا هاتووەو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دیتووە. هۆکارەکەشی ئەو گەشە ئەقڵی و لەشەکییەیە، کە بەسەر تەواوی منداڵەکەدا هاتووە. جا هەروەک دەبینرێت قوتابییەکە ئاستی تێگەیشتنی بۆشتەکان باش چوونە پێش و باشتر ڕادەمێنێ و چاکتریش لە دەوروبەری تێدەگات.

کەواتە لەگەڵ ئەم گەشەکردنانەشدا پێویستە ئاستی چالاکییەکانیش بەرزبکرێنەوەو هەرواش کراوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا بەچاوی منداڵەکەی جاران لەو قوتابیانە نەڕوانێت و ڕێز لەهەست و سۆزیان بگرێت و مامەڵەیەکی دروست و باشیان لەگەڵدا بکات. لەهەمانکاتیشدا چالاکییەکان بەجۆرێک ڕاپەڕێنێت، کە پڕ بێت لە ڕێزو وەفاداری بۆ یەکترو ستایشی کاری هونەریان بکرێت و بێ بەها لێیان نەڕوانرێت، چونکە ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناخ و دونیابینیان دروست دەکات و کارە هونەریەکەش دەشێوێنێت.

### ئەرکی مامۆستا لەم قۆناخەدا:

١. بەهەند وەرگرتنی ڕاوو سەرنجی قوتابییەکان.
٢. گفتوگۆیەکی کراوەیان لەگەڵدا سازبکرێت.
٣. بواریان پێ بدرێت، تا تواناکانی خۆیانمان پیشان بدەن.
٤. بکرێنە سەرکردەو ڕابەرایەتی گرووپەکانیان بکەن.
٥. سەرپشک بکرێن لە هەڵبژاردنی کەرەستەو شمەکی جیاواز.
٦. چاودێریان بکرێت و ئاڕاستە بکرێن (لەکاتی پێویستدا).

## وانەی یەکەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز

وانە: لکاندن- کۆلاج Collage

کاتی دیاریکراو: ٣ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی کات پلان دابڕێژێت)

# لکاندن- کۆلاج Collage




مامۆستا هەوڵدەدات لەم وانەیەدا کەرەستەو شمەکی جیاواز لە کارە هونەرییەکەدا بەکاربهێنێت. ئەم وانەیەش دوو ڕۆڵ دەبینێت:

یەکەمیان: لکاندن- کۆلاج Collage

دووەمیشیان: بەکارهێنانەوە Recycling

گرنگ ئەوەیە مامۆستا بتوانێت کەرەستەو شمەکە جیاوازەکان لە کارێکی تەواو هونەریدا ڕێکبخاتەوەو بشتوانێت ئاستی خەیاڵبازی قوتابییەکان بەرز بکاتەوەو لەیەکەیەکی جوانناسی ئاست بەرزدا دووبارە پیشانیان بداتەوە.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان لە مەبەستی دروستکردنی شێوەی جیاواز تێدەگەن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان شێوەی بەرجەستەکراو بە کەرەستەی جیاواز دروستدەکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان هاوکاری یەکتر دەکەن و هاوسۆزی بۆیەکتر دەردەبڕن.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

پێویستە قوتابییەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١. هەندێک شێوەی سادەی دەورووبەرتانم پێبڵێن.
٢. ڕەنگی هەندێک لەو شێوە جیاوازانەم پێبڵێن، کە لەدەوروبەرتاندا هەیە.
٣. هەندێک شێوەی سادەو جیاوازم بە کاخەز بۆ دروست بکەن.

### بڕگەی خۆئامادەکرن

مامۆستا داوا لەقوتابییەکان دەکات هەرشتێک، کە لەماڵەوە، لەبازاڕ، لە دوکان، فڕێدرابێت و سوودی لێوەرگیرابێت و ئێستە بەکارنەیەت، دووبارە کۆیان بکەنەوە، وەک: بووکەشووشە، یاری منداڵان، خوری، قوماش، کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، شقارتە، کارتۆنی بچووک، ڕۆژنامە، گۆڤار... دواتر سەرجەم، یان هەندێک لەو شمەکانە لە یەکەیەکی کاری هونەریدا کۆدەکەینەوەو پێشکەشی دەکەین، کە هەستێکی هونەری ئاست بەرز پیشان بدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی – پوختی – هاوسەنگی – نەرمونیانی لە داناندا.
قوتابییەکان ئەو شمەکانە کۆدەکەنەوەو لەکارتۆنێکدا هەڵیاندەگرن بۆ کاتی پێویست.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**شێوەی بەرجەستە:** بریتییە لە شێوەیەکی سێ ڕەهەندی (بەرزی× پانی× درێژی)، یان شێوەیەکی سێ ڕەهەندی پیشان دەدات و شوێنێک لە بۆشاییدا داگیر دەکات.

**شێوەی ڕووتەخت:** بریتییە لە شێوەی دووڕوو، یان دووڕەهەندی، دووڕەهەندیش پێوانەدەکرێت بە (درێژی× پانی)، یان بریتییە لەو پانتاییەی، کە بە چەند هێڵێک دەوورە دراوە.

**ڕووگە:** بریتییە لە تایبەتمەندی هەر ڕوویەک، کە لە نەرمترینەوە دەستپێدەکات، تا ئاستی زبرترین و ئەوانەش دووجۆرن:

**یەکەم: ڕووگە هەستییەکان**، کە لەڕێگەی دەستلێدانەوە هەستیان پێدەکەین.

**دووەم: ڕووگە بینگەییەکان**، کە لە ڕێگەی دیتنەوە هەستیان پێدەکەین.

(بگەڕێوە بۆ پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی- تەوەری سێیەم)

## پلانی فێرکاری

**ئامانج:** فێربوون پشت بە وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ دەبەستێت.

**چالاکی:** پرسیارو وەڵام:

ئەم چالاکییە لەڕێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەوە ئەنجام دەدرێت:

١. ئەو کەرەستەو شمەکانەی پێویستن بۆ کارە هونەرییەکە لەسەر وایتبۆردەکە بنووسە.
٢. چەندین نموونەی شێوەی بەرجەستەی دووڕەهەندی و سێ ڕەهەندی پیشانی قوتابییەکان بدە.
٣. چەند پرسیارێک لەبارەی شتەکانی سەرمێزەکە لە قوتابییەکان بکە، وەک:
   - ژمارەی گۆشەی شێوە بەرجەستەکان چەندە؟
   - ژمارەی گۆشەی شێوە ڕووتەختەکان چەندە؟
٤. قوتابییەک هەڵبستێنەو داوای لێبکە دەست لە شتەکان بدات و لەسەریان بدوێت، یان ڕوونکردنەوە بدات.

## چالاکی یەکەم

لـەم چالاکییـەدا قوتابییـەکان ڕۆژنامـەی بەسـەرچوو، وێنـەی زیـادە، کاخـەزی سـپی، کاخـەزی تـرێس، گـەڵای زینـدوو (وشـککراوە)، بـەکاردەهێنن لەگەڵ کارتۆنێکی قەبارە (٤٠×٤٠سم) یان زیاتر، یان کەمتر. دواتر پارچەکان بەپێی ویستی کەسەکە ڕێکدەخرێت و دەکرێتە کارێکی هونەری جوان، وەک لە وێنەکەدا دیارە. (ڕێکخستن و هاوسەنگ کردنی شتەکان زۆر گرنگە).




**ئامانج لەم چالاکییە:**

١. ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی لە کاری هونەریدا.
٢. بەکارهێنانەوە لە یەکەیەکی جوانی هونەری ئاست بەرزدا.
٣. ڕێکخستنی شتەکان بەپێی زەوق و ئارەزووی کەسەکە، کە ئەوەش ئاستی جوانناسی دروستکەر پیشان دەدات.
٤. ڕێزگرتن لە هەر پاشماوەیەکی فڕێدراو.
٥. قوتابی فێردەبێت هاوسەنگی شتەکان لە یەکەیەکی تەواو هونەریدا بپارێزێت و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

## چالاكی دووەم

بەكارهێنانی كەرەستەو شمەكی زیندوو، وەك لاسكەدار و گەڵاو گوڵ+ كاخەزی ترێس، كاخەزی سپی، سمخی كاخەز. دوای ئەوەی پاشینەی كاخەزەكە ڕووپۆش دەكرێت و ئامادە دەكرێت بۆ كاركردن، ئنجا لاسكە دارەكە لە ڕووگەی كارتۆنەكە قایم دەكرێت، لە دواییشدا گەڵاو گوڵەكەی لەكەمەر دادەنرێت. جا ئەگەر نەتوانرا بە سمخی كاخەز كارەكە ئەنجامبدرێت، ئەوا دەتوانرێت سیكۆتین، یان نایلۆنی تواوە بەكاربهێنرێت، بەمەرجێك ڕووگەی تابلۆكە پیس نەكات. وەك لە وێنەكەدا دیارە.



**ئامانج لەم چالاكییە:**

١. قوتابی فێردەبێت سوود لە زۆرێك لەو شمەكانە وەربگرێت، كە ڕۆژێك بەبیریدانەهاتوون، كە بۆ كاری هونەری بەكاردەهێنرێن.

٢. بەرزكردنەوەی ئاستی دیتنی قوتابی، چونكە مەرج نییە هەموو ئەوشتانەی دەیان بینین جوان بن، بەڵام هەندێك دروستكراوی خۆمان دەبنە بەشێك لە بیرەوەری و یادگاری جوان و لە خەیاڵدا دەمێننەوە.

## چالاکی سێیەم

جیاواز لە چالاکییەکانی دی، لەم چالاکییەدا کاخەزی تریس و بەردو لاسکەدار بەکاردەهێنرێت، کە هەرسێکیان لەڕووی پێکهاتەوە لێکجیاوازن و بۆ قوتابییش زۆر گرنگن، کە ئەم سێ کەرەستەیە پێکەوە بگونجێنێت و لێکیان ببەستێت و لە یەکەیەکی تەواو هونەریدا دووبارە پیشانیان بداتەوە.



### ئامانج لەم چالاکییە:

١. قوتابی فێردەبێت بۆیە+ کاخەزی تریس+ لاسکەدار+ بەرد+ بەری دار لەیەک کاری هونەریدا کۆبکاتەوە. ئیدی لەوەڕا فێردەبێت، کە کاری هونەری تەنها هەر ڕەنگکردن نییە، بەڵکو لێکبەستنی کەرەستەو شمەکی تریشە. هەروەها دەتوانرێت کاری هونەری ئاست بەرزیشیان پێ دروستبکرێت.

٢. ئاستی جوانناسی بەرزدەبێتەوەو بە بەهاوە لەکاری هونەری جۆراوجۆر دەڕوانێت.

٣. بە بەهاوە تەماشای هەموو کارێکی هونەری دەکات و ڕێزیان لێدەگرێت.

## چالاکی چوارەم

لەم چالاکییەدا کاخەزە تریسەکە دەگۆڕێت بۆ قوماش و کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، لەگەڵ بەکارهێنانی دەرزی و داو، قۆپچە، لاسکەگوڵ، دەزووی ڕەنگاوڕەنگ... قوتابی لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەی ڕەنگی کەرەستەکان لە یەکەیەکی هونەریدا کۆدەکاتەوەو پێکیانەوە دەبەستێتەوە. ئیدی قوتابی تێدەگات کەرەستە جیاوازەکان شتی جوانیان پێدروستدەکرێت، وەک لە وێنەکەدا پیشاندراوە.



### ئامانج لەم وانەیە:

١. کۆکردنەوەی زۆرترین کەرەستە لە کارێکی هونەریدا.
٢. دروستکردنی بەها بۆ هەر شمەکێکی جیاواز.
٣. بەکارهێنانی کەرەستەی جیاواز لە کاری هونەریدا.
٤. تاقیکردنەوەی زۆرترین کەرەستە لەکاری هونەریدا.
٥. بیرفراوانکردنی قوتابی و بەرزکردنەوەی ئاستە دیتنییەکەی.
٦. پەیڕەوکردنی سیستەمی هاوسەنگ کردن لەکاری هونەریدا.

## محمد هاشم



هونەرمەندی کورد (محمد هاشم) ناسراو بە (حەمە هاشم) لەساڵی (١٩٧٣) لە شاری کۆیە لەدایکبووە. لە ساڵی (١٩٩٧) بەشی نیگارکێشان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر تەواو دەکات. بەشداری چەندین پێشانگەی شێوەکاری لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردووە. خاوەنی شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و کەرەستەو شمەکی جیاواز لەکارەکانیدا بەکاردەهێنێت.









## وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: دروستکردنی شێوەی جیاواز

وانە: خوری، دەزوو، داوکاری

کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی کات پلان دابڕێژێت)

# خوری، دەزوو، داوکاری



مامۆستای بەڕێز... ئەم وانەیە تایبەتمەند نییە تەنها بۆ کچان، یان بۆ کوران، بەڵکو پێویستە هەردوو ڕەگەز بێ جیاوازی لەم چالاکییەدا بەشداربن و دەست لەهەموو ئەو کەرەستانە بدەن، کە بۆیان دیاریکراوە، تا لەهەستی بەخۆزانی تێبگەن و پیشەکەیان، ئنجا کارەکەیان لەلا هاوسەنگ بێت و بتوانن هاوکاری نێوان هەردوو ڕەگەز پێشبخەن و ئەو هاوسەنگییە ڕەگەزییە بپارێزن و وەک تیمێکی بەهێز پێکەوە کاربکەن.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

کچان و کوران بەیەکەوە کار لە هونەری چنین و خوریکاریدا دەکەن و زانیاری دەگۆڕنەوە، چونکە زیاتر ئەم کارە کچان کاری تێدادەکەن.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان ئەزموونێکی نوێتر لەجاران تاقیدەکەنەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

هەردوو ڕەگەز لە یەک گرووپدا کاردەکەن و هەستکردن بە جیاکاری کەمدەبێتەوە.

## ڕاهێزان و توانستە لە پێشینەکان

### بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن، کە:

١. بە کردارەکی سوود لە وانەکانی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە وەردەگرن.
٢. باشتر لە بایەخ و گرنگی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە تێدەگەن و دەزانن و فێردەبن گرنگی ئەم وانەیە لەچی دایە؟
٣. بیرۆکەی نوێ، داهێنانی نوێ، ئاستی خەیاڵکردنیان پێشدەکەوێت.
٤. ئێستا فێردەبێت خۆی بڕیار بدات چی بکات؟ چۆن بکات؟ بە چی بیکات؟

### بڕگەی خۆئامادەکردن

لەسەر مامۆستایە کاری هاوبەش ڕێکبخات لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا (کوران و کچان)، ئەوەش بەمەبەستی ئەوەی لەهەستی کارکردنی یەکتر تێبگەن و ئەزموون بکەن. هەرچەندە خوری کاری مێینەیە، بەڵام کورانیش ئارەزووی پێدەکەن، چونکە نەرمەو کارپێکردنی خۆشە. جا لەبەر ئەوە ‹ڕستن و چنین›، یان ‹کەزیکردن› وا لەقوتابی دەکات هەست بەئارامی زیاتر بکات، بەڵام بەومەرجەی مامۆستا کارێکیان لەبەرچاودا ئەنجام بدات.

## چالاکی یەکەم

مامۆستا بەرلەوەی وانەکە دەستپێبکات، پێویستە کەرەستەوشمەکی چالاکییەکە ئامادە بکات، وەک: کارتۆنێکی براوەی هاوشێوەی مێشولە، یان هەنگ، دواتر کەمەری کارتۆنەکە بەقوڵی (١سم) دەبڕێت بەهەرچواردەورییدا، ئنجا ڕەنگی دەکات لە دواییشدا بەدەزوو، یان بە خوری ڕووپۆشی دەکات، ئنجا بەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگ پەڕو باڵ و قاچ و چاوەکانی بۆ دروست دەکات، وەک لە وێنەکەدا دەبینرێت. ئەم چالاکییە بۆ منداڵەکان ئەنجام بدەو داوا لە قوتابییەکان بکە لەماڵەوە ئەنجامی بدەن و بزانن چیان پێدەکرێت؟



### ڕێنمایی پێویست

مامۆستا قوتابییەکان سەرپشک دەکات لەوەی دروستی دەکەنەوە. واتە گرنگ ئەوەیە مێشولە، یان هەنگ بێت، جا چۆنی دەکات قوتابییەکە ئارەزووی خۆیەتی و سەربەستیشە لەوەی چ جۆرە کەرەستەو شمەکێک بەکاردەهێنێت؟ لەهەمانکاتیشدا پێویستە دوای ئەوەی مێشولەکە دروستکرا جارێکی تر لەسەر کارتۆنێکی تر قایم بکرێت، تا ئاستی پارێزبەندی باش بێت و جوانتر دەربکەوێت. هەروەها قوتابی دەتوانێت پاشینەی شێوەکە، یان پەڕوباڵەکانی بەماجیک ڕەنگ بکات، تا جوانتر دەربکەوێت، وەک لەوێنەکەدا دیارە.

هەروەها ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی مەرجی سەرەکی کارکردنەکەیەو پێویستە قوتابیانی لێ ئاگاداربکرێتەوە. لە کۆتاییدا دەتوانرێت دوای تەواوبوونی سەرجەم کارەکان، وەک پرۆژەیەک نمایش بکرێن.

## چالاکی دووەم

مامۆستا هەندێک کەرەستەو شمەکی پێویست بۆ ئەم چالاکییە ئامادە دەکات، وەک: دارچلورە، خوری ڕەنگاوڕەنگ، مورو، تێلی ڕەنگاوڕەنگ. دوای ئەوەی دارچلورەکە بەشێوەی × لێکدەبەستێت و شێوەی پەڕوباڵی پێدەبەخشێت، ئنجا بە خوری رووپۆشی دەکات بەشێوەی ڕاست و چەپ (چنین)، دوای تەواوبوون لەکەمەربەندی باڵەکانەوە بەدەنی بۆ دروست دەکات و لە خواریشەوە بەمورو گرێیەکانی بەدەنی بۆ ساز دەکات. دواتر کەللە سەرو ریشووەکانی بەتێلی ڕەنگاوڕەنگ بۆ دەسازێنێت و شێوەیەکی جوان بە پەپوولەکە دەبەخشێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە.



### ڕێنمایی پێویست

مامۆستا ئەگەر ویستی چالاکییەکە لەپۆلدا بە قوتابییەکان ئەنجام بدات، ئەوا پێویستە پێشوەخت قوتابییەکان ئاگاداربکاتەوە لە ئامادەکردنی کەرەستەو شمەکی پێویست، وەک دارچلورە، یان هەرداریکی ئاسایی، یان مورو، چونکە ئەگەر وانەکات ئەوا بێگومان وانەکەی دوادەکەوێت و هەندێک لە قوتابییەکانیش بێبەش دەبن لە سازدانی چالاکییەکە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا لە پلاندانانda گورج و وریابێت و بە ئاگاییەوە پلانەکانی لا ڕوون و ڕۆشن بێت، تا بتوانێت وانەیەکی خۆش و سەرنج ڕاکێش پێشکەشی قوتابییەکان بکات و لەهەمانکاتیشدا چێژبەخشبێت.

## چالاکی سێیەم

دروستکردنی گوریس، یان بازنە. بۆ چنینی ئەم بازنەیە پێویستە هاوشێوەی ‹کەزی› خورییەکە بچنرێت و دواتر بەپێی پێویست درێژو کورت بکرێت، یان پان و باریک بکرێت، جا یان خڕبێت، یان پان ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئارەزووی کەسی دروستکەر.

مامۆستا هەندێک نموونەی چنراوی ئامادە دەخاتە بەردەستی قوتابییەکان، ئەگەر کراش خۆت دانەیەک لەبەرچاوی قوتابییەکان ساز بکەو دواتر داوایان لێبکە لەناوپۆلدا تاقیبکەنەوە. هەروەها لەکاتی جێبەجێکردندا سەردانی قوتابییەکان بکەو ڕێنماییان پێ بدە، هەرچەندە هەندێک لە قوتابییەکان زرنگن و بەئاسانی کارەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام هەندێکییان جۆرە ترسێک لەنێو هۆشیاندا هەیەو توانای دەستپێکردنیان لاوازە. لێرەدا ئەرکی مامۆستایە هاوکاری پێشکەشی ئەم جۆرە قوتابیانە بکات و کاریان بۆ ئاسان بکات، وەک لە وێنەکەدا دیارە.





### ڕێنمایی پێویست

- مامۆستا قوتابی سەرپشک دەکات لەسەر چۆنییەتی هەڵبژاردنی شێوەی کەزییەکە.
- مامۆستا ئەو قوتابییانە هاندەدات، کە دەزانن بچنن و ئەو قوتابیانەش فێربکەن، کە ناتوانن بچنن، ئەوەش وادەکات گیانی هاوکاریکردن لەنێو قوتابییەکاندا باشتر گەشە بکات.
- قوتابییەکان سەرپشک بکە لە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەدا.

## وانەی سێیەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: قوڕکاری (گڵێنەکاری)

وانە: دروستکردنی شێوەی جیاواز بە قوڕ

کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (مامۆستا دەتوانێت بەپێی کات پلان دابڕێژێت)



## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودی زانیاری

قوتابییەکان لە شێوەی بەرجەستە تێدەگەن و دەزانن سێ ڕەهەندی چییە؟

### سوودی کارامەیی

قوتابی شێوەی بەرجەستەی ناو ژیانی ڕۆژانەی خۆی دروست دەکاتەوە.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابی باشتر لەجاران لەکاری قوڕکاری تێدەگات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

### فێرکردنی پێشوەخت

مامۆستا ئەم پرسیارانە لە قوتابییەکان دەکات:

١. کێ دەتوانێت چەند کەرەستەو شمەکێکی لەقوڕ دروستکراو لەماڵەکەیاندا بۆ بژمێرێت؟

٢. بەچەند جۆر دەتوانین قوڕ بەکاربهێنین لە دروستکردنی شێوەی جیاوازدا؟

٣. مەبەست لە شێوەی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی چییە؟

٤. ئارەزوو دەکەیت بۆشایی ناوکارەکەت بەچی پڕبکەیتەوە؟ (نەخشدار، یان مارمارۆکە).

٥. حەز دەکەیت بەقوڕ چ جۆرە کارێکی هونەری ئەنجام بدەیت؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

مامۆستای بەڕێز... قوتابییەکان لە پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ پۆلی سێیەم – تەوەری سێیەم- وانەی یەکەم و پڕۆگرامی هونەر بۆ پۆلی پێنجەم – تەوەری سێیەم- وانەی یەکەم و دووەم و سێیەم بابەتی قوڕکاریان خوێندووە، بۆیە کاتێک باسی قوڕکاریان بۆ دەکەیت، باسی بابەتی شێوەی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندیان بۆ بکەو هەوڵبدە ئەم بابەتانەیان بیربخەوە



بەشێوەیەکی سادەو ساکار دووبارە یاداشتیان بجوولێنەوە. ئنجا بچۆ سەر وانەی تازەو لەنێو وانە تازەکەشدا دووبارە باسی ڕووگەی ڕووبەرز و چاڵکەوتوو بۆ قوتابییەکان باس بکەوە (وەک بیرهێنانەوە).

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

**چالاکی ناوپۆل**



لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابییەکاندا هەندێک فیلمی بەڵگەنامەیی، یان وێنەی ڕوونکاری پیشانی قوتابییەکان بدە. هەروەها هەندێک شێوەی دروستکراوی لەقوڕ بۆ قوتابییەکان نمایش بکە (گڵێنە).

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات یەکێک لە کارە بینراوەکان هەڵبژێرن و دووبارە دروستی بکەنەوە.

## یەکەی وانەکەو ناساندنی

**شێوەی ڕووبەرز:** شێوەیەکی ڕووبەرزی نائاساییە، ئەو شێوەیەی مەبەستە دروستبکرێت هەڵتۆقیوەو لە ڕووگە ئاساییەکە بەرزترە. هەندێکجار دووڕەهەندییەو هەندێکجاری تریش سێ ڕەهەندییە.

**دووڕەهەندی:** شێوەی دووڕوو، یان دووڕەهەندی، بە دووڕەهەندیش پێوانەدەکرێت (درێژی × پانی)، یان بریتییە لەو پانتاییەی، کە بە چەند هێڵێک دەورە دراوە.

**سێ ڕەهەندی:** شێوەیەکی سێ ڕەهەندییە (بەرزی × پانی × درێژی)، یان شێوەیەکی سێ ڕەهەندی پیشان دەدات و شوێنێک لە بۆشاییدا داگیر دەکات.

**هەڵکۆڵین:** لێگرتنێکی کەمە، بەمەبەستی دروستکردنی ڕووگەیەکی زبر.

**قوڵکردن:** بریتییە لە لێگرتنێکی زۆرتر، تا بەتەواوی شوێنەکە چاڵبێت و شێوەکە دەرکەوێت.

هەروەها مەبەست لە هەڵکۆڵین و قووڵکردن بریتییە لە دەستکەوتنی ڕووگەیەکی جیاوازو جۆراوجۆر. واتە ئەم ڕووگەیەی دەستمان دەکەوێت ئاستی بەرزی و نزمی دیاری دەکات و بەهایەکی جوانتر بە شێوەکە دەبەخشێت و واتای تەواو دەدات بە شێوە داواکراوە مەبەستدارەکە.



دروستکردنی ڕووگەی فرەجۆرو دەرخستنی شێوەی جیاواز

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

**ئامانجی یەکەم:** فێرکردنی ڕاستەوخۆ

مامۆستا چەند شێوەو کلێشەی هونەری بەرجەستە پیشانی قوتابییەکان دەدات، یان فیلمی بەڵگەنامەیی لەڕێگەی داتاشۆوە بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات، تا قوتابییەکان لە نزیکەوە لە داواکاری مامۆستا تێبگەن، وەک: شێوەی ئاژەڵی، گیایی، مرۆیی، یان پیشاندانی قاپ و گۆزەی جۆراوجۆر... دواتر داوا لە قوتابییەکان بکە بابەتێک هەڵبژێرن و بەقوڕ گوزارشتی لێبکەن، یان بەهەویری ڕەنگاوڕەنگ (بەومەرجەی شێوەکان سێ ڕەهەندی، یان دوو ڕەهەندی بن).





هەروەها مامۆستا شێوەیەک لەگەڵ قوتابییەکان دروست دەکات، بە شێوەی مارمارۆکە، یان پانکردنەوەو شیلان، یان قوولکردن و لێگرتن. مامۆستا بابەتێک هەڵدەبژێرێت و کاری لەسەر دەکات. بۆ نموونە دروستکردنی گۆزەیەک، یان قوریەک.



**ئامانجی دووەم:** کاری بەکۆمەڵ/ هەرەوەزی

مامۆستا قوتابییەکان دەکات بە چەند کۆمەڵەیەک و هەر کۆمەڵەیەکیش تیملیدەرێکی بۆ هەڵدەبژێرێت. دواتر کۆمەڵەکان سەرپشک دەبن لە هەڵبژاردنی هەربابەتێک. واتە هەر کۆمەڵێک بابەتێک هەڵدەبژێرن و بە هەرەوەزی بابەتێک دروست دەکەن. لێرەدا قوتابییەکان سەرپشک دەکرێن چ بابەتێک هەڵدەبژێرن؟ و بە چ شێوەیەک کاری تێدا دەکەن؟ و بە چ ڕێگەیەک کارەکە ئەنجام دەدەن؟



مامۆستای بەڕێز... هەوڵبدە لەهەموو وانەیەک، یان لەنێو تەوەرەکاندا هونەری ڕەخنەی بەراوردکاری لەگەڵ قوتابییەکانتدا ئەنجام بدەیت. لەهەمانکاتیشدا بەشێک لەوانەکەت تەرخان بکە بۆ ڕاڤەو شیکردنەوەی کاری هونەری، چونکە بەبێ ئەم تەوەرە وانەکەت هیچ بەهایەکی هونەری نابێت و هەروەک چالاکییەک وانەکە دێت و دەڕوات، ئەمەش ناچێتە خزمەتی پڕۆسەی پەروەردەی هونەرەوە، جا ئەگەر ئەم چالاکییە هونەرییانە بۆ باخچەی منداڵان و پۆلەکانی یەک و دوو و سێ کارێکی چێژبەخش بووبێت، ئەوا بێگومان بۆ پۆلەکانی چوارو بەرەو سەر پێویستە قوتابی ڕاڤەی کاری هونەری بکات و لەگەڵ چێژوەرگرتنەکەدا، تەنها وەک چالاکی تەماشای پڕۆسەکە نەکات.

مامۆستای بەڕێز... گومانی تێدانییە، کە مەبەست لەم پڕۆگرامە بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی و دیتنییەکانی قوتابییەو ئامادەکردنییەتی بۆ خوڵقاندنی تاکێکی بەرتەک و جوانکارو بیرجوان. لەهەمانکاتیشدا ئەم پڕۆگرامە مەبەستییەتی ئاستی زانیاری و کارامەیی و ویژدانی قوتابی لە دۆخێکی مامناوەندەوە بەرز بکاتەوە بۆ ئاستێکی زۆرباش، یان نایاب، کە ئەوەش وادەکات قوتابی فێری ڕەخنەگرتن ببێت، بەڵام چ جۆرە ڕەخنەگرتنێک، کە ڕێز لەکاری هونەری بگرێت و لە بەهای کاری هونەریش تێبگات و بێ بەهاش تەماشای نەکات.

هەروەها لەم دۆخەدا قوتابی فێردەبێت جیاوازی لەنێوان دوو شتدا بکات، جا ئەم دوو شتە هەرچییەک بن بۆ ئەو کێشە نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندن و پێشنیارکردنی باشترین، یان جوانترین، یان نایابترین بۆ ئەو جێگەی پەسەندە. هەروەها قوتابی نایەوێت بەگومانەوە بڕوانێتە کاری هونەری، بەڵکو لەنێوکارەکاندا ڕەچاوی پاکی و پوختی و هاوسەنگی دەکات و لەکۆتایشدا خۆی دەبێتە جێبەجێکەری ئەم سیستەمە، کە ئەوەش لەکۆتاییدا ئامانجی ئەم پڕۆگرامەیە.

# تەوەری پێنجەم



# خۆشنووسی

تەوەر: خۆشنووسی
بابەت: خەتی ڕوقعە
وانە: پەندی کوردی
کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە



مامۆستای بەڕێز...

ئەنجامدانی کاری خۆشنووسین ئەرکێکی بەرزی مرۆڤایەتییەو بەڕێزتان ئەنجامی دەدەن، هەروەک خۆشتان دەزانن ئێستا مرۆڤ بەرەو تەکنەلۆژیای نوێ هەنگاو دەنێ و ڕۆژ بەڕۆژیش ئەرکی پێنووس و کاخەز ڕووی لە کزییە، جا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان نووسینیان کوێرنەبێتەوەو لەڕووی خەتخۆشییەوە دەست و پەنجەیان هەر درەوشاوەبێت، ئەوا بێگومان پێویست دەکات مامۆستای پەروەردەی هونەر کەمێک خۆی لەگەڵ منداڵەکاندا ماندوو بکات، تا ئاستی جواننووسییان بەرەو پێشەوە بچێت و خامەی ڕەنگینیان کوێرنەبێتەوە.

هەروەها لەنێو میللەتانی دیکەشدا بایەخ بە فەرهەنگ و کەلتوری نووسین دەدرێت و وەک نەریتێکی میللی لێی دەڕوانرێت. جا بۆ ئەوەی منداڵی کوردیش خامەی بە خەتخۆشی بمێنێتەوەو دواتریش، وەک ئارەزووێک لەدڵ و دەروونیدا چرۆی پێ بکات، ئەوا بێگومان پێویست دەکات بە بایەخەوە لەم وانەیە بڕوانرێت. لەهەمانکاتیشدا وا لە قوتابی بکرێت، وەک هونەرێکی سەربەخۆ تەماشای کاری خۆشنووسین بکات، هەروەک چۆن تابلۆیەک دەکێشێت، یان ئامادەی دەکات و دواتریش ئەو بەهایە دەپارێزێت.

## بڕگەی خۆئامادەکردن

لە وانەکانی ساڵانی ڕابردوودا قوتابی فێری شێوازی قامیش، یان ماجیک گرتن بووە، ئێستە مامۆستا هەوڵدەدات شێوازی یاریکردن بەو ماجیک، یان قەڵەم سۆفتە بە قوتابییەکان ئەنجام بدات. هەرچەندە قوتابییەکان لەڕووی گەشەی ماسوولکەییەوە گەشەی باشتریان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قوتابییەکان پێویستیان بەچاودێری و ڕێنمایی زیاتر هەیە، تا باشتر لە دیدی مامۆستا نزیکتر ببنەوە.

بۆ ئەومەبەستە، مامۆستا، وەک هەنگاوی یەکەم چەند پەراوەیەک بەماجیک لەسەر وایتبۆردەکە ئەنجام دەدات و هەندێک لە وشەو پیت دەنووسێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گەورەو بچووکی وشەکان بە خەتی ڕوقعە. هەرچەندە وا سێ ساڵە قوتابی پرۆڤە لەسەر خەتی ڕوقعەدا دەکات و هەندێک زانیاری لەسەر پەیدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا کارئاسانی بۆ قوتابییەکان دەکات و ڕێنمایی دروستیان پێدەدات.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

### چالاکی ناوپۆل

- مامۆستا چەند زانیارییەک لەبارەی خۆشنووسێکی کورد بۆ قوتابییەکان باس دەکات و لەگەڵیشیدا وێنەی خۆشنووسییەکەی بۆ قوتابییەکان لەڕێگەی داتاشۆوە نمایش دەکات (وەک لە پرۆگرامەکەدا ئاماژەی پێکراوە).
- مامۆستا گرنگی و بایەخی خۆشنووسین و ناوەڕۆکی پەندە کوردییەکە بۆ قوتابییەکان ڕوونەدەکاتەوە.
- مامۆستا پەندە کوردییەکە کۆپی دەکات و دواتر بەسەر قوتابییەکانیدا دابەشی دەکات، ئنجا پێیان ڕادەگەیەنێت، کە بە قەڵەم سۆفت بەسەر نووسینەکەدا بچنەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی و ڕەختی لە جێبەجێکردندا. هەروەها پشوودرێژیش بن لە کاتی جێبەجێکردندا، چونکە خۆشنووسی پێویستی بە ئارامگرتن هەیە، تا کارەکەی بە جوانترین شێوە جێبەجێ بکات.

## وانەی یەکەم

جارێکی تر بە قەڵەم سۆفت بەسەر ئەم پەندە کوردییەدا[*] بچۆوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و هاوسەنگی.







[*] ئەم پەندە کوردییە لە نووسینی خۆشنووس و هونەرڤان ‹حمەدەمین عەبدوڵا مستەفا›یە، کە ناسراوە بە ‹ئەمینی›. ئەمینی لە ساڵی (١٩٧٠) لە ناودەشتی پشدەر لەدایکبووەو لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی یەکەم کاری خۆشنووسینی ئەنجامداوەو سەرسام بووە بە کارە فێرکارییەکانی خۆشنووسی عێراقی ‹هاشم ئەلبەغدادی›.

هەمان پەند بە قامیش، یان بە ماجیکی بڕاو بەسەر نووسینەکەدا بچۆوە:

هەتاکو ماوین ڕێزی یەک بگرین
وەکو دوو چاو بین بۆ یەکتر بگرین
یا وەکو دوو دەست لە هاریکاری
ئەشکی خەمباران لە چاوان بسڕین

هەتاکو ماوین ڕێزی یەک بگرین
وەکو دوو چاو بین بۆ یەکتر بگرین
یا وەکو دوو دەست لە هاریکاری
ئەشکی خەمباران لە چاوان بسڕین

## وانەی دووەم

جارێکی تر بە قەڵەم سۆفت بەسەر ئەم پەندە کوردییەدا بچۆوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پاکی و پوختی و هاوسەنگی.

چرکەی کاتژمێری گەور دەخولێتەوە
چک چک دارڕێی ژیان دەڵێتەوە
ڕۆژانی ڕابرد تازە لە دەست چوون
کار بۆ داهاتووت بڕندە بێتەوە

چرکەی کاتژمێری گەور دەخولێتەوە
چک چک دارڕێی ژیان دەڵێتەوە
ڕۆژانی ڕابرد تازە لە دەست چوون
کار بۆ داهاتووت بڕندە بێتەوە

هەمان پەند بە قامیش، یان بە ماجیکی بڕاو بەسەر نووسینەکەدا بچۆوە:






## فەرهاد یاسین



خۆشنووسی کورد «فەرهاد یاسین نادر» ناسراو بە «فەرهاد یاسین»، ئەم خۆشنووسە لە ساڵی (١٩٨٣) لەشاری هەولێر لەدایکبووە. بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٠٠٢) ئاشنایەتی لەگەڵ خۆشنووسی مەزنی کورد «ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئەربیللی» پەیدا دەکات و لەساڵی (٢٠٠٣)وە دەست دەکات بەخۆشنووسین (یەکەمجار نیگاری کێشاوە). شایانی باسە، ئەم خۆشنووسە لە دووتوێی کاری خۆشنووسیدا بەشداری چەندین پێشبڕکێی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانی کردووەو خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.












## خەلیل مەنتک



خۆشنووسی کورد «خەلیل ئەحمەد حوسێن» ناسراو بە «خەلیل مەنتک». خۆشنووس لە ساڵی (١٩٧٤) لە شاری هەولێر لەدایکبووە. بۆ یەکەمجار بە خەتخۆشییەکەی مامۆستا «سەباح ئەربیللی» سەرسام دەبێت و هەرئەوەش وای لێ دەکات لەساڵی (١٩٩٨)ـە وە کاری خۆشنووسین ئەنجام بدات. ناوبراو بەشداری لە چەندین پێشبڕکێی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیدا کردووەو لەسەرئاستی کوردستان دووەم و لە عێراق یەکەم و لەسەر ئاستی جیهانیش خەڵاتکراوە.










## ئایار ئەلپاشا



خۆشنووسی کورد (ئایار سەردار ساڵح ئەلپاشا) ناسراوە بە (ئایار ئەلپاشا). لە ساڵی (١٩٧٣) لە شاری هەولێر لەدایکبووە. بەشی خۆشنووسین و ڕازاندنەوەی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە هەولێر لە ساڵی (١٩٩٧) تەواوکردووە. لە ساڵی (١٩٩١) کەوتۆتە ژێرکاریگەری کوڕاسەکانی خۆشنووسی ناوداری عێراقی (هاشم ئەلبەغدادی)، ئیدی هەر لەو ساڵەوە کاری خۆشنووسین دەستپێدەکات. لەسەر ئاستی کوردستان و هەرێمی پلەی یەکەمی وەرگرتووەو لەسەر ئاستی جیهانیش بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.











# تەوەری شەشەم



# پرۆژە Project

تەوەر: پڕۆژە
بابەت: داڕشتن و پێکهێنانی پڕۆژە
وانە: پڕۆژەی بە کۆمەڵ
کاتی دیاریکراو: ٣ وانە

---

## The Collective Project    پڕۆژەی بەکۆمەڵ



ئەم وانەیە بە یەکێک لە وانە زۆر گرنگەکانی پرۆگرامی پەروەردەی هونەر دادەنرێت، چونکە قوتابییەکان فێردەبن پێکەوە بیرۆکەی یەکگرتوو دابڕێژن و بۆچوونەکانیان لەیەکتر نزیک بکەنەوە. لەهەمانکاتیشدا قوتابییەکان فێردەبن گیانی هاوکاریکردن لەنێوانیاندا گەشەپێبدەن و کێشەو گرفتە کەسییەکانیان وەلا بنێن و تەنها بیر لە سەرکەوتن و سەرخستنی پڕۆژەکەیان بکەنەوە.

مامۆستای پێشەنگ و زرنگ هەمیشە چاودێری قوتابییەکان دەکات و بە بیروبۆچوونی باش هاوکاری پێشکەش بە گروپەکان دەکات.

# پرۆژەی بەکۆمەڵ

